چیرۆک

# وێستگەی میترۆ و 22 ساڵ چاوەڕوانی

**باهۆز مستەفا**

ناوی کتێب : وێستگەی میترۆ و 22 ساڵ چاوەڕوانی

بابەت : چیرۆک

نووسەر : باهۆز مستەفا

پۆرترێت : قەرەنی جەمیل

نەخشەسازی ناوەوە : وشیار سەلام کەریم

بەرگ: شۆڕش غەفووری

بڵاوکراوەی : ماڵی کتێب و گرووپی هاڤی

چاپ : چاپی یەکەم

چاپخانە :

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٢٥)ی ساڵی ٢٠٢٠ی دراوەتێ.

# کۆلۆمبۆ

دوای 37 ساڵ لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی هەولێر گەڕامەوە، زۆر کەیف خۆش و سەرمەستی بینینی ئەم هەموو شتە تازەو مۆدێرنانە بووم، سەرم سوڕما، هەموو شتێک تازەبوو، فڕۆکە، پاس، ئۆتۆمبێل، پۆلیس، خزمەتگوزار، شەقام، فرۆشگا، تەکسی، پۆلیسی هاتوچۆ، خاوێنی شۆستە و لێواری شەقامەکان و پارکی گەڕەکەکان، پەرژینی بچووکی ماڵان و باخچە خنجیلانەکانیان، دیکۆری خانووەکانیان، جلوبەرگی خەڵکەکە، خودایە ئەم هەموو شتە چییە؟ بە شوفێری تەکسییەکەم گوت: خێرا بمگەیەنە گەڕەکی شۆڕش. شوفێری تەکسی بە ئینگلیزی گوتی: ببوورە، تێناگەم، دەتوانی بە ئینگلیزی قسە بکەی؟ ئاوڕێکی خێرام لە شوفێری تەکسییەکە دایەوە، شکڵ و فۆرمی دەموچاوی

له هی خۆمان نەدەچوو. بەئینگلیزی گوتم: برۆ گەڕەکی شۆڕش. گوتی: ناوی شەقامەکە چییە؟ ئەم جارە خەریک بوو توڕە دەبووم، گوتم: ئەوە باسی چی دەکەی کۆلانی چی! برۆ لای مزگەوتی شەهید سەباح، گوتی: ببوورە بێ ناوی کۆلان و ژمارەی ماڵەکە ناتوانم بیدۆزمەوە.

بە پێکەنینەوە گوتم: بەڕێز کاتی گاڵتەم نییە، ماندووم خێراکە بمگەیەنە شوێنی مەبەست.

گوتی: ببوورە من تۆ ناناسم چۆن گاڵتەت لەگەڵ دەکەم. سەیرێکم کرد، زۆر بەجدی قسەی دەکرد، هیچ چارەم نەما، کەوتمە بیرکردنەوە لە ژمارەی دەرگای ماڵەکەمان، خودایە چەند بوو؟ دوای ئەم هەموو ساڵە بیر لەچی بکەمەوە، لە ناکاو ژمارەی ماڵەکەی خۆمانم کەوتەوە یاد، کە ڕۆژێک بۆ قوتابخانە نووسیبووم، یەکسەر گوتم: زۆر باشە برۆ بۆ ژمارە (144 لەسەر 26 لەسەر 44) دەی زووکە، شوفێرەکە سەیرێکی کردم و لە قاقای

پێکەنینی دا، گوتی: ببوورە، ئەمە چییە کۆدی دەزگا سیخوڕییەکانە، یا هی هێرشی سەربازی؟!

گوتم: ئەمە ژمارەی دەرگاکەمانە، من زاکیرەیەکی زۆر باشم هەیە، شت لەبیر ناکەم، گوتی: ببوورە ئەم ژمارەیە یارمەتیت نادات، گوتم: باشە برۆ من خۆم پێت دەڵێم چۆن دەڕۆیت و بەکوێدا دەچیت.

شەقام، شەقام و کۆڵان بە کۆڵان ڕۆیشتین، تا نزیک ماڵەکەی خۆمانی جاران، هەر بە جارێک بڕوام بە چاوەکانم نەکرد، گوفەکەکەی سەری کۆڵانمان ببوو بە باخچەیەکی یاری منداڵان، زۆر جوان و چەند منداڵێک بەبێ دەنگ و قیژە قیژ یارییان تێدا دەکرد، سێ ئافرەت و پیاوێکیش لەسەر کورسی جیا جیا دانیشتبوون خەریکی خوێندنەوە بوون، لە دایک و باوکی منداڵەکان دەچوون، گوتم: لەم کۆڵانە برۆ ژووری، هەر لە سەری کۆڵانەکە دوو کچی چواردە پازدە ساڵان بە پێڵاوی بە تایە و شۆرت و تیشێرتێک پیاسەیان دەکرد، خوایە ئەمە

چییه، گەیشتینە بەردەرگای ماڵی کۆنی خۆمان، بەر لەوەی سەیری ماڵی خۆمان بکەم سەیری ماڵی مام زوبێرم کرد، کە ئەو کات خاوەنی چوار کچی زۆر جوان بوو، ژنێکی بیست ساڵ لەخۆ بچووکتریشی بۆ جاری دووەم هێنابوو، هەروەک کچەکانی جوان بوو، بۆیە ئەو کات دیواری ماڵەکەیان زیاتر لە دوو مەتر و نیو دەبوو، پەنجەرەکانیان بە بۆیەی سپی بۆیاغ کردبوو، کەنتۆرەکانیشی بە جامەکانەوە نووساندبوو، کەچی ئێستا دیواری ماڵەکەیان نیو مەترە و ئەویش بە درەختی مورتک پەرژین کراوە. سەیری ژوورەوەم کرد بەڵکو شتێک ببینم، ئافرتێکم بینی تەراکسودێکی ڕەشی تەسکی لەبەر بوو، لە ترسی مام زوبێر یەکسەر ڕووم وەرگێڕا، کەچی زۆریش حەزم دەکرد سڵاوێکی لێ بکەم، دواتر لەبەرخۆم گوتم: ئەو شەرمنە چۆن سڵاو وەڵام دەداتەوە، یا دێتە دەرەوە، دواتر هەستم کرد لە دوامەوە وەستاوە، خۆم پێنەگیرا و ڕووم وەرسووڕاند. ئەوە چی بوو! کچێکی چاو شینی سپی قژ زەرد، دەم

بەخەندە بە ئەڵمانی پێی گوتم: بیتوشون (فەرموو)، ویستم بە ئەڵمانی وەڵامی بدەمەوە لە خۆشیان لێم تێکچوو بە عەرەبی وەڵامم دایەوە، پاشان ئاورێکی ماڵی خۆمانم دایەوە، بەهەمان شێوە شتێکی تر بوو، لەو کاتە پیرەژنێک بە ئۆتۆمبێلێکی بێ سەقف (کابریۆ) دەگەڕایەوە ئەو ماڵەی بەحیساب ماڵی ئێمە بوو. لە کچە قژ زەردە تەراکسود ڕەشە جوانەکەم پرسی: ئەوە ماڵی ئێمە بوو، ئێستا ئەوانە هاتوون، نازانی ماڵی ئێمە، یا دراوسێکەمان بۆ کوێ چوون، یا لە کوێن؟ کچەکە گوتی: ببوورە من ئەوە پێنچ ساڵە لێرەم هەر ئەوانە دراوسێمانن. گوتم: چۆن ئێوە چی دەکەن لێرە؟

گوتی: من لە کۆمپانیای مایکرۆسۆفت کاردەکەم، پیاوەکەشم ئەندازیارە لە کۆمپانیای بەرهەمهێنانی وزە لە تیشکی خۆر، ئەو ژنەی بەرانبەرمان بەڕێوەبەری ئاسایشی شارەکەمانە، خەڵکی وڵاتی (لیشتنشتاین)ـە دراوسێی سویسرا. گوتم: باشە من چۆن ماڵی خۆمان

بدۆزمەوە؟ گوتی: بوەستە ڕێبەری تەلەفۆنەکانت بۆ بێنم، بەڵکو لەوێ بیاندۆزیتەوە. سەیری ڕێبەری تەلەفۆنەکانم کرد، نەک هەر ناوی خێزانی ئێمە، بگرە هەر یەک ناویش لە ناوەکانی ئێمە نەدەچوو. لە کچە باڵابەرزە قژ زەردەکەم پرسی: باشە چی بکەم چۆن دەتوانم کەسوکارم بدۆزمەوە؟ گوتی: بڕۆ بۆ ئەلیکترۆ ئینفۆرمەیشن (پرسگەی زانیاری ئەلیکترۆنی) لە نزیک زانکۆی گلۆباڵ. گوتم: ئەمە چییە و لە کوێیە؟ شوفێری تاکسییەکە هێشتا هەر لەوێ وەستابوو جەنتاکەشم هەر لە سندوقەکەیدا بوو، گوتی: وەرە من دەزانم لەکوێیە. بە کۆڵانە پان و بەرینەکان بەرەو شەقامی کۆنی شەقڵاوە، بەڵام ئەوە نەبوو ئەوەی من بەر لە سی و حەوت ساڵ بینیبووم، شەقامەکە لە هەردوو بەرەوە بە درەخت داپۆشرابوو، ڕووبارێکی بچووک بە لێواری شەقامەکە دەڕژایە خوارەوە. لە شوفێری تاکسییەکەم پرسی: ئەم ئاوە لە کوێ دێت و سەرچاوەکەی بیری ئاوە؟ پێکەنی و گوتی: هیچ ڕووبارێک هەیە سەرچاوەکەی بیری ئاو

بێت؟! ئەوە لە دەریاچەی باکوورەوە دێت، نزیکەی پازدە بیست کیلۆمەترێک لێرەوە دوورە، هەر لە دارستانی ڕۆژئاوا دەردەچێت دەگەیتە دەریاچەکە، پێی دەڵێن پڕۆژە خێراکە، چونکە بە کەمترین کات ئەم دەریاچەیە دروست کرا. دەباشە با بڕۆینە ئەو شوێنە ئینجا پیاسەیەکی ئەم ناوچەش دەکەم. هەر ڕێک لە جێگەی نەقلیاتی کۆنی تەیراوە دوو باڵەخانەی بەرز لە ناوەڕاستی باخچەیەکی گەورە و گەراجێکی مەزنی ئۆتۆمبێل، بەڵام هەموو بیست ئۆتۆمبێلی لێ نەوەستابوو، لە تابلۆکەی دەرەوە نووسرابوو: ئەلیکترۆ ئینفۆرمەیشن.

بە شوفێرەکەم گوت: بوەستە تا دەگەڕێمەوە، لە دەرگای سەرەکی چوومە ژوورەوە کەس دیار نەبوو پرسیاری لێ بکەم، لەوسەر ژوورێکی بچووکی لە شووشە دروستکراو دیاربوو، نیشانەی سەرسوڕمانی لەسەربوو، نووسینێکیش هەڵواسرا بوو، نووسرابوو:

هەر پرسیارێکت هەیە پەنجە بەم دوگمە سەوزەدا بنێ. پەنجەم بە دوگمە سەوزەکە نا. دەنگێکی ئامێری ناخۆش گوتی: فەرموو چۆن دەتوانین یارمەتیت بدەین؟

گوتم: من چەندان ساڵە لێرە نیم ناتوانم کەسوکارم بدۆزمەوە. گوتی: چوویت بۆ لای پۆلیس؟ نەخێر. کەواتە برۆ نهۆمی یەکەم ژووری ژمارە نۆ. چوومە ژووری ژمارە نۆ، بە هەمان شێوە نووسرابوو پەنجە بەم دوگمە سەوزەوە بنێ. پەنجەم پێوەنا دەرگا شووشەکە کرایەوە، دەنگە ناخۆشەکە لەوێشبوو، گوتی لەسەر ئەم کورسییەی بەرانبەرت دانیشە، هەردوو دەستەکانت بە کراوەیی بخەرە سەر ئەم جامەی بەردەمت، دەستەکانم دانا، یەکسەر گوتی: ناوت ئەبدولکالک ئەبدولسەلام ئەبدوللا، نازناو ئاگرین، لە 1968/7/1 لە گوندی ئاقوبانی خواروو لە دایک بووی، ساڵێک لەلایەن پۆلیسی ئێرانییەوە بە هۆی قاچاخی دەستگیر کراویت، سێ ساڵ لە پاکستان ماویتەتەوە، لە کاتی حەجکردن لە

سعودیە سێ مانگ لەسەر خۆخشاندن بە ژنان گیراویت، لە دوبەی بە پاسەپۆرتی ساختە چوویتە سەنگاپوور، لەوێ بە ڕەش سێکست لەگەڵ ئافرەتان کردووە و پێنچ ساڵ زیندانیکراویت، پاشان بە قاچاخ ڕۆیشتوویتە نیوزلەندە لەوێ چوویتەتە زانکۆ، ئەدەبیات و فەلسەفەی ئاینەکانت تەواوکردووە.

گوتم: ئەو قسە قۆڕانە چییە بۆ منی هەڵدەبەستی؟ گوتی: ببوورە ئەمە دۆسیەی جەنابتانە، داواکاریتان چییە؟ گوتم: کوا خەڵکی ئێمە، ئەمە وڵاتی ئێمەیە، ئێوە چی دەکەن لێرە؟ گوتی: ببوورە ئێمە ئەم وڵاتەمان بۆ ماوەی پەنجا ساڵ بە گرێبەست وەرگرتووە و بە چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان گرێبەستمان لەگەڵ کردوون، بە پێی ڕێککەوتنەکەش ئەم خەڵکەمان ناردووە بۆ دوورگەیەک لە وڵاتی سریلانکا و هەموو شتێک کە داوایان کردبێت بۆمان دابین کردوون، ئێمە چوار ملیۆن و هەشت سەد هەزار و پێنچ سەد و حەفتاو پێنج

کەسمان گواستووەتەوە، هەر خێزانێک خانووی خۆی هەیە، هەر زوگورتییەک ژووری خۆی هەیە، لە هەر کۆڵانێک مزگەوتێک و چێشتخانەیەکمان دروست کردووە لەگەڵ هۆڵێکی گەورە بۆ خەوی نیوەڕۆیان! هەروەها دابینکردنی شوێنی یاری بەپێی ئارەزووی ئەوان، بۆ نموونە دامە، تاوڵە، سێکوچکانێ، کێلەبەردانێ. زەوییەکی فراوانمان دابین کردووە بۆ ڕاوکردن، تەنها یەک داواکاریمان ڕەتکردەوە ئەویش چەک و تەقەمەنی بوو، ئەویش لەبەر سەلامەتی خۆیان بوو. گوتم: ئێمە خوێنمان ڕشتووە ئێوەش هاتوونەتە سەر حازری و ئەو خەڵکەتان دەربەدەر کردووە. گوتی: کەواتە تۆ تاوانباری بە کوشتن و خوێنڕشتنی کەسانی تر، دەبێت لێکۆڵینەوەت لەگەڵ بکرێت، بزانین بۆ خوێنت ڕشتووە و خوێنی کێت ڕشتووە. گوتم: من تاوانبار نیم، من پێشمەرگە بوویمە. گوتی: ببوورە ئەم وشەیە ناسراو نییە لە نێو ئەم سەد و پەنجا زمانەی من قسەی پێدەکەم. گوتم: تۆ نازانی پێشمەرگە چییە؟! نەخێر. باشە

من دژی ڕژێم جەنگاوم و لە شاخەکان چەکم هەڵگرتبوو. گوتی: کامە ڕژێم؟ ڕژێمی بەعس. ببوورە ناسراو نییە. گوتم: دژی حکومەتی ئەوکات. گوتی: کەواتە تۆ لە دەرەوەی یاسا شەڕت کردووە و سروشتی ئەم ناوچەیەشت شێواندووە، ئەمەش دەچێتە خانەی تیرۆر، بە پێی یاسای دژە تیرۆری جیهانیی هەر کەس و لایەنێک دژی حکومەت و دامودەزگاکانی دەوڵەت شەڕ بکات دەچێتە خانەی تیرۆر و هیچ بیانوویەکیشی بۆ نییە، بۆیە دەبێت جەنابتان دەستگیر بکرێن و لێکۆڵینەوەتان لەگەڵ بکرێت. گوتم: باشە مۆڵەتم بدە تەنیا تەلەفۆنێک لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەم بکەم. گوتی: باشە پێنچ خولەکت هەیە بۆ قسەکردن، سەیری ئەم شاشەیەی بەرانبەرت بکە وا پەیوەندیان پێوە دەکەم. دوای چەند چرکەیەک، ئەرێوەڵڵا ئەوە دایکمە: دایە گیان چۆنی باشی من عبدولخالقی کوڕی تۆم، باوکم، براکەم، خوشکم چۆنن؟ زۆر بە بێ تاقەتی وەلامی دامەوە: کوڕی خۆم ئەوە لە کوێی، ئێمە

شانسمان نەبوو لەگەڵ هاتنمان ژیانمان تێکچوو، باوکی نەفرەتیت لە تەمەنی شەست ساڵی دوای ئەو کچە ڕەشە سریلانکییە منداڵە کەوت و ڕۆیشت، دەڵێن چۆتە کۆلۆمبۆ و لەوێ گاوانی دەکات، لای خۆشمان دەیگوت باپیرە گەورەم ئاغا بووە عەیبە ئیش بکەم، هەر دەیخوارد و دەیکرد. برا بەدبەختەکەشت بە پێچەوانەی هەموو دنیا هەڵساوە هەردوو کچی مام زوبێری کۆنە دراوسێمانی هەڵگرتووە و لەم دارستانە چڕانە خۆی شاردۆتەوە. منیش خۆت دەزانی لەو ڕۆژەی لەدایکبوومە بێ بەختی بەرۆکی گرتوومە، پێش ماوەیەک ژنەکانی دەوروبەرمان بە حیسابی لای خۆمان گوتیان با بچینە سەر ئەم چەمە، بەڵکو کەنگرێ ڕێواسێ شتێ بدۆزینەوە، کەچی ئەو شوێنە پڕ بوو لەو دەعبایانەی خەڵک پێیان دەڵێن تیمساح، پەلاماری ئێمەیان دا، پۆلیس نەهاتبا هەمووومانیان دەخوارد، قاچی ڕاستی منیان لێکردەوە و پوورە بەسێی فەقیریش نەیتوانی ڕاکا پارچە پارچەیان کرد، نازانم ئەو

بەستەزمانە چۆن حەشری دەکرێ. ئێستاش من و خوشکەکەت لە ماڵی خۆمانین، ئەم دوو برایە قوڕبەسەرانەشت بە خێری خۆیان خزمەتمان دەکەن! دوو سەری زلی دەموچاو ڕەش هاتنە سەر شاشە، وامزانی شاشەکە سووتا، کەچی دوو کەتە پیاوی سریلانکی بە خۆیان و شۆرت و قەمیس و نەعلێکی ئیسفەنج بەیەکەوە بە کوردییەکی شلۆق گوتیان: هەلۆ ئەبدول، سڵامو ئەلەیکوم، خەمت نەبێ دایک و خوشکت ئەمانەتی ئێمەن. شاشەکە کوژایەوە و منیان برد بۆ زیندان.

**2009/10/10**

## ماڵەکەم نیشتمانمە

بەخێربێیتەوە دەمێکە چاوەڕوانی ئەو ساتە بووم، بە جددی بیرم دەکردی، ئەوە چەند دەبێ یەکترمان نەبینیوە؟ سی ساڵە؟ تەمەنێکە فەرموو، فەرموو...

بوەستە یەک دەقە، با سەیرێکی باخچە جوانەکەت بکەم، ئەوە چ جۆرە دارێکە، کاستانیا نییە؟ بەس کاستانیا و دار چنار وا بەرز و پەرش دەبنەوە و سێبەری زۆریان دەبێ.

ڕاست دەکەیت، ئەوە داری کاستانیایە تایبەت بۆم هاتووە، ئەوە چۆنت زانی؟

سەیرکە تا ئێستا نە کەس زانیویەتی ئەم دارانە ناویان چییە و نە کەسیش پرسیاری کردووە! برادەری نزیک،

بەس دڵسۆزیی نییە، بەڵکو ڕۆشنبیریشیان لە یەک نزیکە وەک یەک شتە جوانەکان دەبینن.

مادام حەزت لەو شتانەیە، وەرە با پیاسەیەک بە نێو ماڵەکەم بکەین، قەناعەت بکە پلە و پۆستەکەم ئەوندەی ئەو باخە لا گرنگ نییە ، ئەو دارە مارۆنییە، پێیدەڵێن پێرپل دە تا دوازدە مەتر بەرز دەبێتەوە، ئەوەی دواوە هەموویان کاستانیایە، بەڵام ئاوی زۆری پێویستە، چونکە ڕەگەکانی زۆر و گەورەن، سەیرکە ئەو سۆندەیە دەبینیت؟ ئەوە لەگەڵ چاندن لە ژێرەوە دایدەنێن و ئاوی تێدەکەین تا یەکسەر ئاو بگاتە ڕەگەکانی، ئەوەشیان داری ئەمبێیە، نازانم بە کوردی چی پێدەڵێن، ئەو جۆرە زیاتر لە شەقام و پارکەکان دەچێندرێت، چونکە بە ڕاست و ڕێکی بەرزدەبنەوە و سێبەریان هەیە، کالیپتۆز زوو گەورە دەبێ بەس جوان نییە، بە کورتی نزیکەی دوو ملیۆن دارم لە دوو سەد جۆر چاندووە، ئەوەی ڕاستی بێ لە سەفەرەکانم ئەم بیرۆکەیەم بۆ دروست

بوو، بەتایبەتی پارکەکانی بەرلین و سان مارینۆ و مەدرید، زۆر سەرنجیان ڕاکێشام لەو ماوەیەی کە بە شاندی سیاسی دەچووم.

تەماشا بکە بەینی پەرژین و دارەکان دوو مەترم جێهێشتووە، بەس نایشارمەوە ئەو بیرۆکەیە هی خۆم نییە، ئەم دوو مەترە بۆ ئەوە باشە لە مەترسی سووتان دوورت دەخاتەوە، هەروەها بۆ وەرزش کردن ڕۆژانە جارێک بە دەوری باخەکەم دەسووڕێمەوە، نزیکەی دە کیلۆمەترە، بزانە مەترێکی ڕێگەکە هەر خۆڵە بۆ ئەسپ سواری، یا بە پێخواسی بڕۆی زۆرباشە.

با هەر لەسەر ئەوە باسی باخچەوانێکت بۆ بکەم، زۆر هاوکاریم کرد، پێشتریش لە شاخ لەگەڵ خۆمان بوو، ئەوە خۆت دەزانی لێرە هەموو پێویستییەک بۆ خزمەتکردنی باخچەکە لەبەردەستدایە، ئەو پیاوە چووە دارێکی موتربە کردووە، لە جیاتی بە تێپی تایبەتی بیپێچێتەوە، کەچی لاستیکی بەکارهێناوە! تو شەرەفت

حەقی دەرکردنی نییە؟ با شتێکی سەیرترت پیشان بدەم، ئەو مەلەوانگەیە دەبینی، هەروەها ئەو دەریاچەیە دەستکردی پشتەوەش دەبینی ئەوە سەد مەتر درێژە و هەشتا مەتریش بەرینە، ئەوە بۆ کۆکردنەوەی ئاوی باران، یا کاتێ ئاوی مەلەوانگەکە دەگۆڕین بۆ ئەوەی بە فیڕۆ نەڕوات دەرڕژێنینە ئێرە، هەروەها ئاودان هەر بەم ئاوە دەکرێت، چونکە ئاوی خواردنەوە کلۆری تێدایە بۆ ئاودان باش نییە، ئێ بگەڕێمەوە سەر ئەسڵی مەسەلەکە، کاکم چووە مزەخەکەی خستۆتە ناو مەلەوانگەکە و خەریکی ئاودانە! جا وەرە ئیش بە کەری وا بسپێرە؟ دەزانی ڕقی دنیام لەوانەیە کاری خۆیان بە جوانی ئەنجام نادەن. بەهەر حاڵ، گڵۆبەکانی ناو باخچەکە زۆربەیان بە تیشکی خۆر کاردەکەن، جادەی ئۆتۆمبێلی ناو باخچەکە هەر هەمووی بەردە، دەزانی لۆ؟ چونکە بەرد تەمەنی درێژترە، هاوینانیش وەک قیڕ گەرم نابێ، دەزانی بەهۆی ئەم دار و ئاوەوە پێنچ پلە گەرمی دابەزییەوە! شتێکی گرنگترت پێ بڵێم، پازدە جۆر بلبلم

له نێو باخچەکە بەرەڵڵا کردووە، بەیانیان وەک سیمفۆنیا دەخوێنن. ئینجا وەرە با بچینە ژوورەوە کافێیەک یا ئێسپرێسۆیەکی ئیتاڵی بخۆینەوە، تازە بۆم هاتووە.

له بەردەم دەرگای چوونە ژوورەوە دوو پەیکەری شێری لە برۆنز دروستکراو لە ڕاست و چەپ دانرابوون، لە مەمەڕەکە دوو ئاوێنەی گەورە، هۆڵێکی گەورە و چوار جۆر قەنەفەی ناوازەی کلاسیک، دیوارەکان زۆری ڕووت بوون، تابلۆیەکی ئایەتەلکورسی هەڵواسرابوو، لەگەڵ تابلۆیەکی شاخوداخ و تابلۆیەکی چینی، هەروەها تابلۆیەکی گەورەی باوکی، دیاربوو هونەرمەندێکی دەست ڕەنگین دروستی کردبوو، بەڵام ناوی لەسەر نەنووسرابوو. لە دواوەی هۆڵەکە ژووری کارکردنی بوو، مێزێکی ساجی گەورە بە هەموو کەرستەکانی وەک دەفتەری پلانی ڕۆژانە و مەستەڕەیەک، قەڵەمی نایاب و قرتەو کونکەرو مۆر..تاد.

هەروەها کاتژمێرێکی کۆنی گەورە لە گۆشەکەی ئەوبەر دانرابوو، ئاوێنەیەکی لاکێشە لە تەنیشت کاتژمێرەکە بوو، لەسەر زەوییەکە مافوورێکی کاشانی ئێرانی و لەسەر ئەویش فەروێکی ورچی سپی ڕاخسترابوو، هەروەها لەسەر مێزێکی بچووکی گۆشەی ئەوبەر فەرهەنگێکی زمانی ئینگلیزی - کوردی و چەند پەڕێک دانرابوو. لە گۆشەی مێزەکە تابلۆی (هاوار)م بینی زۆر دڵخۆشبوو، کە نزیک بوومەوە بینیم ساڵنامەیە بە دیاری بۆی هاتووە! ئێسپرێسۆیەکەی لە فنجانێکی فەخفوری کۆنی زۆر جوان بۆ هێنام.. فەرموو قاوە لە فنجانی ناپلیۆن بخۆرەوە!

ناپلیۆن؟ ئەوە چۆن پەیدات کردووە؟ هههههە شتی جوان لای من دەست دەکەوێت. پێم بڵێ تۆ خەریکی چی و ئەو هەموو ساڵە چیت دەکرد لە دەرەوە؟

ڕاستییەکەی خەریکی ئیشوکار بووم، دواتر بە هۆی نەخۆشییەوە وازم هێنا و ئێستا لەگەڵ گرووپێکی

کولتووری خەریکی سازدانی بۆنە و کۆڕ و کۆبوونەوەین لەگەڵ نەتەوەکانی تر، شوقەیەکی پەنجا مەتریم هەیە لە شارێکی بچووک و هاتوچۆم بە پێیە.

هەر ئەوەندە؟ سی ساڵە لە دەرەوەی کوا بڕوانامە، کوا سەروەت و سامان؟

زۆر تووڕە بووم، بەڵام بێ نیشاندانی ئەو تووڕەییە، ئێ باشە خۆ ئێمە لەوێ ناتوانین بازرگانی گەورە بکەین و سامان زۆر کۆبکەینەوە، پاشان خەڵک هەر زۆر کەم بیر لەم شتانە دەکەنەوە، بە گشتی بڕوایان بەو جۆرە ژیانە نییە، قەناعەتیان بەو ژیانە هەیە کە دەیگوزەرێنن، ئینجا مرۆڤ نابێ هەر بیر لە خۆی بکاتەوە، لەوێ ئەرکی ترت هەیە و هاوسۆزیی لە نێوان هاونیشتمانیان هەیە. بۆ نموونە بەڕێوەبەری گشتی وەک فەرمانبەرێک ئەرک و مافی هەیە، تەنیا مووچەکەی زیاترە ئەویش ئەگەر پسپۆربێ.

باخچەکەت زۆر جوانە، بەڵام دەبوو هی هەمووان بووایە، یاخود لە دەرەوەی ماڵەکەی خۆشت، شوێنی ئاوهات دروستکردبا، بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە هەژارەش سوودیان لێ وەرگرتبایە، هەروەها جەنابتان ڕقتان لەوەیە کە یەکێک کاری خۆی نەکات، ئەی بۆچی سەیرێکی دەوروبەر و کارمەندانی دەرەوەی خۆت ناکەیت، بزانە کەس بە کەسە، لێپرسینەوەت لە کەسێ کردووە لەسەر گلەیی هاونیشتمانیان وەک ئەوەی باخچەوانەکەت؟ ئەو ڕۆژە بە ڕێکەوت ڕۆیشتمە بەڕێوەبەرایەتییەک، بەس خودا دەزانێ چۆن کاردەکەن، هاووڵاتی ئاسایی حیسابی سۆتەکەی جگەرەشی بۆ نەدەکرا، ئەگەر کەسێک نەناسیت ئاسانترین کارت بۆ ناکەن، تکایە فریای ئەو خەڵکە بکەون، تا درەنگ نەبووە، هەموو شوێنێک لەم وڵاتە بۆ تۆ کراوەیە، تۆ هیچ پێویستیت بە پەرژینکردنی زەوی نییە بەڕێزم، وڵاتی خۆتە بۆ گومان دەکەی؟

هههه برام دیاره بۆ شەڕ هاتوویتەوە، هەر چەندە کاتم کەم ماوە، بەڵام من ئەوەندەم پێ دەکرێت و کرایە، ئێوەی ڕۆشنبیریش لە جیاتی قسەی گەورە بتوانن خەڵک ڕۆشنبیرکەن، من پاسەوانی یەکە بە یەکەی ئەو خەڵکە نیم، ئەوانیش با بتوانن خۆیان چاک بکەن، خۆ ئاژەڵ نین، خوا هەمووومانی وەک یەک دروست نەکردووە! پاشان هەر کەسێک ماڵەکەی خۆی جوان نەکات ناتوانێ نیشتمانەکەشی جوان بکات، من بۆ ئەوەی بتوانم خزمەت بکەم پێویستیم بە شوێنێکی خۆش و بە ئیسراحەتە، دەبێ شوێنێکت هەبێ نیشانی میوانی بیانی بدەیت، تا بڕوات پێ بکات و هەست بکات ئارامی هەیە و ئەو ماڵە جوانە بە ئاسانی خراپ ناکەین، هەموو سەرکردە و سەرۆکەکانی دنیا وابوونە، مەگەر یەک دوو کەر نەبێ ئەوانیش جگە لە دوو لاپەڕەی کاغەز زیاتر کێ باسیان دەکات؟ برام تۆ کەسێکی خۆشەویستی بەخێربێیت، بەڵام من تاقەتی ئەو قسە بێ سوودانەم نییە، ئەوە ئیشی ڕۆژنامەنووس و بێ

ئیشەکانە، من کۆبوونەوەم هەیە لەسەر بابەتی زۆر گەورەتر لەو قسانە، جا ئەگەر دەتەوێت بمێنیتەوە لەو وڵاتە و وەک ئێمە خزمەت بکەیت، ئەوا ماڵ و حاڵ و کارێکی شایستەت بۆ دابین دەکەم، ئەگەریش نا بڕۆ لۆخۆت لە درەوە هەر خەریکی گلەیی و جنێودانبە!

ئاخر من، وەک ئێوە، مەسەلەی ئازادی تاک و بەو شێوەیە، خەڵک کێشەی زیاتر، چۆنییەتی کارکردن، ماف....برا پێویست ناکات تێکەڵیکەیت و مشەوەش بیت، تێگەیشتم، بەیانی هەموو شتێکت بۆ دابین دەکرێت. ئاخر دەمەوێت یەک دوو شت ڕوونکەمەوە و ....

کاتێکی خۆش.

**2018/6**

## له فەیسبووکەوە بۆ جاسووسی ژمارە 1

ئەو ئێوارانەی کەمێک پارەم لە گیرفانبایە، شۆڕمدەکردەوە و هەر لەسەر ڕێگاش چارەگێک ئۆزۆی زیادم دەکڕی، چونکە پارەکەم هەر بەشی چارەگێک و ئاوێکی دەکرد، بێ مەزە! بە خۆشم حەزم لە چارەگ و نیو، دوو چارەگ بوو، کەمتر لەوە سوودی نەبوو خواردنەوە! لە پەنایەک بە تەنیا دادەنیشتم، چونکە کەس حەزی نەدەکرد لەلای دابنیشم، چ ئەوانەی دەیانناسیم چ ئەوانەی نایانناسیم، هەر لە وەڵامدانەوە و سڵاو دیاربوو، زۆرجار بە دەنگی بەرز دەمگوت: ئێوارەتان باش؟

لە دە کەس یەکێک بە سەری لموزی وەڵامی دەدایەوە و دەیگوت: سڵاو، یان ئەهلەن! ئەویش بە ناچاری، چونکە

لەو کاتە سەری بەرزکردبۆوە، بۆ ئەوەی بانگی گارسۆنەکە بکات!

ئەو ڕۆژە لە مێزێک بە تەنیا دانیشتم نەمزانی چ بکەم، مۆبایلەکەم دەرهێنا و سەیری وێنەکانم دەکرد، لە ناکاو هەستم کرد هێڵی ئینتەرنێتم هەیە، مۆبایلەکەم زۆرباش بوو، هەر هێڵێک لە دەوروبەرم کراوەبا یەکسەر وەریدەگرت! تەماشای مێزەکەی تەنیشتم کرد، کەس بە کەس نییە و هەرایە، دووکەڵ مێزەکەی داپۆشی بوو، دە کەس و دە جگەرە داگیرساوە، دیاربوو هەندێکیان لە مشەوەشی دوو جگەرەیان داگیرساندبوو، یەک لە نێوان پەنجەکان و یەکێک لە نێو تەبڵە جگەرەکە!

هەر زوو فەیسبووکەکەم کردەوە، دەستم کرد بە لایک کردن بۆ فرێندەکانم، ویستم شتێک بنووسم هیچم بۆ نەهات، ناچار یەک دوو وێنەی سێڵفیم گرت، پێش ئەوەی پۆستی بکەم ئاوڕم دایەوە، بینیم هەر دە کەسەکەی مێزی لای چەپم سەیرم دەکەن، خۆم وەک

سینەما هاتە بەرچاو، دوایی گوتم نا سۆزیان جولاوە و ڕەنگە بانگم بکەنە لای خۆیان؟ خەندەیەکم بۆیان کرد، یەکێکیان دیاربوو زۆری خواردبۆوە دەموچاوی تاریک ببوو، بە زحمەت دەتتوانی بزانی دەموچاویەتی یا پشتی سەری، گوتی: برادەر تکایە وێنە مەگرە، ئەوەیش کە گرتووتە ڕەشی بکەرەوە!

مرۆڤی سەرخۆش لای من زۆر خۆشەویستە، چونکە ئەو ساتە بێ گوناهترین بوونەوەرە، ئامادەیە لەسەر سادەترین شت، گەورەترین کێشە دروست بکات، خۆشم هەروام.

گوتم: بەسەر چاو، بەڵام وێنەی مێزی ئێوە لە نێو ئەو هەموو دووکەڵ و قەرەباڵغییە هەر دەرناچێ، دەڵێی سواری پەستە کۆنەکان بووینە، دە کەس لە مێزێک! ڕووم وەرگێڕا، گەوادینە.

بەیانی وەک ڕۆژانی پێشوو چوومەوە مێزەکەی جاران، دەبینم مێزە قەرەباڵغەکە دوور خراوەتەوە، هەمووشیان

بەیەکەوە چاودێریم دەکەن، وەک جاران خەندەیەکم بۆ کردن و دانیشتم. مۆبایلەکەم دەرهێنا، خەتی ئینتەرنێتم زۆر خراپ و بێ هێز بوو. پێش کاتژمێرێک وێنەیەکم بە هێڵی ئینتەرنێتی دراوسێکەمان پۆست کردبوو، حەزم دەکرد بزانم چەند لایکم بۆ هاتووە. بە هێواشی مێزەکەم گواستەوە نزیک مێزەکەی لای چەپم! کەس ئاگادار نەبوو. خەریکی فەیسبووک بووم نزیکەی بیست لایک و شەش کۆمێنتم بۆ هاتبوو، چاوەڕێم دەکرد ببێتە سی چل لایک و بیکوژێنمەوە، چونکە قەناعەتم بە پەنجا لایکێک دەهات، فرێندم زۆر نەبوو، هەروەها ئێوارە سی لایکت بۆ بێ حەتمەن تا شەو دەگاتە پەنجا! ئەگەر زیاتریش بێت ئەوە باشتر! لەم بەینە خەتی ئینتەرنێتم نەما، ئاوڕم دایەوە، زۆر سەیر بوو! مێزەکەی لای چەپم کەسی لێ نەمابوو! چاوم گێڕا، لە زاویەکەی ئەو سەر یەکێکیان وەک جوانەگا سەیری منی دەکرد و پێدەکەنی!

چەند ڕۆژێک لە بێ پارەیی نەمدەتوانی بچمە یانەکە بۆ خواردنەوە. دوایی شتێکم دەستکەوت، هەمدیس چوومەوە هەمان یانە و هەمان مێز، دیاربوو جەماعەتی سەر جوانەگا هاتبوونەوە مێزی خۆیان، زۆر دڵخۆش بووم بەوەی خەتی ئینتەرنێتەکەم هاتەوە! هەر زوو مۆبایلەکەم دەرهێناو ئاگام لە دەرەوەی خۆم بڕا. لەناکاو یەکێک بە دەنگێکی بەرز و دۆستانە، گوتی: ئێوارە باش؟

ڕاچڵەکیم، سەرم بەرزکردەوە پیاوێکی ورگنی سپی بەژن کورت، لەوانەی بەردەوام لەبەر سپلیت و ساردکەرەوە دادەنیشن و بەردەوام بە قات و بۆینباخەوە دەبینرێن، گوتی: داوای لێبوردن دەکەم، ئەگەر جەوەکەم لێ تێکدابیت؟ نەخێر ئاساییە، فەرموو برا.

گوتی: دەتوانم کەمێک لات دابنیشم، پاشان دەبێ بگەڕێمەوە لای برادەران هێمای بۆ مێزەکەی لای چەپم کرد.

لە دڵی خۆم دوو هۆکارم هەبوو بۆ هاتنی ئەو پیاوە ورگنە:

یەکەم: دڵی پێم سووتابێ، بۆیە هاتۆتە لام؟

دووەم: هاتووە پێم بڵێ چیتر ئەو مێزە ئیزعاج مەکە و نزیک مەبەرەوە لێیان! چونکە ئەو پیاوە ڕۆژەکانی تر دیار نەبوو، یەکەم جار بوو بیبینم، هەستم کرد ڕاسپێردراو بێت.

بانگی گارسۆنەکەی کرد، گوتی: چوار شیش تکەمان بە خێرایی بۆ بێنە! نەمزانی چی پێ بڵێم، لەلایەک هەستم بە سووکایەتی دەکرد، لەلایەکیش زۆرم برسی بوو دەمێک بوو تکەم نەخواردبوو!

پێکەکەی بەرزکردەوە، گوتی: بەخۆشیت؟ بەخۆشیت، دووبارەم کردەوە.

پێکەکەی تەواوکرد و گوتی: پێم خۆشە کاری خۆت بە جوانی و بە باشی ئەنجام دەدەی؟ نەمزانی باسی چی دەکات، تەنیا کارێک لەو کاتە کە خەریکی بووم، فەیسبووکەکەم بوو، بەهەرحاڵ بە سەر ئاماژەم بۆ کرد کە وایە.

گوتی: سەرەتا منیش کە دەستم بەو کارە کرد بەو شێوازە خۆم نیشان دەدا! بەڵام حەز دەکەم لەو شوێنەی من سەرپەرشتی دەکەم هاوکاری یەکتر بکەین!؟

گوتم: برا وابزانم تۆ بە هەڵە هاتوویتە لای من؟

بە پێکەنینەوە: دەزانی چی، با بە ئاشکرا و بە بەڵگە قسە لەگەڵ یەکتر بکەین، جەنابت دەمێکە لەم یانەیە چاودێری برادەران دەکەیت! زۆر ترسام لەوەی لە خۆوە شتێکم

بۆ هەڵبەستن، ویستم بڵێم بەدبەختێکی وەک من پارەی پێکێکی زیاتری نییە، ئێوەش من بە جیمس بۆند دەزانن؟ بۆ خەتی ئینتەر...

نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم بەردەوام بوو: سەیرکە، ئەولا چیت بۆ دەکا، ئێمە زیاتر! هەر داواکارییەکت هەیە بینووسە تا بەیانی ئەم کاتە چاوەڕوانم، دەی کاتێکی خۆش. یەکسەر هەستا!

بە زۆر خۆم ڕاگرتبوو، هەموو لەشم دەلەرزی، لە چارەگە عەرەقە زیادەکەش دوو پێکم خواردبۆوە هێشتا هەر دەترسام، خودایە ئەوە چییە تووشم بووە؟ نەمدەوێرا تکەکەش بخۆم نەبادا ژهری تێدابێ؟ چونکە بەکەسێکی زۆر نامۆ لەمن گەیشتبوو! هەروەها نازانم ئەو پیاوە کێیە؟ یەک دوو پشکم دایە ئەو پشیلەیەی لەبن دیواری پشت مێزەکە هەڵترووکا بوو، چاودێریم کرد پشیلەکە هیچی لێ نەهات! ویستم بڕۆم و خواردنەکە جێبێڵم، بەڵام زۆرم برسی بوو، پێم باش

بوو بە تێری بمرم باشترە لەوەی لە برسان، پشکێکم خوارد، پاشان کەم کەمە تا تکەکەم تەواوکرد، ئینجا ڕۆیشتم، بەڵام ڕێگەی خۆم گۆڕی سێ چوار کۆڵان دوورتر ڕۆیشتم، کە گەڕامەوە، ناوە ناوە خۆم لە پەنایەک مات دەکرد بۆ ئەوەی بزانم کێ بە دوامەوەیە، بەردەوام ئاوڕی دواوەم دەدایەوە، دوو جار خەریک بوو بەربیمەوە، کە گەیشتمە بەر دەرگەی ماڵەوە سەیری ئەولا و ئەم لام کرد کەس دیار نەبوو، لە جیاتی دەرگە بەسەر دیواری حەوشە سەرکەوتم و خۆم فڕێدایە ژوورێ، خەریک بوو قاچم بشکێ!

شەو هەر بیرم دەکردەوە، زیاتر لە دوو پاکێت جگەرەم کێشا، خوایە چی بکەم لەدەست ئەو پیاوە؟ بڕۆم و سەرم هەڵگرم، بۆ کوێ بچم؟ لە ناکاو بیرۆکە و هەستێکی خۆشم بۆ هات، هههه تەواو، بە وڕێنە: خۆت کەر مەکە، ئەو هەموو قسە گەورەیە و فەلسەفە کردنەت لە چییە؟ بەیانی زوو هەستام وەک جاران بەبێ بەرنامە،

بەس گوتم نەبادە تەلەفۆنم بۆ بکات، لەم بیرکردنەوەیەدا بووم، تێلم بۆ هات! ژمارەیەکی نەناسراو بوو! سەرەتا نەموێرا هەڵی بگرم، خوایە چ بڵێم؟ دوا زەنگ بە ترسەوە هەڵمگرت: ئەلوو؟

کەس نەبوو! ئەلوو... ئەلوو.

لێدانی دڵم زیاتر بوو: ئەلوو، کێی جەنابت؟ بۆ قسە ناکەیت بەڕێزم خۆمم ئەوەی دوێنێ ئێوارە هاتییە لام هەر ئەوەم.

ئەلوو (دەنگێکی خۆشی ژنانی) وەڵامی دایەوە، باشی براکەم؟

فەرموو خوشکم؟

گوتی: ئەگەر بتوانی هاوکارییەکم بکەی خاوەنی چوار پێنج منداڵم؟ شێخم نەما، چاوەڕێی چی دەکەم، چیم بۆ دەردەچێ! خوشکم خوا بدا، تەلەفۆنەکەم داخست.

زەنگەکە لێی دایەوە هەمان ژمارە!

خوشکم دەڵێم نیمە تێناگەیت، بۆ بێزارم دەکەیت؟

ژنە: گو بخۆ خوێڕی، ئاوا قسە لەگەڵ من نەکەی، ناپیاو، دیارە پیاو نیت، بۆیە پارەت نییە! هیچ و پووچی ناشیرن!

شێت بووم بەو قسە قۆڕانە، بە تووڕەیی: قەپاتکە هەی قەحپەی کچی قەحپەی، کێ منداڵی پێکردی با ئەو پارەت بداتێ، کۆندۆمت بەکار بهێنابا باشتربوو لە سواڵکردن بۆ ئەو منداڵانەی کەس نازانێ کێ باوکیانە؟ یەکسەریش دامخست.

دوای ماوەیەکی کەم مەسجێکم بۆ هات، هەمان ژمارە: لەسەرت ناچێ، دەبێ باجی جنێوەکانت بدەی، بێ قیمەتی ترسنۆکی لات!

ئەتو وەرە لەو شانسە حیزەی من، ئەو بەڵایە چییە تووشم بووە، کێشەیەکم بۆ دروست نەکات باشە. بەو

هەژارییەش زۆر لە کێشە دەترسام، هەرچەندە ژیانی خۆم گەورەترین کێشەبوو، زۆر بێ تاقەت بووم، شەویش نە نووستبووم، لەگەڵ بیرکردنەوە خەوم لێکەوت. کاتێک هەستام عەسرێکی درەنگ بوو، وەک ڕۆژانی بووری، چوومە دەرەوە و تاکسییەکم ڕاگرت، شوفێرێکی گەنجی ڕەنگ گەنمی، کەمێک ڕدێنی هاتبوو، بەڵام سمێڵی تاشیبوو!

گوتم: ئەزیەت نەبێ بە ئاراستەی بازاڕ، ئەگەر بتوانی لە ڕێگە کەمێک ڕابگریت خراپ نییە؟ شوفێر: بەڵێ بۆ نا.

لە شوێنی مەبەست گوتم: لێرە ئەزیەت نەبێ؟ وەستا، بە خێرایی دابەزیم و وەک ڕۆژان لە دووکانی مەی فرۆشەکە چارەگێک ئۆزۆم کڕی و گەڕامەوە.

شوفێرەکە بە دەموچاوێکی گرژی سورهەڵگەڕاو: مامۆستا بمزانیبا بۆم ڕانەدەگرتی و پارەکەی خۆشم حەرام نەدەکرد!

بۆ کاکە، چی بووە؟

هههه پێکەنی و سەری بادا، باشە چ لەززەت لەو قوزەڵقورتە دەبینن؟

ببوورە بەڕێز ئەوە پەیوەندی بە ئێوەوە نییە.

هههه دیسان پێکەنی و گوتی: کوڕە چۆن پەیوەندی بە منەوە نییە، ئەی ئەو خودایە گەورە مەنعی نەکردییە، هەی بەستەزمان، بە پێکەنینەوە، خۆ کوشتنی یەک دوو کەسی وەک تۆ زۆر لە حەج و عومرەکەی من خێرتر بوو!

کاکە دەزانی چی؟ لەوبەر ڕاگرە دادەبەزم، ئەوڕۆ ڕۆژێکی ناخۆشە و ڕۆژی من نییە، با ناخۆشتر نەبێ!

شوفێر: هههه ئینسانی وەک ئێوەی خوا نەناس ڕۆژەکانتان هەر وایە!

راگرە بابە ڕاگرە، مێشکت گام بەو قسە سەخیفانە.

شوفێر سەری لە جامەکە دەرهێنا: یاخوا هەروا بە زەلیلی بتانبینم.

سەیرێکی خۆم کرد، جلوبەرگم زۆر کۆن و نارێک بوو، رێک قسەی شوفێرەکە بوو، زەلیل دیاربووم، بەڵام هەر لەسەر و ردێنی ئەو جوانتر بوو. چوومە ناو یانەکە، دەبینم کابرای ورگن لە مێزەکەی من دانیشتووە، ئەو رۆژانەی دەچوومە یانە زوو دەچووم تا مێزەکەم نەگیرێت، بەڵام ورگن زووتر هاتبوو.

سڵاوم لێی کرد و دانیشتم. کابرای ورگن پێکەنی: دەزانی بەختێکی باشت هەیە؟ نەمزانی چی بڵێم!

دوێنێ باسی کەسایەتی جەنابتم بۆ سەرووی خۆم کرد، زۆر دڵخۆش بوو بەوەی، کە رازیبووی لە بەری ئێمەدا، کە بەرەی گەل و نیشتمانە کار بکەیت، هەر بەو بۆنەیەوە، ئەم دیارییەی بۆ ناردی! زەرفێکی مەیلەو قاوەیی گەورەی دایە دەستم، زۆر قورسبوو! تۆزێک شڵەژام، بەڵام بەسەر خۆم نەهێنا و بەبێ ئەوەی بزانم

چییە وەرمگرت، بە شەرمەوە سەیرێکی ناوەوەم کرد سەفتەک دۆلار و دەمانچەیەک بوو؟ تووشی شۆک بووم، گوتم: بەڕێزم ئەوە چییە؟ بە پێکەنینەوە: ئەوە بەس دیارییەکە بۆ تۆ و هیچی تر!

بیرم کردەوە ڕەتیکەمەوە، ڕەتینەکەمەوە؟ لەو ساتەدا هەزاران لێکدانەوە بە مێشکمدا دەهات، تەنیایی و هەژاری خۆم و هەڕەشەی ژنەی تەلەفۆن و شوفێری تاکسی و دراوسێ خۆڕییەکەمان و عەرەق و تکە و مێزی دەستە چەپم و...، لەگەڵ ئەوەش بڕیارم دا ڕەتیکەمەوە، بەر لەوەی قسە بکەم.

گوتی: بەڕێزم، لە بەیانییەوە ئێرە جەنابت سەرپەرشتی دەکەیت و لێی بەرپرسی. دەستی بۆ چەند مێزێک ڕەوانەکرد، هەندێکیان ئاگایان لێ بوو، هەندێکیشیان خەریکی قسەکردن بوون. ئەوانە لە هەر شتێک ئاگادارت دەکەنەوە، کە پەیوەندی بە ئێمەوە هەبێت. بەشێک لەوانەی ئاگایان لێ بوو بەسەر خۆیان ناساند، بە بێ

ترس و به نهێنی کاری خۆت دەکەیت، لێرە خۆت دەزانی تەنیا زانیارییە کارێکی ترت نییە! ئەو دووانە دەبینی؟ دوو کەسی بە تەمەن بوون، خوا نەبێ کەس نەیدەزانی ئەوانە خەریکی زانیاری کۆکردنەوەن بە نهێنی. هەر بەخۆی، بەڵام زۆر لەوانە دڵنیا نین، زۆر جار زانیارییەکانی ئەوانە هەڵەن. خەبەرێکی خۆشتر، ئەگەر سەرکەوتوو بیت، پلەیەکی باشت دەبێ لە حکومەت!

ئاخر برادەر هێشتا من بڕیارم...، دیسان قسەکەی پێ بڕیم و گوتی: واز لەولا بێنە و کاری خۆت بکە، زیاتر سوودمەند دەبیت!

کێن ئەوانەی ئەولا؟

هەستایە سەرپێ و بەدەم ڕۆیشتنەوە، خۆ ئێمە گێل نین؟ ئێستا تۆ لای ئێمە ژمارە یەکیت!

**2017/8**

## کودەتا

لەگەڵ زەنگی مۆبایلەکە خەبەرم بووەوە، بەڵام دووبارە خەوم لێکەوتەوە، چونکە شەو تا درەنگانێ خەریکی سەیرکردنی درامایەکی تورکی بووم، هەرچەندە چیرۆکی ئەم درامایە سەدەیەک پێش ئێستا بوو، بەڵام زۆر لەگەڵ ئێستای کورد دەگونجا، لەو درامایە هەموویان خەریکی خیانەت و وڵات فرۆشتن و پەرتەوازەیین.

سەبرم نەبوو لە تەلەفزیۆن ڕۆژانە جارێک بیبینم، بۆیە لە نێت پێنج شەش ئەڵقەم سەیر دەکرد، دەمویست زوو بزانم کۆتاییەکەی چۆنە.

جارێکی تر زەنگی مۆبایلەکەم لێیدایەوە تا بەئاگا هاتم: ئەلو کوڕە ئەوە بۆ وەڵام نادەیتەوە؟

ئەرێ برا بەو بەیانییە خێرە ناهێڵیت پیاو بخەوێت؟

کوڕە هەستە دنیا خراپ بووە، دەڵێی نەتزانیوە؟ سەیری تەلەفزیۆنەکە بکە بە خێرایی، بزانە چی بووە، دوایی قسە دەکەینەوە.

تەلەفزیۆنەکم پێکرد، چەند کەناڵێکم گۆڕی وەری نەدەگرت، بەردەوام بووم هەر هیچ، ئەوە چییە؟ کارەبا نییە، یا شتێک لەو وڵاتە قەوماوە؟ تا کەناڵێک وەری گرت. کەسێکی ڕەشتاڵە بە جلوبەرگی کوردی لە پشت بڵندگۆ قسەی دەکرد، بەڵام بە ئاخافتنێکی سەیر: لەم بەیانییەوە هەرکەس دەچێتەوە سەر کاری خۆی، بانکەکان خەریکن لەم چەند ڕۆژە کاری بانکی خۆیان دەست پێدەکەنەوە بۆ پێدانی مووچەی تەواوی چین و توێژەکان، هەروەها لە بەیانییەوە کاردەکرێت بۆ دەست پێکردنەوەی پڕۆژەکان و هەموو خزمەتگوزارییەکان، بەتایبەتی ئاو و کارەبا دەبێ بەزووترین کات چارەسەر بکرێت، هەروەها حکومەت کار لەسەر باشکردنی ئەمن

و ئاسایش دەکات. هێڵی ئاسمانی ڕاستەوخۆ لە نێوان هەولێر و دنیای دەرەوە دەست پێدەکاتەوە.

لە هەمووی گرینگتر هەموو ئەو کەسانەی بەرپرسن لەم دۆخە و دەستیان لە دزینی سامانی نەتەوەیی هەیە، دەدرێنە دادگا، دەبێت پێمان بڵێن ئەو پارە زۆرە هی چییە و لە کوێیان هێناوە؟ کە دەستی بەسەردا گیراوە.

ئۆتۆمبێل و شتومەکە دەگمەنەکانی ماڵەکانیان لە نێو دەبرێت، تا کەسی تر فێری ئەوە نەبێ لەسەر حیسابی خەڵک شاهانە بژییێت، هەروەها تا ئەو جیاوازییە نەمێنێت لە نێوان هاووڵاتیان و سەرکردەکان، لێبوردن بۆ کەس نییە، تەنیا ئەوانەی بەخۆیان و بەخێرایی سامان و سەروەتی دزراو بۆ حکومەت دەگەڕێننەوە، سزاکەیان سوکتر دەبێت.

لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و دەرەوە قسەمان کردووە، ئاگاداری ڕەوشەکەن و دەستخۆشیان بۆ ناردووین، ئامادەی هەموو هاوکارییەکن، دوای ئەوە ناوەکانیان

دەخوێنینەوە! سەیری ناوی تەلەفزیۆنەکەم کرد: تی ڤی! نەخوێندرایەوە، یەک پێکەنینم گرت، لەبەر خۆمەوە گوتم: لەو بەدبەختییە، لەو وەزعە هەر خەریکی شەڕ و کودەتابن، پاشان وردبوومەوە، کوڕە خۆ کارێکی باشە ئەگەر کوردێکی ڕەسەن ئەو کارەی کردبێ؟

بە تووڕەیی مۆبایلەکەم دەستدایێ و زەنگم بۆ هاوڕێکەم لێ دا: ئەرێ برام دەزانی تاقەتی ئەو شتە قۆڕانەم نییە، بەم بەیانییە ئەگەر بەرنامەی گاڵتە و شتی کۆمێدییە پێم بڵێ؟

کوڕە ئەوە چ دەڵێی حکومەت تەواو، کودەتا کراوە، ئابڕوومان چوو دیسان فرۆشراین! چوونە دەرەوەش قەدەغەیە، هەموویان گیراون، کەس نەماوە لە سەرکردەکان، کەس فریای هەڵاتنیش نەکەوتووە، سنوورەکان داخراون.

باشە کێن ئەوانە؟ چۆن توانییان وا بە ئاسانی دەست بەسەر ئەو هەموو دامودەزگا و بنکە و بارەگا و ماڵ و کەسانەدا بگرن؟

ئەوە دەبێ هێزێکی گەورەیان لە پشت بێ، هەروەها دەبێ زۆر بە وردی ئاگایان لە هەموو شتێک هەبووبێ و لە نێو خودی سیستەمەکە کاریان کردبێ.

ئەوانە زانیاری تەواو و وردیان هەبووە؟

بەس با سەیر بکەین بزانین چ حزب و لایەنێکن، بێگومان هەر یەکێک لە خۆیان ئەو کارەی پێ دەکرێ؟

سەیری تەلەفزیۆنەکەم کردەوە، هەر کابرای ڕەشتاڵە بوو:

تا ئێستا هەموو وڵاتە موسڵمانەکان دانیان پێداناوین؟ ئەوانەی تریش دژ نین چاودێریمان دەکەن.

حکومەتی نوێی کاتی، لەم بەڕێزانە پێکهاتووە، کە بەشدارییان کردووە لەم گۆڕانکارییە تازەیە و ماندوو بوونە تا گەیشتوونەتە ئەم ڕۆژە!

ئەم بەڕێزانە وڵاتیان وەک ژن و منداڵەکانی خۆیان خۆش دەوێت، ئەوە چەندان ساڵە شەو و ڕۆژیان لەسەر یەک داناوە، دانیان بەخۆیاندا گرتووە، هەموو سووکایەتی و بێ ڕێزییەکیان قبووڵ کردووە، بە دوای وردترین زانیاری گەڕاون، لەو شوێنانەی کاریان تێدا کردووە، لە لای ژن و منداڵەکان، لەلای پاسەوانەکان، لە نێو ماڵ و دەرەوەی ماڵ، لە گەشت و گەڕان و میوانداری و نان خواردن. لە ئاهەنگ و تازیمانەکان، لە نێرگەلە کێشان و نادی و دیسکۆ تایبەتییەکان، لە شت کڕین و هاتوچۆی قوتابخانەی منداڵەکان، لە ماڵ خاوێنکردنەوە و گفتوگۆی ژنەکان و پاسەونەکان.

هەروەها لە نێو مۆبایل و کۆمپیوتەرەکان، لە ژمارەی نهێنی قاسەکان و ژمارەی لاستیکی پارەکان، لە جۆری

چەک و ژمارە بانکییەکان، لە کاتی ئوتوکردنی جلەکان. کۆپیکردنی دۆسیە و نووسراوەکانی دامەزراندن و خەرجکردنی پارەکان.

ئەو خوشک و برایانە توانییان خاڵە لاوازەکانی ئەم حکومەتە دەستنیشان بکەن، لە هەموو ماڵ و بنکە و وەزارەت و شار و شارۆچکەیەکدا، تا گەیشتینە قۆناغێک بتوانین لە شەوێکدا هەموو کەسە دیار و کاربەدەستێک بخەوێنین و دەست بەسەریان بکەین.

خوشک و برایانی خۆشەویست ئێوە ئاگادارن ئەوە چەندان ساڵە ئێمە بە بەردەوامی لە سەرتاسەری وڵات بە بێ کەمتەرخەمی کار دەکەین. هەموو دامودەزگاکانی حکومەت و شوێنە گشتی و تایبەتییەکان، کۆمپانیا و عیادە و بگرە مزگەوتەکانمان بە باشی و پاکی ڕاگرتووە و بەڕێوە بردووە. ماڵە دەوڵەمەند و مامناوەندەکان و هەژارەکانمان بە یەک چاو سەیر کردووە.

ئێمە وەک ئەوانی پێشوو نین جیاوازی ناکەین لە نێوان هیچ کەس و چین و توێژێک، کورد و تورکمان و مەسیحی و ....، بە خوشک و برای خۆمان دەزانین، هەموو مافێکیان بۆ فەراهەم دەکەین. ئێستا بە بێ هیچ داهاتێک تەنیا بە پارەی دەست بەسەرداگیراو دەتوانین دە ساڵ مووچە بدەین، هەروەها یارمەتی براکانیشمان لە بەنگلادیش بدەین.

سڵاو لە ئێوە سڵاو لە بێنگالستان، ئیتر بۆ پێشەوە. بەناوی گرووپی خۆبەخشی بەنگلادیشییەکانی کوردستان.

**براتان محەمەد بەنگلادیشی**

**سەرۆکی کاتی هەرێمی بەنگالستان**

**2018/2**

# پیاوە ژنانییەکان

یەکەم جار بوو دە دوازدە فڕۆکە بەیەکەوە لەم فڕۆکەخانەیە بنیشنەوە، ڕاستە فڕۆکەکەی ئێمە چەند کاتژمێرێک لە فرانکفۆرت دواکەوت، بەڵام باوەڕ ناکەم ئەم قەرەباڵغییە هی ئەوەبێ، هەروەها ئەم فڕۆکانە هەمان ئەوانە نین، کە پێشتر دەهاتن، هێڵی ئاسمانی کینیا، نەیجیریا، مالی، زامبیا، گانا، مۆریتانیا.......

کاتێ گەیشتینە لای کۆنترۆڵی پاسەپۆرت دنیا هەستا بوو، نە پۆلیسەکان لە شوێنی کۆنترۆڵ دانیشتبوون، نە کەسیش ئاودیوی ئەودیو کۆنترۆڵ دەبوو!

جگە لە ئێمە هەموو سەرنشینەکانی تر ڕەشپێست بوون! سەیری دیوی پشتەوەی کۆنترۆڵم کرد، سەرم سوڕما، هەر هەمووی ژن بوون؟ بەسەرێک پێم خۆش بوو کە کۆمەڵگاکەمان بەڕووی ئافرەت کراوەتەوە و ڕۆڵی خۆی

دەبینێ، بەسەرێکیش ئەو کرانەوە خێرایەم پێ باش نەبوو، بڵێم چی؟

ڕۆیشتمە لای پۆلیسێک بە حیساب پیاو بێ، کە هاتە پێش ژن دەرچوو، کەچی ناویشی (جوامێر) بوو!

زۆر مەراقم بوو لێی بپرسم، کە بۆچی ناوی پیاوانی لە خۆی ناوە، بەڵام هەستم کرد شتێکی جوان نییە پرسیاری تایبەتی لە خەڵک بکەیت، پاشان ژنێکی زۆر ناشیرن بوو، خوا بە گوناهی نەنووسێ، ترسام شەرم لە خۆی بکاتەوە.

بەڕێزم: ببوورە، دەڵێم ئەو هەموو ژنە چییە هاتوونەتە پێشوازی؟

پۆلیس: لۆ کاکە پێتناخۆشە؟ پاشان پەیوەندی بە تۆوە نییە.

نا بێگومان پێم ناخۆش نییە، بەڵام لام سەیر بوو، قەت شتی وام نەبینیوە، ئەی ئەو هەموو ڕەشپێستە چییە، دەڵێی بە هەڵە هاتوون؟

پۆلیس: دەزانی زۆر پرسیار دەکەی، باشترە زوو بڕۆی پێش ئەوەی پەشیمان ببیەوە!

جەنتاکەم هەڵگرت و بەنێو ئەو ژنانەدا ڕۆیشتم کە هاتبوونە پێشوازی، ژمارەیان لە گەشتیارەکان زۆر زیاتر بوو. ڕۆیشتمە لای پاسەکە، شوفێرەکەی ژن بوو، گەڕامەوە لای تاکسییەکان، شوفێری ئەوانیش ژن بووسەیری پاسەوانەکانم کرد، کوڕە ئەوانیش ژن بوون. بە پاس ڕۆیشتینە دەرەوە، ئاسایشەکانی بازگەکەش ژن بوون، لا حەولا وەلا قووەتە ئیللابیللا.

چوومە دەرەوە تاکسییەکم ڕاگرت، کوڕە ئەویش ژن بوو، ئایی!

سڵاو خوشکی بەڕێزم

ئاگاداری دەمی خۆتبە!

باشە بەڕێزت شوفێری تاکسی نیت؟ پاشان هیچ قسەیەکی ناشیرینم پێ نەوتی!

ئێستا ئەگەر دەتەوێت بڕۆیتە شوێنێک فەرموو سەرکەوە، ئەگینا ئەوەندە لەسەر شتی بێ سوود مەڕۆ، تاقەتی هیچم نییە.

باشە بڕۆ بۆ گەڕەکی ئازادی، ناوەڵڵا بڕۆ ئەو گازینۆیەی ناوشار... بۆ لای هاوڕێکەم هێشتا زووە، ڕەنگە هەر خەریکی تاوڵەکردن بێ.

کاکە ئەوە شوفێرەکانی تریش ژنن؟

بە تووڕەیی ئاوڕی دایەوە!

باشە چۆن بانگت بکەم: بڵێم خوشکم هەر تووڕەی، بڵێم کاکە هەر تووڕەی، ببوورە بەڵام سەر و کەللەت بە

پیاوان دەچێ، بنەوەشت لە ژن دەچێ؟ ئێستا چۆنت پێ خۆشە با...

بەر لەوەی قسەکەم تەواوکەم، بە خەندەوە ئاوڕی دایەوەو گوتی: بەڵێ پێم خۆشە!

ببوورە چیت پێخۆشە؟

بە پێکەنینێکی ناشیرن: هههههه ئەوەی ئەتو پێتخۆشە منیش ئەوەم پێ خۆشە!

ببوورە تێتناگەم، خوانەخواستە خۆ نیازت خراپ نییە؟

لۆ ئەوەی پێتخۆشبی خراپە هههههه؟

نا، بێگومان نا، هەر کەسە ئازادە چی پێخۆشە، بەڵام لەسەر حیسابی کەسانی تر نا.

کاکە خۆ داوای پارە ناکەین، هی ئێمە بە خۆڕاییە، دەستێکی بە ڕانمدا هێنا!

دەستیم فڕێدا ئەولا و هاوارم کرد بەسە ئەوە چیتە؟

دیسان بە پێکەنینەوە: هههه تۆ پیاو نیت؟

نەمزانی چی پێ بڵێم تا ڕزگارم بێ گوتم: نا پیاو نیم!

ئەدی چیت ئەگەر پیاو نیت؟

ئەی هاوار لەو بەڵایە: کاکە من هۆمۆم باشە!

هههه هۆمۆ چییە؟

ئەوەیە کە پیاو پیاوی خۆشدەوێت!

بە هەموو هێزی ئیستاپی کرد و هاواری کرد: هەستە وەرە خوارێ هەی خۆڕی، هۆمۆ! برێ قوندەر.

جانتاکەمی فڕێدا خوارێ و گوتی: ئەوە لە بەیانییەوە چاوەڕوانی پیاوێک دەکەم ئەویش حیز دەرچوو، بڕۆ هەر پارەشم ناوێت! کەمێک وەستا ئەو جارە بەدەنگێکی بەرزتر: لۆیە ئەوهامان لێهات پیاوی وەکی تۆمان هەیە.

منیش لەسەرەخۆ و بە ترسەوە نەبادە گوێی لێبێ: دەبڕۆ هەی نێرەمووک لۆ گ.... ئەو هەموو وەتەنیاتە چییە؟

کیلۆمەترێک مابوو بۆ گازینۆکە ئەویش بە پێ ڕۆیشتم، جگە لە پیاوی بەنگلادێیشی و فلیپینی هیچ پیاوێکی ترم نەبینی، تەواوی خاوەن دووکان و کڕیارەکان ژن بوون! تا گەیشتمە گازینۆکە هەر بیرم لەو دیاردەیە دەکردەوە.

چوومە ناوەوەی گازینۆکە، یەکپارچە ژن دانیشتبوو، خاوەن گازینۆکەش ژن بوو، لە پەنایەک دانیشتم، هەر هەموویان سەیریان دەکردم و پستە پستیان بوو. بۆ ئەوەی خۆم وا نیشان بدەم کە ئاگام لێ نییە، سەیری تەلەفزیۆنەکەم کرد، کە بە دیوارەکە هەڵواسرابوو، فیلمی حەزرەتی مەسیحی لەسەربوو، لەو گرتەیەی کە پیاوە کوێرەکە چاک دەکاتەوە و خەڵکێکی زۆر لە دەوری کۆبوونەتەوە.

لە ژێرنووسەکەش هەواڵ دەڕۆیی: دەرزییەکان دەبێ لە ماوەی سێ ڕۆژ بەکاربهێنرێت. ئۆپۆزسیۆن دوو داواکاری هەیە: یان دەرزییەکان بە یەکسانی دابەش بکەن، یان پێویستییە تایبەتییەکانی ئێمەش جێبەجێ بکەن. حکومەت، باجی هاوردەکردنی پیاوی ئەفریقی لە سەدا دە زیاد کردووە. حزبە ئیسلامییەکان تا ئێستا لەسەر تێکەڵبوونی ژنە تازەکان و ژنە کۆنەکان ڕێک نەکەوتوون.

ژنێک بە تەنیا لە نزیک مێزی پارەدان دانیشتبوو، هەر ئەویش سەرپۆشی لەسەربوو، بە دەنگێکی بەرزی نە ژن و نە پیاو قسەی لەگەڵ مێزەکەی ئەوبەر دەکرد: ئاگات لێیە لەبەر حیز و گەوادان چیمان لێهات؟ ژنێکی پانوپۆڕ لەوبەر وەڵامی دایەوە: برام، هەیهوو، خوشکم وەڵڵاهی لێم تێکدەچی، گوێ مەدێ، هەر هیچمان پێ ناکرێ هههه، ئەوجا لۆ گلەییان بکەین، بە خودای

ئەمڕۆ پیاوبی، یان ژن وەک یەکە، هەر قسەیەکیش بکەی بەو ئەفریقی و مەفریقیانە لێکوپێکت دەکەنەوە.

پیرەژنێکی هێشتا لەسەرخۆ، لەوسەر بە پێکەنینێکی بەرز و دەنگێکی بەرز: وەڵڵاهی ئەوەندەمان درۆ و گەوادی کرد لەبەر ئەوە ئەوهامان لێهات، با کەس گلەیی نەکات، ئەو ڕۆژە ئەو خاتوونەی برادەری خۆمان بەرپرسی چی بوو هاتە لامان؟ بە هەموومانی نەگوت: ئەوە دوو پیاوی چاکم دۆزیوەتەوە، زۆر هەوڵم دا تا ئەو دوو پیاوەم دەستکەوت، جا کێ حەزی لێیە سبەی شەو میوانی منە! ژنە پان و خڕەکە، کە دەتگوت مریشکی سینییە: دەزانی چییە، پیاوم لۆ بینە سەر ئەو مێزە نامەوێت، خۆ شەرمم نییە، بچم لە مەلها ئیش بکەم، بەڵام تاقەتی ئەوەم نییە سەرەی بگرم! پاشان من وەکی پیاوبووم هیچم نەکرد، تازە داوا لەمن دەکەن هەڵوێستم هەبێ پیف!

سەرم نە لە هەواڵەکانی تی ڤی دەردەچوو، نە لە گفتوگۆی ژنەکان، لەو بەینە هاوڕێکەم بەدەرکەوت، سەیری منی کرد و کەمێک سووربۆوە، منیش سەرم سوڕما لەو پرچەی بەسەر شانەکانی پەخش کردبوو چاویلکەیەکی ڕەشی گەورەی ژنانەی لە ناو پرچی دانابوو، دەستمان لەملی یەکتر کرد، بە چرپە گوتی: بەسەر خۆت مەهێنە ئێستا تێتدەگەیەنم.

زوو پێم بڵێ: چی ڕووی داوە، لە هیچ ناگەم، هەر باسی دەرزی و پیاو هێنان و بردن و...، ئەو مەسەلەی ژنبوونە چییە؟ ئۆقرەم نییە تکایە زوو تێمگەینە.

بە پێکەنینەوە، باشە بە کورتی پێت دەڵێم، کاتم زۆر نییە، هههههە کاکە پیاوێکم دۆزیوەتەوە بەس بە کەس مەڵێ، چونکە پیاو دەست ناکەوێ!

کوڕە، کچێ باشە چۆن بانگی ئەو خەڵکە بکەم.

به کەیفی خۆت، خۆ ئەوانە نە وەکی پیاوبوون، پیاوبوون نە ئێستاش ژنن وەک ژنانی کۆن. دەزانی چییە،

پێش ماوەیەک هەر دوای ئەوەی سەفەرت کرد، هەستم کرد شتێک ڕوودەدا، هەموو پیاوەکان مۆن ببوون هیچ حەز و ئارەزوویان نەمابوو، هیچ هەڵسوکەوتێکی پیاوانەیان نەبوو، بە کورتی مومارەسەی پیاوەتی خۆیان نەدەکرد، شەوێک ژنەکم، باشترە بڵێم دەستەخوشکەکەم، قیژەیەکی لێدا و بە گریان و چاوی بە خەو غاری دا، قورئانی سەر دۆلابەکەی هێنا، وەک هەموو ئەو شەوانەی کە لە خەو دەترسام، سورەتێکی بەدەنگ بۆ دەخوێندم، منیش هەرچەندە زۆر تێنەدەگەیشتم، کەچی بەو دەنگە ئارام دەبوومەوە. ئەو شەوەش هەر وا تێگەیشتم، کە دەیوست ئارامم بکاتەوە، بەڵام نەمزانی بۆ دەگری؟ بۆیە دوای کەوتم تا بزانێ من باشم و خەمی منی نەبێ! لەو کاتەی کە بە مەمەڕەکە

تێپەڕیم خۆم لە ئاوێنەکە بینی، بەس چیم بینی: ژنێکی ڕەزا قورسی ناشیرینی بێ زەوق، بە پەلە گڵۆپەکەم پێکرد و سەیری دواوەم کرد, کەسی لێ نەبوو، دەستم لە خۆم دا، بەڵێ ئەوە منم، دەستم بردە خوار ناوکم هیچی پێوە نەمابوو، بە هەموو قوڕگم هاوارم کرد نااااا، دەنگم دەنووسا و دەکرایەوە! بە هەردوو دەست پرچی خۆم ڕادەکێشا، ئەی خوایە، ئەوە چیم بەسەرهاتووە، بە ڕاستی گۆڕاوم؟ ئێستا چی بکەم؟ شێت بووم، دەستم بە پاڕانەوە کرد و هاوارم کرد، خودایە قوربانت دەبم بەس ئەو جارە وەک خۆم لێ بکەوە، پەیمان بێ هیچی ترم ناوێ لەو دنیایە. لەو پاڕانەوەیە بووم ژنەکەم قیژەیەکی دیکەی لێدا! خودایە ئەو جارە چییە؟ مۆبایلەکەی بەدەستەوە بوو، هاواری دەکرد: کوڕە باب و براکانیشم ئەوهایان لێهاتووە! حەیامان چوو!

رامکرد و تی ڤییەکەم پێکرد، نووسرابوو بە پەلە: ئەمشەو ڕووداوێکی نائاسایی بەسەر پیاوانی وڵاتەکەماندا هاتووە، لەبەر ئاسایشی نەتەوەیی وردەکاری تەواو بڵاوناکەینەوە.

کاتێ ئەم هەواڵەم خوێندەوە زۆر دڵم خۆش بوو کە من بە تەنیا وام لێ نەهاتووە، بەڵکو تەواوی پیاوانی وڵات بوونەتە ژن! یەکسەر ئارام بوومەوە! پاشان بە خێرایی فەیسبووکم کردەوە، هەموو هاورێکانم وێنەی ڕەشیان دانابوو! هەر کەسە و بیروڕایەکی هەبوو، هەر یەکە و شتێکی نووسی بوو: (ئەو وەزعە دەستێکی لە پشتە؟ ئەوە لە بێ دینییە. حزبەکان بزانن! کوڕینە گایراین! باشە چ لە ژنەکانمان بکەین؟ تکایە ئارام بن، ئەوەش چارەسەر دەکرێ. ماڵ بۆ خۆی نەبوو میوانیشی هاتەسەر. قوڕ بەسەری ئەوەی هێشتا پیاوە؟ ئەوانەی ڕێگریان لە ژن دەکرد ئێستا چی دەکەن؟ بە خوا پێم

خۆش بوو، چونکە کەس حیسابی پیاوی لۆمن نەدەکرد! دەسەڵات بەرپرسە لەم ڕووداوە.......

دوو سێ ڕۆژی یەکەم خەڵکەکە کەمێک بێزار و هەڵپە هەڵپیان بوو، پاشان لە کەشەکە ڕاهاتن. ئێستا خەریکە لە دەرەوە دەرزی دەهێنن بۆ چاکبوونەوە و دووبارە بمانکەنەوە پیاو! ئەوەش هەم گرانە و هەم دەستیش ناکەوێت، ژمارەیەک لەو دەرزیانە هاتووە، بەڵام لایەنەکان لەسەر دابەشکردنەکەی ڕێکنەکەوتوون، چونکە دەبێ هەر یەکە بە حیساب ژمارەی پیاوی هەبێ، ئەوجا هەیە زۆری بەردەکەوێ، هەیە کەم، هەیە هەر بەری ناکەوێت. ئەدی ئەو ڕەشپێستانە چی بوون لە فڕۆکەخانە بینیم؟ هههه ئەوە گوایە بۆ هێشتنەوەی نەژاد و لە ناونەچوونمان هێناویانە، کەچی یەک کەس لە خەڵکی ئاسایی نەیبینی، مەگەر بۆ لاقەکردنی ئەوانەی زمان درێژی دەکەن و لەو وەزعە داوای پیاو دەکەن. هههه کەیفت بەخۆت نەیێ، ئەوانەی لە دەرەوە دێنەوە،

لە ماوەیەکی کورت وەک ئێمەیان لێ دێ، چونکە هەمان جیناتیان هەیە!

**2016/6**

# بکوژ

تارین: دایە لۆ بابە نەهاتەوە؟ ئەدی نەیگوت زوو دێمەوە؟

دەنگی ئیستۆپێکی درێژ و زرموهۆڕی خۆکشاندنی ئۆتۆمبێل بە تاق و دیواردا و دەستڕێژ و جام شکان پرسیارەکەی تارینی پچڕاند.

شەونم ڕایکردە دەرەوە و بینی فاتێ وەک پەیکەرێکی بەردین سەیری جەستەی ئارامی کوڕی لە ناو جۆگەلەکە و ئەو دوو ئوتۆمبێلە دەکات کە بە خێرایی گوللە لەسەری کۆڵانەکە دەسووڕانەوە، یەکێکیان هی ئارامی کوڕی و ئەویتریشیان هی بکوژەکان بوو.

دایکی تارین، کە ئارامی بینی وەک مانگای مانگی قوربان نیوەی جەستەی لەسەر سەکۆی بەردەرگا و سەر و مل و دەستی ڕاستەشی لەنێو جۆگەلەکە

کەوتووە و خوێنی لێ دەچۆڕێ، بە هەردوو دەستە سپی و بچووکەکانی قژی گرت و قیژەیەکی لێ دا، چل ماڵ لە هەرچواردەوری ماڵەکەیان هاتنە دەرەوە.

یەکەم: مامۆستا سالمی سەعاتچی خەریکی ئاودانی باخچە چکۆلانەکەی بوو، کە بەرانبەر ماڵی ئارام بوو، لەگەڵ خشەی ئیستاپە دوور و درێژەکە سۆندەی ئاوەکەی لە دەست کەوتە خوارەوە، ویستی بچێتە دەرەوە سەیری ئەم جۆرە لێخوڕینە بکات، کە چەند بەبێ ئەخلاقی لەم کۆڵانە بچووکە و بەم جۆرە خێراییە، لەگەڵ هەنگاوی یەکەم و دەستڕێژی گوللە، مامۆستا سالمی سەعاتچی بە کراس و بێجامە سپییە خەت شینەکەی بە هەموو هێزی خۆی، خۆی بە زەوی باخچەکەیدا داو کەپووی گەیشتە ژێر لمی گیاکە، هەر چوار پەلی دەکوتا تا زیاتر خۆی لە زەوییەکە بباتە خوارێ نەبادا شتێکی بەرکەوێ.

دووەم: پاسەوانی بەردەم ماڵی وەزیر لەسەری کۆڵانەکە، کلاشینکۆفەکەی لە ژێر کورسییەکە دانابوو، خەریکی یاریکردن بوو بە مۆبایلەکەی، لەگەڵ تێپەڕینی هەردوو ئۆتۆمبێلەکە بەو خێراییە، لەسەر کورسییە سۆرە پلاستیکەکەی هەرزەلی و سەری بە دیوارەکەی پشتەوەی کەوت و بوورایەوە.

سێیەم: گەلە، (گەلاوێژ)ی مەنگۆلی، وەک هەموو ڕۆژێکی ئاسایی نیو کاتژمێر زووتر لە کەلێنی دەرگاکە چاوەڕێی ئارامی دەکرد تا دەگەڕێتەوە، چونکە چوار ساڵ بەرلەوەی ئارام ژن بێنێ، نیوەڕۆیەکی ڕۆژی هەینی لە کاتی چوونی ئارام بۆ مزگەوت، بە گەلە مەنگۆلی گوتبوو: گەلاوێژخان چۆنی؟ ئەوە بۆ کێندەر دەچی ئاوها خۆت ڕازاندۆتەوە؟ لەو ڕۆژەوە گەلە مەنگۆلی کەوتبووە داوی خۆشەویستی بەبێ ئەوەی کەس پێ بزانێت، هەر دوای ژن هێنانی ئارام، گەلە شەو و ڕۆژ دوعای لە شەونم دەکرد و لە لای هەموو

کەسێک دەیگوت: شەونمە قەحپە ئارامی لێ بردم، ئینشائەڵڵا خێری لێ نابینێ مێردی دەمرێ!

ئەو ئێوارەیە گەلە مەنگۆلی زۆر بە ئاسایی بە دەستە ڕاستی پرچی گرتبوو، پەنجەی گەورەی دەستی چەپیشی خستبووە دەمی و سەیری ئەو گرتە ئەکشنە تراژیدییەی دەکرد، کە چۆن تاکسییەک کەوتۆتە دوای ئۆتۆمبێلەکەی ئارام و دوو کەس بەخێرایی لە تاکسییەکە دادەبەزن و دەستڕێژ لە لە ئۆتۆمبێلەکە دەکەن، شووشەی جامی ئۆتۆمبێلەکە و مێشکی ئارام و پەمۆی نێو گوشینی ئۆتۆمبێل ئاوێتەی یەکتری دەکەن، دوایی دەسووڕێنەوە لای چەپ و پەلی ئارام دەگرن و وەک ئاژەڵێکی تۆپیو ڕادەیکێشن و هەڵی دەدەنە ناو جۆگەلەکە و خۆیان سواردەبن و پێ لە بەنزین دەنێن و دەڕۆن، کاتێ بە بەردەمی ماڵی گەلە مەنگۆلی ڕەتدەبن، گەلە بە هەموو هێزی کەرپووچەکەی بەر دەرگای

ماڵەکەیان کە ئێواران لەسەری دادەنیشت لە جامی دواوەی تاکسییەکە دەدا و وردوخاشی دەکات.

چوارەم: دایکی ڕەزاق لە پازدە ساڵی ڕابردوو، هیچ شتێک نەبوو نەیزانی و نەیبینی لەو کۆڵانە، چۆلەکە بەبێ بینینی دایکی ڕەزاقی بە کۆڵانێ ڕەت نەدەبوو. ئەو ڕۆژ لەژێر پەلکی پرتەقاڵەکان سەیری ماڵی ئامینەی بێوەژنی دراوسێیانی دەکرد تا بزانێ ئەو دەنگە گڕە پیاوانەیە چییە لەو ماڵە دێ، خۆ ئەو جگە لە هەر چوار منداڵەکانی کەسی تری نییە؟ دەبینی وریا سەر گەورەی کوڕی سەباح دوو گونی هاتووە موبەریدەی بۆ هەڵگرێ، بەم کۆتایی پاییزە، تۆزێ زیاتر سەیری کرد، دەبینی ئامینە خۆی کووڕ کردۆتەوە و خەریکی تەوافەی موبەریدەکەیە و وریا سەر گەورەش بە خۆی و تەراکسودە بۆرەکەی، کە تا خەتی قونی هاتۆتە خوارێ، ناوە ناوە خۆی لە ئامینە دەخشێنی و دەڵێ:

خوشکە ئامینە پووشەکانیش لێکەمەوە؟ ئامینەش نوقەی لێوە نایەت، ئەو جارە وریا بە تەواوەتی لە دواوە خۆی بە ئامینەوە دەنووسێنی و هەردوو دەستی بە سەرەوەی موبەریدەکە دەگرێ و کەم کەمیش بە هێواشی دەجولێ و دەڵێ: خوشکە ئامینە بڵندیکەم باشتر نییە؟

ئامینە: کوڕە سەر گەورە بڵندیکە بەس پاڵمەدە، سەرم چووە ناو موبەریدەکە.

دایکی ڕەزاقی بە وڕێنە: باشە ئەو قوندەرە سەر گەورەیە مەلای مزگەوتی بێزار کردییە ئەوەندی بچێتە نوێژی جەماعەت، ئێستا لۆ وەکی نێرەکەری مەراقی لە قونی ئامینەی دایە؟

بۆ ئەوەی باشتر ئەو گرتەیەی وریا سەرگەورە و ئامینە ببینێت، سەری زیاتر بردە نێو پەلکە پرتەقاڵەکان و ویستی پێی لە شوێنێکی بەرزتر دابنێ، دەنگی ئیستاپی ئۆتۆمبێل و دەسترێژ ڕاپانچڵەکاند و پێی

خلیسکا و خەزێمی لە چڵە دار پرتەقاڵەکە گیربوو، خەریک بوو کەپووی تا نێوچەوانی هەرزرێ، بەڵام دیاربوو پێستی زۆر چیڕبوو، تەنیا کەمێک خوێنی لێهات و بەدەستی ڕاستی کەپوی توند گرتبوو، بە خێرایی خۆی گەیاندە لای دەرگای حەوشە تا لە بینینی ئەوەش بێ بەش نەبێ. لە کەلێنی دەرگا سەیری کرد، لەو سەری کۆڵان دوو ئۆتۆمبێل وەستاون و چەند کەسێک بە پەلە دێن و دەچن و تەقە دەکەن.

دایکی ڕەزاق: بەخوای ماڵی دایکی ئارامییە، ئەو قوتە ژنە پیسە لێنەگەڕا ئەو کوڕە ڕۆژێک لە ماڵی خۆی بە ئیسراحەت دانیشێ، ئێستاش خوا بزانێ چییان بەسەر هاتبێ، ما ئەو هەموو فەردە پارانە چییە دەینی و دەبا، نازانێ خەڵک برسییە و هاربووە!

پێنجەم: موئەیەد قەساب وەک هەموو ئێوارەیەک بە جلی خوێناوی لە سەنتەری گەڕەکەکە لەلای مام عەبدوڵڵای عارەبانچی خەریکی لەفە خواردن بوو، دەبینێ ئەوە دوو

ئۆتۆمبێل زۆر بەخێرای دێن، کە نزیک بوونەوە، ئۆتۆمبێلی پێشەوە جامی شکاوە و دەعامی لەسەر زەوی دەخشێ و سێ کەسی ماسکداری تێدایە و تاکسییەکیش بە دواوەیانە! موئەیەد قەساب: مام عەبدوڵڵا ئەوە ئۆتۆمبێلەکەی ئارام نەبوو؟

شەشەم: عەونی بایع هەر بە پێوە و بەدەم نان خواردنەوە خەریکی ژماردنی فەردە ئاردەکانی بوو، لەگەڵ وەستانی ئۆتۆمبێلەکان سەری بردە دەرەوە، دەبینێ سێ کەس خەریکی گواستنەوەی کەلوپەلن لە ئۆتۆمبێلێکی تایبەتی بۆ نێو تاکسی، یەکێکیان عەونی بینی و تفەنگەکەی لە شانی هێنا خوارێ، عەونی هاواری کرد: ئۆدە ئۆدە دز هاتن هاردی بدزن هارد. تاکسییەکە بە تەڕناش هەستا و دەرچوو.

## شەرابی سوور

+ ئەم کاتەت باش دەتوانم لێرە دابنیشم؟

– فەرموو بۆ نا جێگا زۆرە هههههە.

+ نازانم جلەکانی من تەڕە، یا زۆر ساردە ئەمڕۆ هههههە؟

– ئەها وایە ساردە، بەڵام بارانێکی خۆشە، (بە زەردەخەنەوە).

گارسۆنەکە هاتە لایان: فەرموون؟

+ بۆ من چارەگێک عەرەق و ئاوێک و جاجیکێک، دوای نیو سەعاتی دیکەش چارەگێکی ترم بۆ بێنە. کوڕە ناوەڵڵا هەر ئێستا هەردووکیان بێنە، هههههە، ببوورە.

ئەی خانم بۆ تۆ چی بێنم؟

– نا ببووره من هیچم ناوێت، زۆر نامێنمەوە دەڕۆم.

+ بۆ نا؟ شتێکی سادە داوا بکە، بۆ خۆشمان کەمێک باسی چالاکییەکانی فیستیڤاڵی ئەمڕۆ دەکەین و بزانین بیروڕای ئێوە چییە دەربارەی ناوەندی ئەدەبی هههههه!

– داوای لێبوردن دەکەم بەخوا ناتوانم هەر دەبێ بڕۆم، ئەو هاوڕێیە داماوەم چاوەڕێمە لە ژوورەکە.

+ هەر لەبەر ئەو کچە؟ ئێستا بانگی ئەویش دەکەین، دوایی ئەوە هێشتان کاتژمێر شەش نەبووە؟ کاکە بزانە چ دەخواتەوە بۆی بێنە.

– دەباشە چارەگێک شەرابی سوورم بۆ بێنە، لەگەڵ شتێکی شیرین وەک شوکولاتە، یان هەر شتێکی تر.

+ ببووره ئیزعاجم کردی، بەڵام حەزم کرد بە یەکەوە دابنیشین، بێ تاقەت بووم لە بینینی ئەو هەموو پیاوە هههههه. لە کن من ژن هەموو شتێکە، مەبەستم لەلای من ژن زۆر گەورەیە.

- به پێکەنینەوە: هەموو ژنێک؟

+ نا بەو شێوەیە نا، هەموو ژنێکم بە شێوەی ئاسایی خۆش دەوێت بێ عیشق، بە چاوێکی پڕ حەزەوە سەیری دەکرد، بەڵام ژن هەیە سەرنجت ڕادەکێشێت و ناچارت دەکات خۆشت بووێت و بتخاتە ژێر هێزی جوانی خۆی!

مەرج نییە مرۆڤ ماوەیەکی زۆر یەکتر بناسێ تا خۆشەویستی دروست بێت، بەڵکو سەرنجێک بەسە بۆ ئەوەی ژنێکت بۆ هەتا هەتایە خۆش بوێت! دیسان بە چاوە برسییەکانییەوە سەیری کردەوە و پێکی کۆتایی هەڵدا و گوتی: هەر چەندە من دەمێکە جەنابتان دەناسم لە ڕێی تێکستەکانتەوە.

- قسەی پێ بڕی و گوتی: ببوورە، بەڵام من هیچ تێکستم نییە بڵاوکرابێتەوە، چۆن بینیوتە، یا بڵێین خوێندووتتەوە؟

+ پێکەنی و وەک ئەوەی کاری بێت، هەردەم بە مەستی وەڵامێکی بۆ هەڵەکانی دەدۆزییەوە: گیانی من تۆ هەموو جەستەت تێکستە، هونەرە، داهێنانە، ئەی ئەو دەموچاوە شیعرییەت نییە؟ ئەی ئەو پێستە سپییە و پرچە ڕەشە و شەرابە سوورە جوانترین کۆپلەی شیعری نین، هەر ئەم دانیشتنەی ئێمە لەم سووچە بەرانبەر ئەم خەڵکە، جوانترین تابلۆ نییە؟ عەیبە پیاو مەدحی خۆی بکات، هەر چەندە ئەوە مەدح نییە، بەڵام من ڕێک وەک مەسیح حەزم لە ژن و بۆن و شەرابە. پێکەکەی هەڵگرت: ئیتر بە خۆشی ئەو چاوە پڕ لە سیحر و میهرەبانییە، تا دوا دڵۆپ هەڵیقوڕاند و گوتی: ببوورە بابەتەکەم گۆڕی، بەڵام قەناعەت بکە ئەوانەی تێکستی جوان دەنووسن دیارن، مرۆڤی جوان ناتوانێت شتی ناشیرین بنووسێت، هەروەک مرۆڤی پیسیش ناتوانێت شتی جوان بنووسێت.

ببوورە X گیان دانیشتێکی خۆش بوو، بەڵام دەبێ بڕۆم، جوان نییە ئەو برادەرە بە تەنیا جێ بێڵم.

+ باشە دەی مادام هەر دەڕۆیت، هەتا ژوورەکەتان لەگەڵت دێم بابڕۆین.

لە نهۆمی دووەم ژووری ژمارە بیست!

بە بێدەنگی تا قاتی دووەمی هوتێلەکە بێ بیرکردنەوە.

Y: دەرگای ژوورەکەی کردەوە و بێ نیاز گوتی: فەرموو گیان کەمێک دانیشە!

+ چی دانیشم؟ چاوەڕوانی ئەو ڕستەیە نەبوو، بەڵام ئەو هەلەی باش قۆستەوە، کەسی لێ نییە؟ مەبەستم هیچ نییە، نەبادا بۆ تۆ خۆش نەبێ، دەی تۆ مرۆڤێکی ئازادی، وەک ئێمە نیت، داوای لێبوردن دەکەم! چووە ژوورەوە.

لەسەر جێگا دوو کەسییەکە لەسەر پشت ڕاکشا، گوتی: ئەم شەو جوانترین شەوی منە، دوو ساڵە چاوەڕوانی ئەو شەوەم، ئەوە چ قەدەرێکە مرۆڤە عاشقەکان بە یەک دەگەن، هەردەم عاشقان چارەنووسیان دابڕان و

مەینەتی و گریان بووە، ئەوە چ خەڵاتێکی خواییە، چ شانسێکم هەیە؟ خودایە زۆر سوپاس بۆ ئەم فیردەوسە جوانەی ئەم شەو، کەمێک دەنگی نزم کردەوە: خودایە ئەم شەوە چ شەوێکە، تەواو ئەوەیە کە من دەمەوێت تا بەیانی سەما دەکەین و خۆشەویستی دەگۆڕینەوە.

بەهێواشی و دوودڵییەوە سەری بەرزکردەوە: Y گیان توخودا ئەگەر دەستت نەخەیتە سەر دڵم؟

Y بە هێواشی و گومانەوە چووە لای دانیشت و دەستی خستە سەر دڵی، دوای کەمێک X خەو بردییەوەو پڕخەی هەتا قاتی پێنجەم دەڕۆیشت!

بەیانی زوو X لەخەو هەڵسا، هەستی کرد لە شوێنی خۆی و ژووری خۆی نییە، سەیری چوار دەوری کرد، جگە لە خۆی کەسیتر لە ژوورەکە نەبوو، سەیری حەمامەکەی کرد، ئەوێش کەسی لێ نەبوو؟ بیری کردەوە خودایە ئەوەی دوێنێ شەو خەون بوو؟ نا خەونی چی، ئەوە نییە بە جلەوە نووستیمە، سەیری

ژوورەکەی کرد نا ئەوە ژووری من نییە، ئەی کوا Fی برادەرم، بەڕاکردن ڕۆیشتە قاتی سێیەم. لەبەر خۆیەوە بە وڕێنەوە: بە شەرەف حەیام چوو، شەرەفم شکا، دەبێ چەند شتی قۆڕم کردبێ؟ باشە چ بگێڕمەوە، بڵێم لە کێندەر بووم؟ کوڕە دەڵێم: یەک بتڵم خواردەوە و دووشم کرد و یەکسەر خەوم لێکەوت.

- جەنابی X ئەوە چیرۆکی فێڵەکەی ئێوە بوو بۆ خەڵەتاندن و پەیوەندی دروست کردن لەگەڵ ژنان، کەچی ئێستا من تاوانبار دەکەی، لە بیرتە کاتێ نامەت بۆ دەناردم و دەتگوت: ژیانی من بە تۆ بەستراوەتەوە، ئیتر تەواو ناتوانین جیابینەوە، ناتوانین یەکتر لە بیر بکەین، ناتوانین ڕقمان لە یەکتر بێت؟ ئەو هەموو ئامۆژگارییە، وەک ئەوەی لە ئاسمان بۆت هاتبێتمە خوارەوە، خۆت شێت و شەیدا نیشان دەدا. ڕاستە من وەک کەسێکی سادە و نەزان زوو هەڵخەڵەتام و کەوتمە داوتەوە، بەڵام گوناحی من نییە بڕوا بە کەسێک بکەم،

که ئامادەبوو بۆ بەدەست هێنانی من، هەزار کاتژمێر درۆم بۆ بکەیت، خۆی بکاتە فەرهاد و کێوی بێستوون کون بکات و هەموو ڕۆشنبیری خۆی و کەسایەتی خۆی و مێژووی خۆی بکاتە قوربانی ڕستەیەک بۆ ڕازی کردنی من، کە بەس بڵێم: باشە! نازانم مرۆڤ چۆن دەتوانی وا بژیێ کە نایەوێت، چۆن دەتوانێ خۆی وەک مرۆڤێکی ئازاد نیشان بدات، کە نەک ئازاد نییە، بگرە ئازادی ئەوانی تریشی قبووڵ نییە. خۆ گرنگ نییە تۆ منت هەڵخەڵەتاند و ناوت زڕاندم و بە خەڵکت گوت سەیرکەن من دەتوانم هەموو ژنێک ڕازی بکەم. گرنگ ئەوەیە تۆ ئیتر خۆتت بۆ ئاشکرابوو، کە تۆ کێیت و ئازایەتی و ئازادی چەندە و خۆشەویستی چییە و بەڵێن و درۆ چەندە قورسن، ئەگەر تووشی کەسێک بیت لێپرسینەوەت لەگەڵ بکات.

+ بزانە تۆ خۆت دان بەوەدا دەنێیت، کە هەزاران کاتژمێر ئامادەبوومە قسەت لەگەڵ بکەم، ئامادەبوویمە

هەموو دۆست و برادەران و کەسوکارم بکەمە قوربانی تۆ، من بۆ تۆ دەژیام، من تووشی چەندان شەڕ بووم لەم ماوەیە لە سایەی تۆوە، من ڕووبەڕووی گەورەترین کێشە بوومەوە، خەریک بوو نەک کارم، بگرە ژیانیشم لەدەست بدەم، ئەو هاوڕێیانەی چەندان ساڵە لە یەک دانەبڕاوین، لەم ماوەیەدا بە هەفتە نەماندەتوانی یەکتر ببینین، ئەمانە و چەندان شتی تر، من دەمپاراستی، من فێری دنیایەک شتی تازەم کردی کە پێشتر نەتدەزانین. بە دەیان شەو و ڕۆژ لە باوەشم گرتی لە کاتی نەخۆشی و ساردی زستان و ترسی هەورە تریشقە، کە بۆ ژنەکەی خۆم ئەمەم نەکردووە، تۆ تاکە کەس بووی خۆشم ویستبی، تۆ ژیانت گۆڕیم، بەڵام ئاخ مەغروری، ڕازی نەبووی وا بەردەوام بین، برادەران دەیان گوت: کوڕە تۆ ئەو جارە تێدەکەوی، تۆ ناتوانی لەمە ببەیتەوە، ئەوە سەرسەختە، ئەوە لەو ژنە شێتانەیە، کە بە هەموو شتێ ڕازی نابێ و لێت خۆش نابی؟ بەڵام کوێر ببووم و کۆنترۆڵی خۆم لەدەستدابوو،

کەوتبوومە ژێر دەسەڵاتی ئەوەی پێی دەوترێت (خۆشەویستی) هیچ لایەنی خراپی تۆم نەدەدی، هەردەم تۆم بەڕاست دەزانی...

- دەزانی تۆ زۆر سەیری، من دەمپاراستی و تووشی کێشە بوویمە و فێری زۆر شتم کردی! ئەم شتە قۆڕانە چییە بۆ منی باس دەکەیت، پێم دەفرۆشیت؟ سەیرکە من ئەوە تەمەنێکە بەو شێوەیە دەژیم، بەشێکی چارەنووس بۆمی دیاری کردووە، بەشێکیشی خۆم ویستوومە ئاوهابێ، چونکە پیاوەکان هەردەم خۆیان وا نیشان داوە، کە بەبێ ئەوان ژیان سەخت و دژوارە، بەڵام من ئەمەم دەمێکە ڕەتکردۆتەوە و زۆرترین کات تەنیابوومە، مەبەستم گۆشەگیری نییە، خەڵک هەبووە لە دەورم، بەڵام وەک ئەوەی خۆم ویستوومە، ئەمە یەک. دوو: تووشی کێشە بوویمە، ئەمە مانای چییە؟ بۆ پێت وایە من سەگم لەسەر شەقام کەوتووم و تۆ هاتوویت هەڵتگرتوومەتەوە، هەر کات ویستبێتت پیاسەیەکم پێ

بکەیت و پاشان بمبەیتەوە کۆلیتەکە؟ تۆ ئەگەر کاتت بۆ من نەبێ، منیش کاتم نییە بۆ تۆ! پاشان تۆ فێری چیت کردووم؟ ئەو کاتەی من لەگەڵ دەیان هاوڕێ چیرۆکمان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە و پاشان بە مەستی سەمامان دەکرد، تۆ لەکوێ بووی؟

+ بەسە بێتامی مەکە، کەواتە باشت ڕابواردووە لە ژیانت و ڕابردوویەکی چاکت هەیە لەگەڵ پیاوان من نەمزانییە؟ ئەو هەموو خەڵکە لە دەورت چی دەکرد؟ بەڕاستی زیرەک بوویت، پێدەچێت باش سەرنجت ڕاکێشابن و سەرسامت کردبن! هههههه

- مەبەستت چییە، پێتوایە لەشفرۆش بوومە؟ خۆم بە تۆ و باب و باپیرت ناگۆڕمەوە، جارێکی تر ئەم قسانە بکەیت خۆم دەزانم چی دەکەم! من ئازادم چی دەکەم، یا چی ناکەم تۆ بۆت نییە سنوور بۆ من دابنێیت..

+ ڕاستە بۆم نییە سنوور بۆ تۆ دابنێم، بەڵام خۆ دەتوانم سنوور بۆ خۆم دابنێم، کە چیتر نزیکی مرۆڤی سووک و بێ ڕەوشت نەکەوم.

- دەزانی چی چیتر قسەی وا بکەیت لەم شارە حەیات دەبەم و شەرەفت دەشکێنم، خۆت باش دەمناسیت، باکم بە هیچ شتێ نییە!

+ هههه، بزانە بێگومان دەتوانی هەموو شتێ بکەیت، چونکە تۆ هیچت نییە تا بیدۆڕێنیت، تۆ ئەسڵەن پەروەردە نەکراوی و ناشزانیت مانای حەیا و شەرەف و سووکی و ڕێز و کەرامەت و ئەو شتانە چییە! تۆ کەست نییە و کەسیش تۆی ناوێ، بە مانای هەژاری نا، بەڵکو کەس نایەوێت خۆی بخاتە مەترسیی و نەگریسی تۆوە، خەڵک لە نێوان سەگ و مرۆڤی بێ وەفا، دۆستایەتی سەگەکە هەڵدەبژێرێت، چونکە سەگ بە خاوەنی خۆی ناوەڕێ! تۆ شومی هەر کەسێ لێت نزیک بێتەوە دەسووتێ.

– دەزانی سەیرم بە پیاوی لای ئێوە دێ، بەر لە هەموو شتێک عەیبە بە ئێوە بڵێن پیاو، چونکە پیاو دەبێ سەنگین و ڕاستگۆ بێ، پیاو دەبێ بە هێز و ئازابێ، پیاو دەبێ جەربەزە بێ، کە شتێکی بە ئارەزووەوە کرد پەشیمان نەبێتەوە و خۆی وەک قەشمەر نیشان بدات. من کە دەڵێم دەتوانم مانای وایە لێتی قبووڵ ناکەم، واتا ئەگەر بتەوێت پێمڕابوێریت هەردوو چاوت دەردێنم، ئینجا وەرە با بزانین کامەمان شەلاتیتر و خوێڕیتر و حەرامزادەین؟ ئەگەر من سووک و بێ ڕێز بم، ئەوە بەهۆی تۆوەوەیە! پاشان من کەسم نییە ڕاستە، بەڵام خۆمم هەیە، کەچی تۆ نازانیت خۆبوون یانی چی، هێشتان منداڵی.

+ ڕەنگە من منداڵ بم، بەڵام بە دوو ڕستە دەیان ژنی وەک تۆ ڕازی دەکەم، هەموو ئەوانەی وەک تۆ زمانیان درێژە، پێویستیم بە دوو ڕستەیە، بڵێ دوو کاتژمێر، کاکە بڵێ دوو ڕۆژ، تا بیانخەمە باوەشم، هەموویان

کاتێ دێنە باوەشم وادەزانن لە بەهەشتن و هەست بە ئارامیی ڕەها دەکەن و نایانەوێت بڕۆن، لە خۆم ناگەم، نازانم بۆ ئەوەندە حەزیان لە منە؟!

- بەسە (بە دەنگێکی یەکجار بەرز) تۆ درۆ دەکەیت، جگە لە قەحپە ئەسڵەن کێ سەیرت دەکات، ناشیرین تۆ بوختان بەخۆت دەکەیت، تۆ لە ژیانت ژنێکت بە خۆشەویستی و دڵ سافی لە باوەش نەگرتووە، مەگەر قەحپە، دەنا باوەڕ ناکەم کەس تۆی بەو هەموو درۆیانەوە خۆشویستبێ، ئەقڵ بچووکی وەک تۆ توانای وەرگرتنی خۆشەویستی نییە، جگە لە عارەق خواردنەوە لە چیتر دەزانی، شەرم دەکەم لە برادەرایەتی تۆ، نازانم چۆن ئاستی ڕۆشنبیریم ڕێگەی دام لە کەسێکی وا نزیک بکەومەوە، ئینجا ئەگەر عاقڵ نەبیت خۆم عاقڵت دەکەم.

+ هههههه هەموو جارێک کە تووشی ئەو قسانە و ئەو هەڕەشانە دەبمەوە، هەمووی لە لایەن ئەو ژنانەن کە

یان قەحپەی ڕەسمی مەلهاکانن، یان ئەو ژنانەن کە ئەو دەست و ئەو دەستیان زۆر کردووە.

- بە چاو سوورهەڵگەڕاوی جانتاکەی کردەوە و پاکەتێک حەبی دەرهێنا و لە چاوترووکانێک هەر هەمووی قووت دا.

## پێکەنین قەدەغەیە

مامۆستا ئەسوەد ئەو ڕۆژە زۆر بێزاربوو، لۆچەکانی نێوچەوانی زیاتر ببوون، بەرانبەر قوتابییەکان وەستا و پێش ئەوەی بڵێ ڕۆژباش و وانە بڵێتەوە، بە دەموچاوە وردیلەکەی وەک منداڵێکی زویر گوتی: کوڕینە ئەم وڵاتە جێگەی پیاوی ژیر و دڵسۆز و باشی تێدا نابێتەوە، لێرە ڕۆژانە سەد جار لەلایەن خەڵکی پایە نزم و سووک هەستت بریندار دەکرێت.

یەکسەر مووچڕکە بەسەرتاپای لەشم داهات، هەستم کرد یەکێک لەمانە منم.

ماوەیەکی زۆر بیرم کردەوە، تا بە یەکجاری گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە بەڕاستی ئێرە جێگای من نییە، دەبێ بڕۆم. ئیتر لەگەڵ چەند کەسێک ڕێککەوتین و دوای چەندان ڕۆژ گفتوگۆ و خۆ ئامادەکردن، بە ئۆتۆمبێل و

ئەسپ و پاس و لۆری و شەمەندەفەر و کەشتی ڕێگەمان گرتەبەر، بەنێو شاخ و دۆڵ و دارستان و ڕووبار و شار و شارۆچکە و گوند و زێ و دەریا، چەندان جار لەگەڵ یەکتر بە شەڕهاتین و پێکهاتینەوە، چەندان جار فێڵمان لە یەکترکرد و پەشیمان بووینەوە تا گەیشتین، گرینگ نەبوو کامە وڵات، گرینگ ئەوەبوو ئەوروپا بێت، مانگی یەکەم لە کەمپ زۆر خۆش بوو، پاشان بێزاریی دەستی پێکرد، دواتر دڵخۆش بووین، کە ئازاد بووین و دەمانتوانی بۆ هەر شوێنێک کە دەمانەوێ بڕۆین، ئیتر بۆ لای برادەرێک لە شار ڕۆیشتم، دەمێک بوو هاتبووە دەرەوە، نزیک نیوەڕۆ گەیشتمە ناو شار، تەلەفۆنێکم بۆی کرد، گوتی: لەسەر کارم چاوەڕێکە کاتژمێر چوار دەستهەڵدەگرم و دێم بەدوات، چوار کاتژمێر وەک پشیلەیەکی کێوی بە نێو سەنتەرەکە دەسووڕامەوە کەس سەیری نەدەکردم، بەڵام کەسیش بەردی تێنەدەگرتم، سەرم بە هەموو شوێنکدا دەگرت، دەچوومە هەر دوکانێک یەکێک

بەرانبەرم دەهات و بە پێکەنین قسەی لەگەڵ دەکردم، منیش هیچی لێ تێنەدەگەیشتم، پێدەکەنیم و دەچوومە دەرەوە، لەسەر یەکێک لە دوکانەکان وێنەی پیاوێکی کاوبۆیی هەڵواسرا بوو، شەپقەیەکی لەسەر و قامچییەکی بە دەستەوە بوو، بەڵام پانتۆڵەکەی لای دواوەی پێوە نەبوو، هەستم کرد ئەوە دنیای منە، دنیای کلاسیک و ئازایەتی و ململانێ، سەرم بە ناوەوەی دوکانەکە داگرت هەمووی ئامێر و ئامرازی سێکسکردن و کاسێتی ڤیدیۆ و سیدی سێکسی هاوڕەگەزی پیاوان بوو، پیاوێکی سمێڵ گەورەش لە پشت کاسەکەوە دانیشتبوو، بەبێ ئەوەی سەیری کەس بکات بەردەوام گۆڤارێکی سێکسی دەخوێندەوە، بە پەلە ڕۆیشتمە دەرەوە، لەو کاتە سێ چوار کەسی سەر ڕەشی ڕۆژهەڵاتی بە وێندەر تێپەڕین، تەماشایەکی منیان کرد و لە قاقای پێکەنینیان دا.

کاتژمێر چواری تەواو برادەرەکەم هات، دوای چاک و چۆنی چووینە وێستگەی میترۆ، ویستم جگەرەیەک داگیرسێنم برادەرەکەم گوتی: نەکەی قەدەغەیە. ناو دەمم زۆر تاڵ بوو تفێکم فڕێدا برادەرەکەم گوتی: ئەوە چیت کرد؟! تف فڕێدان قەدەغەیە. زۆر هیلاک بووم حەزم دەکرد دانیشم کورسییەکانیش هەمووی گیرابوو، بۆڕییەک بە بن دیوارەکە ڕاکێشرابوو، نزم بوومەوە دانیشم برادەرەکەم گوتی: دامەنیشە قەدەغەیە ئەوە بۆڕی سارد و گەرمییە. میترۆکە گەیشت و سەرکەوتین دوو خولەک لەژێر زەوی، دوو خولەک لەسەر زەوی ڕۆیشت، ئینجا هەردووکمان دابەزین، ماوەیەک بە پێ ڕۆیشتین تا گەیشتینە بەر دەرگایماڵیان، پێش ئەوەی دەرگاکە بکاتەوە، گوتی: لە نێو مەمەڕەکە قسە ناکەین با پیرەژنی خاوەن خانووەکە نەزانێت میوانم هێناوەتەوە. بەبێ دەنگی نەمانهێشت دەنگی پێکانیشمان بێت، تا چووینە نهۆمی سێیەم، دوای ماندوو حەسانەوەو نان خواردن و قسەکردن، برادەرەکەم چووە حەمام، منیش

تەلەفزیۆنەکەم پێکرد، یەکێک لە کەناڵەکان ژنێکی لەسەر بوو بە وەرەقەی قومار جادووی دەکرد، لە ناکاو برادەرەکەم بە خێرایی لە حەمامەکە هاتە دەرەوە، زۆر ترسام شتێکی بەسەر هاتبێت، گوتی: کوڕە ئەوە بۆ قوڕم بەسەری دەکەی، زراوم چوو، خوایە دەبێ چ ڕووی دابێ! برادەرەکە: ئەوە کاتژمێر هەشتە ئێستا دراوسێکان دێن. منیش گوتم: ئەوجا بۆ قوڕت بەسەری دەبێت، کە هاتن چایەک، یا قاوەیەکیان بدەرێ خۆ نامریت، کەس لە میوان ترساوە؟ برادەرەکە لەسەری خۆی دا، گوتی: کوڕە دەنگی تەلەفزیۆنەکە کزکە، ئەوان لە ڕقی ئەوە دێن، چونکە دوای کاتژمێر هەشت دەنگە دەنگ و پێکەنین بە دەنگی بەرز قەدەغەیە.

بەیانی زوو برادەرەکەم بانگی کردم، چاوەکانم لە خەوان نەدەکرانەوە، گوتم: چی بووە؟ گوتی: درەنگە کاتژمێر شەش دەبێت لەسەر کاربم، تۆش دەگەیەنمە وێستگەکە، تا بچیتەوە کامپ. منیش گوتم: نا وەڵڵا

بمگەیەنە لای پۆلیس من دەگەڕێمەوە وڵاتی خۆم، ئەو گەوادییە بە من ناکرێ.

# فەرماندە

فەرماندە فریاکەوە دوژمن زۆر نزیکە؟

وریابن و ورەتان بەهێزبێ.

فەرماندە فەرمانمان پێکراوە چۆلی بکەین، دەڵێن ڕێککەوتووین؟

شتی وا نییە درۆ دەکەن، پروپاگەندەی دوژمنە.

فەرماندە بۆ قسەیەکیان لەگەڵ ناکەی بەیەکەوە دوا بڕیار بدەن؟

هههه ئەو خوێڕییە هی ئەوە نییە!

فەرماندە بمبوورە، بەڵام ئەو بەرپرسی ئێمەیە؟

ئەو ئیشە لەو گەورەترە مەترسە.

فەرماندە ئەوەتا لەسەر هێڵە؟

دەبزانە چی دەوێت.

...........

فەرماندە دەڵێ تەواو؟

هههههە ورەتان نەڕووخێ بەم فشەکەرانە!

فەرماندە دوژمن گەیشت؟

فەرماندە، فەرماندە، فەرم...

خاتر الله خاتر الله.......

# ئایدز

زۆر ئاسایی وەک هەموو بەیانییەک لەگەڵ لێدانی کاتژمێرەکەی ڕادەچڵەکا و پاشان بە هێواشی قیت دەبۆوە، چەند چرکەیەک لە جێگەکەی خۆی دادەنیشت، ئینجا بە خواروخێچی هەڵدەستاو لەژێر دووشەکە ئاوێکی بەخۆی دا دەکرد، تۆپێک کرێمی لە سەر و پرچی دەدا، لەتێک نانی بە کەرە و پەنیر دەکرد و چایەکی سەفەری ئامادە دەکرد، چەند قومێکی لێدەدا و جارێکی تریش دەگەڕایەوە لای ئاوێنەکە، دەستێکی تری بە پرچی دادەهێنا و برۆکانی ڕاست دەکردەوە و بە نینۆکی چەند موویەکی لە کوڵمەکانی ڕادەکێشا دەرەوە. لە ناکاویش وەک شێت لە تریقەی پێکەنینی دەدا، تا دەموچاوی بگەشێتەوە، بەدەنگی بەرزیش لەبەرخۆیەوە (کێوە دەچی ئەوڕۆ هەر ئیقناعی دەکەم) سەیرێکی کاتژمێرەکەی کرد چەند خولەکێک لایداوە، بە ڕاکردن لە

پێپلیکانەکە ڕۆیشتە خوارەوە، لەوێش بۆ باڵەخانەکەی بەرانبەریان کە کۆرسی زمانی تێدا دەخوێند لە سەنتەری شار، کۆرسەکەی پڕ لە کچی جوان بوو، لە سی کەس تەنیا ئەو و چوار کەسی تر کوڕ بوون، جگە لەمیش ئەوانی تر هەر هەموویان ڕووس بوون، زۆر شادمان بوو، هەموو کات دەیگوت: من هەم زمان دەخوێنم و فێری کار دۆزینەوە دەبم، هەم لەنێو کچانم و برادەرێک بۆخۆم دەدۆزمەوە، کەچی ئەم بەیانییە زۆر پەشۆکاو و بێزار بوو، لەبەر خۆیەوە جنێوی دەداو وڕێنەی دەکرد، باشە ئەو سەر ئێشەیە بەس نییە ڕۆژانە دەمگرێت، ئەی ئەو سک چوون و گەدە هێشانە چییە بەردەوام یەخەم بەرنادات؟ لە کۆرسەکە زۆر پەست دەبوو بە تایبەتی ئەو کاتانەی مامۆستاکەی پێی دەگوت: ئەوە بۆ چاوەکانت سوورهەڵگەڕاون. مەبەستی ئەوە بوو کە حەشیشەی کێشاوە، چونکە ڕووسەکان بەمە ناسراو بوون زۆر جار لە کاتی پشووی نێوان وانەکان دەیانکێشا، کەچی ئەو زۆر ڕقی لەم کارانە بوو،

کەچی ئەمەشیان پێ دەگوت. ئەم بەیانییە لە جیاتی بچێتە کۆرس، ڕۆیشتە لای دکتۆر، دوای کاتژمێرێک چاوەڕانی و هەڵدانەوەی پەڕی گۆڤارەکانی سەر مێزی ژووری چاوەڕوانی، ئینجا سەرەی چوونە لای دکتۆری هات، دکتۆر تەوقەیەکی لەگەڵ کرد و پرسی: فەرموو چیتە؟

ئەمە ماوەیەکی زۆرە بێ هێزم، خواردنم زۆر کەمبۆتەوە نازانم بەتەواوەتی چیمە، هەر جارەو جێگەیەکم دێشێت، هەست دەکەم تەندروستیم بەرەو خراپی دەچێت.

دکتۆر گوتی: نا نا هەفتەی ڕابردوو کۆنترۆڵم بۆت کرد، هیچ شتێک نییە جێگەی مەترسی بێت، لەوانەیە زۆر بیر بکەیتەوە، نەخۆشی لەو جۆرە زۆر دێنە لام، بە زۆریش پەناهەندەن وەک تۆ، جا بۆیە پێموایە تاکە ڕێگا ئەوەیە چیتر بیر لەو شتانە نەکەیتەوە کە پێی بێزار دەبیت، هەروا ئەو خواردنانەی دەبێتە هۆی سک

هێشانت کەمیان بکەوە، هەوڵدە تێکەڵی خەڵکی ئێرەبە و ئیتر واز لە ڕابردوو بێنە، ئێستاش بڕۆ با خوێن و میزت کۆنترۆڵ بکەن، لە دەرەوە کچێکی ناسک و جوان بە جلی سپی، ڕەنگی پێست و ڕەنگی جلەکانی لەیەک دەچوو، دەتتوانی یەکە بەیەکەی دەمارەکانی بەلەکی ببینی، دیاربوو تازە هاتبووە سەر کار، شورنقەیەکی هێنا و لە شادەماری قۆڵی ڕاکرد، پڕی خوێنی کرد و پەرداخێکی پلاستیکی دایێ بۆ میز، پاشان بتڵێک ئاوی لە لەشی کرد تا خواردنی باشتر پێ بخورێت، کە تەواو بوو کچە گوتی: ئێستا لەشت گران دەبێت، کەمێکیش حەزت دەچێتە خەو بەهۆی ئاوەکە، ئەمە بۆ زانیاریت، دوای سێ ڕۆژی دیکە ئەنجامی کۆنترۆڵەکەت دەردەچێت. کە گەڕایەوە کۆرسەکەی، وانەی دووەم بوو، چووە ژوورەوە، هەموویان بە دەنگی بەرز پێکەنین، ئەمیش بە بێزارییەوە بێ ئەوەی لە مەسەلەکە بگات پێکەنی، مامۆستا (ئۆدە) ژنێکی زۆر لەسەرخۆ و هێمن بوو، هەڵسوکەوتی قوتابییەکان بە هیچ شێوەیەک

بێزاریان نە دەکرد، بۆ یەکەم جار بوو بپرسێ: ئەوە بۆ پێدەکەنن؟

- ئەمانیش پێکەوە گوتیان: چونکە تازە لە خەو هەڵدەستێت، ماڵەکەشی دە مەتر لێرەوە دوورە. ئازاش بە هۆی ئاوەکەوە خەریک بوو خەو دەیبردەوە، لەگەڵ ئەوەش وەڵامی دانەوە: نەخێر ئێستا لە خەو هەڵناستم، بەڵکو لەلای دکتۆر دەگەڕێمەوە، دووبارە هەموویان لە قاقای پێکەنینیان دایەوە. مامۆستا ویستی بابەتەکە بگۆڕێت، تا ئازا بەخۆیدا نەشکێتەوە، پرسیاری کرد: باشە دەی ئێوە دەزانن، چەند بەشی ئاخاوتن هەیە لە زمانی ئەڵمانی؟ یەکێک گوتی دە، یەکێکی تر گوتی هەشت، ئەوی تر گوتی دوازدە، بەم شێوەیە وانەکە کۆتایی هات. ئازا لەم کۆرسە لەبەر تاتیانە ئاگای لە هیچ شتێک نەبوو، بە تەواوی عەشقی ببوو، لە گشت پشووەکان خۆی لێ نزیک دەکردەوە، زۆر جاریش لە دوای تەوابوونی کۆرس میوانداری قاوە خواردنەوە، یا

پیتزای دەکرد، ئەمیش ناوە ناوە پێی دەگوت: باشە تۆ هەست ناکەیت کەمێک کێشت کەمە، باشتر نییە هەندێکی تر زیاد بکەیت؟ بەم قسەیە ئازای زۆر نیگەران کرد، بۆیە پەلەی لە دانیشتنەکە کرد و کۆتایی بەدانیشتنی ئەو ڕۆژە هێنا.

لە ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ ماڵ، کەریم ئەلبانی بینی کە پێشتر بەیەکەوە چەند مانگێک ئیشی ڕەشیان کردبوو. کەریم لە کار و کردەوە تەواو پێچەوانەی ئازا بوو، کوڕێکی درێژی لاواز، لاوازتر لە ئازا هەر شتێکت دەویست لای ئەو کەریمە دەستدەکەوت، زۆر ڕقی لە کارکردنی ئاسایی دەبۆوە، هەموو هیوا و ئومێدێکی ئەوە بوو هەلێکی بۆ بڕەخسێت و کارێکی نایاسایی بکات تا زۆرترین پارەی لێ دەسکەوێت، لە ژنەکەی زۆر بێزار بوو، جگە لەوەی دوو کولتووری جیاواز بوون، دەبووە ڕێگریشی لەبەردەم کارە نابەجێکانی، ئەو ژنە خەونی بوو کەریم وەک پیاوێکی ئەڵمانی ئاسایی

هەڵسوکەوت بکات، ڕۆژانە کاری خۆی بکات و کاتەکانی تریش لەگەڵ ئەم بەسەربەریێت، ئەمەش پێچەوانەی ئاوات و ئامانجەکانی کەریم بوو، بەڵام لەبەر ئیقامەکەی نەیدەتوانی دەستی لێ هەڵگرێت، نەوەک ڕەوانەی ئەلبانیای بکەنەوە.

کەریم: ئازا... خەریکی چیت؟

- خەریکی کۆرسی زمانم. کەریم پێکەنی و سەری بادا، ئەی خوایە ئەگەر وەک تۆ پارچە کاغەزێکم وەردەگرت و دەمتوانی بەبێ کێشە بە هەموو شوێنێک بسووڕێمەوە و سەفەر بکەم، ئینجا دەمزانی چیم دەکرد، باشە تۆ بۆچی ئەو کاتە جوانە بەفیڕۆ دەدەیت، کەی بیر لە ئیشێکی عاقڵانە دەکەیتەوە؟

- دەباشە چی بکەم؟

کەریم: بڕۆ لە هۆڵەندا ماددەی بێ هۆشکەر بێنە، منیش بە زووترین کات دەیفرۆشم. کوڕە بێدەنگبە با کەس

گوێی لێ نەبێ، دەتەوێت بگیرێم و حەیاشم بچێت، بەخۆت دەزانی ئەو جۆرە کارانە لە نێو کۆمەڵگادا چ حیسابێکی بۆ دەکرێت، بەتایبەتی لە نێو ئێمەی ئیسلامدا.

کەریم: ئێ تۆ مەیکێشە، بەس بیهێنە و بیفرۆشە، وەک خەڵکی مەغریب و جەزائیر و تورکیا. ئەوەش نا، وەرە ئۆتۆمبێل هەیە تازەترین مۆدێل بە نیوەی ئەو بەهایەی کە هەیەتی، بیبە تورکیا، یا عێراق لە ئیتاڵیاش ئۆتۆمبێلەکە وەرگرە.

– کەریم ئەوانە ئیشی من نییە دەڕۆم، دەی کاتێکی خۆش. کەریم پێش ئەوەی بڕوات: ئەها مۆری زێڕیش هەیە ئەگەر کەسێک ویستی، هەروەها کۆمپیوتەری لاپتۆپی تازەش هەیە، هەر بەخۆشی گوتی ئەو قسانەی من زیادن، چونکە تۆ دەترسیت، مرۆڤ بترسێ دەوڵەمەند نابێت.

بەیانی (ئیرینە) ساڵڕۆژی لەدایکبوونی بوو، تەواوی پۆلەکەی بۆ ئاهەنگی ئێوارە دەعوەت کرد، (زاشا) بە

ئازای گوت: ئێوارە دوای تەواوبوونم لە یاری (ئایس هۆکی) دێمە دوات و بەیەکەوە دەڕۆین بۆ ئاهەنگەکە. تازە تاریکایی باڵی دەکێشا، ئازا بە دیار فیلمێکی پۆلیسی ئەمریکی دانیشتبوو، لەو کاتەی قومارچییە دۆڕاوەکان زۆر بە لێزانییەوە بانکی گازینۆی لاس ڤێگاسیان دەبرِی، ئەوەندە ڕۆچۆبووە نێو فیلمەکە ببووە دزی هەشتەم، لە ناکاو زەنگی دەرگاکە لێدرا، ئازا ڕاچڵەکی، وایزانی دەستگیر کرا، پاشان چاکەتەکەی هەڵگرت و یەکسەر چووە خوارەوە و بە ئۆتۆمبێلەکەی زاشا ڕۆیشتن.

زاشا: دەڕۆینە ماڵی ئێمە جلەکانم دەگۆڕم، ئینجا دەچینە ئەویٚ، کێشەش ئەوەیە ژنەکەم حەز دەکات بەشداری لە ئاهەنگەکە بکات، بەڵام من حەزناکەم لەگەڵمان بێت، چونکە هیچ تامی نییە ژنی خۆت لەگەڵ بێت. ئازا وەڵامی نەدایەوە، چونکە دەیزانی دەردەسەری ژنی ناشیرین چۆنە، هەرچەندە زگورتی بوو، بەڵام ئەوەی لا ئاشکرا

بوو کە هەموو کەس حەزی لە ژنی جوانە ئەگەر شانسی هەبێت، بیری بۆ ئەوە دەچوو لەو جۆرە ژنانەبێ کە سەرپۆش و جلی کولتووری هەزار ساڵ لەمەوبەریان لەبەربێ، سمێڵیان داو داو سەری دەرکردووە و حەوت هەشت منداڵیان بەدواوەیە، پیاوەکانیان شەرم دەکەن بۆ هەموو شوێنێکی کراوە لەگەڵ خۆیان بیانبەن، لەو بیرکردنەوەیەدا بوو گەیشتنە بەردەمی ماڵیان، بە پەیژەکە سەرکەوتن بۆ قاتی یەکەم، زاشا لە دەرگای دا، بەخێرایی دەرگاکە کرایەوە و کەس لەپشت دەرگاکە نەما، بەدوای یەکتری چوونە ژوورەوە، وا دیاربوو ژنەکەی نەیزانی کە زاشا برادەری لەگەڵە، لە مەمەڕەکە تێپەڕین ژوورێک کە هی نووستن و دانیشتن بوو، زاشا: ئازا ئەوە ژنەکەم ئەلیسیا، ئەلیسیا ئەوە هاوڕێکەم ئازا، ئەوەی هەموو ڕۆژێ باسی دەکەم.

ژن چ ژن! کە هەڵسا سەرپێیان خەریک بوو ئازا ببوورێتەوە، بەژنێکی باریکی شووشەیی، پرچێکی

قاوەیی درێژ، تێکەڵ بەداو داوی یاسەمینیی، دوو چاوی قاوەیی گەورە، دوو برۆی کەوانەیی لەسەری، جووتێ لێوی سووری ئەستوور، زۆر بە ناسکی لەسەر یەکتری بوون، دەتگوت بۆ ماچ دروست کراون، جووتێ قاچی درێژی سپی، تەنوورەیەکی کاوبۆیی تا سەر ڕانی کورت، لەگەڵ کراسێکی ڕەشی نیوقۆڵ، هەر دوو قۆپچەی لێ داخستبوو، بەشەکەی تری لەسەر ناوکی گرێ دابوو. ئازا هیچی پێ نەوترا، چاوەکانی یەک جاریش نەترووکاند، زاشا وایزانی شەرم دەکات، نەیدەزانی شتی وای لە نزیکەوە نەدیوە، ئازا لە دڵی خۆی گوتی باشە ئەو شەرەف سزە بۆ ئەو حۆرییە لە ماڵ جێدەهێڵێ؟ چما کەسی وا جوان هەیە لە ئاهەنگەکە تا....

زاشا لە ڕێگە بە ئازای گوتبوو ژنەکەی بۆ ڕازی بکات، تا لەگەڵیان نەچێت بۆ ئاهەنگەکە، کەچی ئێستا مەسەلەکە لای ئازا گۆڕا، زۆر حەزی دەکرد بە زاشا

بڵێت: دەکرێ من نەیەم بۆ ئاهەنگەکە، لێرە لەلای ئەم فریشتەیە بمێنمەوە و پەیمانیشی پێ بدات کە هیچ کاری نابەجێ ناکات، تەنیا سەیری دەکات!

ئەلیسیا: وەرە سەیری ئەم وێنانە بکە، تا زاشا جلەکانی دەگۆڕێت. لەتەک ئازا دانیشت، قۆڵی بە قۆڵی ئازا نووسا، هەر پێنج هەستەکانی ئازا لە قۆڵی کۆببۆونەوە، هیچ شتێکی بە باشی نەدەدی، لە ناکاو ئەلیسیا پرسی ئازا حەز دەکەی منیش لەگەڵتان بێم؟

- ئازا بێ دوودڵی بێگومان، ئەی بەتەنیا چی دەکەیت لە ماڵەوە. لەگەڵ وەڵامەکە ئەلیسیا ڕایکرد بۆ لای زاشا، ئەوەتا ئازاش حەز دەکات من بێم. دوای دەمەقاڵێ و بینەو بەردەیەکی زۆر زاشا پێی گوت: باشە وەرە، بەڵام ئەوە دوا جارە.

ئەم شەوە لە ژیانی ئازا گۆڕانێکی گەورە بوو، زۆر شتی تازەی بینی لە کولتوورە جیاوازەکان. بەیانی درەنگ، بە ژانەسەری زۆر خوارنەوە و دڵتەنگیی

تەواوبوونی خۆشی دوێنێ هەڵسا، هێشتا بە تەواوەتی بەری نەدابوو، بۆ لای دکتۆر ڕۆیشت، ئەو کچەی خوێنی وەرگرتبوو ئەنجامەکەی پێ نەگوت، تەنیا گوتی: دکتۆر دەیەوێت قسەت لەگەڵ بکات، فەرموو دانیشە.

ئازا هیچ شتێکی بەخەیاڵدا نەدەهات لەگەڵ دکتۆر شایەنی باسکردن بێت، ماوەیەکی کەمی پێ چوو بانگ کرا، هیچ جار ئاوا زوو بەڕێنەکراوە، کە چووە ژووری دکتۆر زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی کرد و ڕێزێکی زیاد لە پێویستی لێگرت، ئازا پرسی: ببوورە دکتۆر ئەنجامی کۆنترۆڵەکەم چی دەرچوو؟ دکتۆر بۆ لایەکی دیکەی بردەوە.

- کاک ئازا دەکرێ بپرسم چەند کچی دۆستت هەیە؟

- ئازا شەرمی کرد بڵێت نیمە.

- هەمە دکتۆر.

- لەگەڵت دەژیەت، یاخود بە ڕێکەوت یەکتر دەبینن؟

– بە دوودڵییەوە، ئەوەی ڕاستی بێت من هیچ برادەرێکی کچم نییە و نەبووە، تا ئێستاش لەشم بە لەشی ئافرەت نەکەوتووە!

– دکتۆر وا سەیری کرد لە دڵی خۆی گوتی: ئەی لە گەنجی ئەو سەردەمە چەند کەمتەرخەم و گوناهن، بێ ئاگا ژیانیان لە ساتێ دەبەخشن، بیر لە چارەنووسی خۆیان ناکەنەوە، کە ئەم جۆرە کارانەش دەکەن پاکەتێک کۆندۆم لە گیرفانتان بنێن. سەد لە سەد بڕوای پێ نەکرد و زۆریش لای سەیر بوو درۆی لەگەڵ دەکات، چونکە ئەنجامی کۆنترۆڵەکەی لەبەردەست دایە، چاویلکەکەی بە دەستی چەپی هێنایە خوارەوە و بە دەستی ڕاستیش سەری دەخوراند و ئاخێکی هەڵکێشا و پێی گوت: ڕۆڵە گوێ بگرە مرۆڤ لەو ماوە کورتەی ژیانی بەتایبەتی لە تافی لاوی ڕووبەڕووی گەلێک کێشە و تەنگوچەڵەمە دەبێتەوە، جاری واش هەیە کێشەکان زۆر ئاڵۆزن، بەڵام بەهۆی بەهێزی کەسەکە و

ئارامگرتنییەوە ڕێگەچارەی ئاسانی بۆ دەرەخسێت، بۆ نموونە ئێستا قاچی دەستکرد هەیە بۆ ئەوانەی قاچیان براوەتەوە، دڵی نەخۆش بەهی ساغ دەگۆڕدرێتەوە جاران ئەم شتانە نەبوو ...

– ئازا قسەی پێ بڕی و پرسی: ببوورە دکتۆر بۆ ئەم پچڕاندنە، بەڵام ئەمە چ پەیوەندییەکی بە منەوە هەیە، خۆ نەخۆشییەکەی من ئەوەندەی ناوێت تەنها ئەنجامەکەیە؟

– بۆ وا پەلەی، خۆ من قسەکانم تەواو نەبووە؟ دکتۆر ویستی ئارامی بکاتەوە، لێی پرسی: باشە تۆ لەگەڵ دایک و باوکت دەژیت؟

– نەخێر، من بە تەنیا دەژیم، کەسم لێرە نییە، تەواوی کەسوکارم لە وڵاتەکەمن.

دکتۆر زۆر بەزەیی پێ هاتەوە، سوورهەڵگەڕا و بێ دەنگ بوو، بە قەڵەمەکەی بەردەمی چەند خەتێکی ڕاست و چەپی کێشا.

– دکتۆر دەڵێی نەخۆشی سیل، یان سەرەتانم هەیە بۆچی ئاوا قسە دەکەیت؟

– دکتۆر ئەمەی بە هەل زانی بۆ باسکردنی بابەتەکە، گوتی: بۆچی ئەوەی سەرەتان، یا نەخۆشییەکی تری ئاوای هەبێت، نابێت بژییێت، ئەویش ڕۆژێک دێت ڕزگاری دەبێت، هەندێک شت هەیە پەیوەندی بە شانسی کەسەکەوە هەیە، جا بە ڕاستی ڕەنگە تۆش یەکێک بیت لەو کەسە بە شانسانە!

– ئازا بە شڵەژاوی گوتی: بۆ دکتۆر خۆ من سەرەتانم نییە؟

– نەخێر، تۆ سەرەتانت نییە، بەڵام...

- بەڵام چی دکتۆر، هەر ئەوەم کەم بوو بڵێی نەشتەرگەریت پێویستە؟

- بزانە ڕەوانەی لای دکتۆری تایبەتیت دەکەم، ئەویش چارەسەرت بۆ دەنووسێت، تۆش سەبرت هەبێت، لەپێشتر گەشبینتربە هیوادارم زوو چاک بیتەوە.

- بۆ من چیمە؟

- تۆ ئایدزت هەیە بەڕێز.

ئازا پێکەنی وای نیشاندا کە دکتۆر گاڵتەی لەگەڵ دەکات.

- پێم خۆشە کە پێدەکەنی، بەڵام بەداخەوە ئەمە ڕاستییەکەیە، ئەوەتا، وەرەقەکەی بۆ بەرزکردەوە کە ئەنجامی تاقیگەی لەسەر بوو، نیشانی دا.

ئازا بە وڕێنەکردن ڕۆیشتە دەرەوە.. ئەوە دکتۆر تێکچووە یان خوا لێی گۆڕیوە، ئایدزی چی، لەچیم

گرتبێ، لەم بیرکردنەوەیەدا بوو کەریم ئەلبانی بەرێکەوت هاتە بەردەمی.

- ها ئازا بەو بەیانییە لە چ دەگەڕێیت؟

- کوڕە بەیانی چی! ئەوە کاتژمێر چەندە؟

- وەڵڵا لەلای من تا کاتژمێر دوو هەر بەیانییە.

- کەریم، لەلای دکتۆر بووم ئەویش لە هیچ نازانێت!

- ئازا ئەوە دەڵێی چی؟ ئێرە ئەڵمانیایە ئەڵمانیا، ئەوە ئەلبانیا و عێراق نییە کەس هیچ نەزانێت، ئەوانە کارەکانیان هەمووی بە کۆمپیوتەرە و ئامێریان زۆر پێشکەوتووە، دەتوانن پێت بڵێن باپیرە گەورەت کەی و بە چی مردووە. تا ئێستا دوو جار نەشتەرگەریم بۆ کراوە، ئەوانە نەبان ئێستا دەمێک بوو مردبووم.

ئەم قسەیەی کەریم زۆر کاریگەریی لە ئازا کرد و دۆشداما، نەیدەزانی چ کاردانەوەیەکی هەبێت بەرانبەر

ئەم بابەتە، ناچار بوو لە کەریمی پرسی: باشە دکتۆر ڕاست دەکات بە من دەڵێت ئایدزت هەیە؟

– بە پێکەنین، بە جددی ئاوهای گوت؟

– بەڵێ.

– بمبوورە، وامزانی گاڵتە دەکەیت، بەڵام چیت پێ بڵێم، ئێستا هەر ناتوانی هیچ بکەیت، سۆسیالیش پارەت بۆ نادات، چونکە یەکەم بە ئارەزووی خۆت تووشی ئەمە بووی، ماشەڵڵا ئێمەش سواری هەموو شتێک دەبین! دووەم چارەسەری زۆر گرانە، هەر دەرزییەکی پارەیەکی ئێکجار زۆری پێویستە، تۆش بەلایەنی کەمەوە چەندان دەرزیت دەوێت، جا یان دەبێت کەسوکارت هاوکاریت بکەن، ئەگەر هەیان بێت، یانیش بە خۆت پەیدای بکەیت، بە پێکەنینەوە، بەخۆشت ئیللا ئەگەر بانکێک ببڕیت! ئەگینا لە کوێی دەهێنی؟ بە گوێی منت کردبا ئێستا کێشەی پارەت نەبوو.

– کەریم بە خودای ڕێگەیەکم بۆ نەدۆزیتەوە شێت دەبم.

– ئازا ئەوەی پێم بکرێت بۆتی دەکەم، بەس بەخۆت دەزانیت هیچ پارەم نییە، چی ترت دەوێت لەگەڵتم، من لەم دنیایە شتێکم نییە تایبەت بێت بەخۆم، بزانە من ئێستا ناسنامەیەکی تایبەت بەخۆمم نییە، هەتا ژنەکەشم موڵکی خۆم نییە، هەر بڕوا دەڕوا. دوێنێ پێم دەڵێت: ئەگەر لەمەودوا هەموو شەوێک لەگەڵم نەخەویت، ئەوە من پیاوێکی تر بۆ خۆم دەدۆزمەوە، تو شەرەفت ئەوە ئەوپەڕی بێ دەسەڵاتی من نییە، بەڵام کێشە نییە ئەوە هەمووی پۆلەتیکە دەیکەم تا ڕۆژی خۆی دێت.

ئازا بە دڵەڕاوکێ و نیگەرانییەوە کەریمی جێهێشت و گەڕایەوە ماڵەوە، وەک گڵۆپێکی کوژایەوە هیچ ترووسکاییەکی تێدا نەمابوو، بێ زەوق و کپ بێ ئەوەی پێڵاو و جلەکانی داکەنێ لەسەر قەنەفەکە ڕاکشا، چەند خولەکێک بێ ئەوەی خەوی لێکەوێ پێڵوەکانی لەسەریەکنا، لەپڕ وەک بڵێی بانگی بکەن چاوەکانی

کردەوە و هەڵسا، لە شوێنی خۆی دانیشت، سەیرێکی ڕیکۆردەرەکەی کرد و ئاراستەی چاوەکانی گواستەوە سەر سەلاجەکە، زۆر لەسەر خۆ، وەک ئەوەی تازە لە نەشتەرگەری هاتبێتە دەرەوە، زۆر بە هێواشی بەرەو ڕیکۆردەرەکە چوو، کاسێتەکەی سەری، کە ڕۆژانە لە کاتی ڕۆیشتنە دەرەوە و هاتنە ژوورەوەی پێچێک شایی بە تەنیا بەدیارییەوە دەکرد، هێنایە خوارەوە و کاسێتێکی دیکەی هەڵبژارد و خستییە سەر، (تایەر تۆفیق) بوو، یەکەم گۆرانی "مەژی بۆ مردن بمرە بۆ ژیان " بوو، لە سەلاجەکە نیو بتڵ ڤۆدگای تێدا بوو، دەریهێنا و سەیرێکی کرد، بیری کەوتەوە کە لەسەر ڕاچێپتەکەی نووسرا بوو کحول بۆ ئەم جۆرە نەخۆشیانە قەدەغەیە، لەبەر خۆی "کوڕە سندان لە دکتۆر بدات، یاخوا ئێستا ڕۆحم دەردەچوو، وەڵڵا دەیخۆمەوە ئەگەر ئێستا دڵم لە لێدان بکەوێت!"

دوای خواردنەوەی نیو بتڵەکە، هەستی کرد تێکەڵ دەکات، بە گوێگرتنی گۆرانییەکانیش خراپتر بوو، زەنگی تەلەفۆن لێدرا، هەر زرینگانەوەیەک لە گوێی ئەو دە جار دەزرینگایەوە، دەسکی تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و زۆر لەسەرخۆ:

- ئەلو.

- ئازا، من تانیام چۆنی؟

جاران کە تەلەفۆنی بۆ دەکرد، هەر ئەوەتە بوو بەنێو هێڵەکەدا بۆی نەدەچوو، ئەوەندە خۆشحاڵ دەبوو، یەک لایەنانە خۆشی دەویست، کەچی ئەم جارە وەڵامی تەنها باشم بوو.

- چییە ئازا بۆ دەنگت نایێ! قسە ناکەی دەڵێی دۆستێکی تازەت گرتووە؟

- نەخێر، بەڵام بەم زووانە دەمرم!

لە تریقەی پێکەنینی دا: ئازا ئەو نوکتە سەیرە چییە، خوا پێی گوتی؟

- نەخێر بەڕاستمە.

بە تووڕەییەوە: ئازا دەمویست بێمە لات، بەڵام تۆ ڕادەبوێری و بێ زەوقیت، ئەگەر هەر ئەوها دەبیت ئەوا نایەم.

ئازا لە بێزاریان پێکەنی: دەزانی چییە تانیا، ئێستا لە لای من هیچ جیاوازییەک نییە لە نێوان تۆ و (فاتۆ)ی دراوسێی کۆنمان!

- ئەوە باسی چی دەکەیت، پاتۆ چییە و کێیە؟ ببوورە ئازا دەبێ تەلەفۆنەکە دابخەم.

بەبێ بیرکردنەوە: پاتۆ نا فاتۆ، بەخێر بچیت.

تەلەفۆنەکەی هەر بەدەستەوە بوو لەبەر خۆیەوە:

دایدەخەی داینایخەی چاوت دەردەهات، قەحپە، من دەڵێم دەمرم ئەو پێدەکەنێ، سەما و قونبادانی دەوێ ئەگەر نا دەڕوات، دەبڕۆ کەریم گوتەنی هەر دەڕۆی دەڕۆی، بمرم یاخود بژیم. تەلەفۆنەکەی هەر بەدەستەوە بوو زەنگێکی بۆ کەریم لێدا:

- کەریم لە کوێی کارم پێت هەیە؟

- ئازا زۆر دوورم ناتوانم بێمە لات.

- پارەی تێدایە کەریم!

- چارەگێکی تر لەلاتم.

زووتر لە چارەگێک کەریم گەیشت، زەنگی دەرگای بۆ لێدا، ئازا بە خۆگرتن بە دیوارەکانەوە خۆی گەیاندە خوارەوە:

- ئیشێکی پەلەم پێتە؟

- بە زەردەخەنەوە بڵێ چی باش هەیە؟

- دەمانچەیەکم دەوێت؟

- ئازا بە ڕاستی بڵێ، ئەو شتانە ئیشی تۆ نییە؟

- بە جددیمە کەریم، زۆر بە پەلە دەمەوێ!

- برادەرێک دانەیەکی هەیە، بەس داوای حەفت سەد دەکات، باوەڕناکەم کەمتر بدات.

- باشە بڕۆ بۆم بێنە.

- بۆ ئەوها بە پەلەی، چ کارێکت پێ هەیە؟

- تۆ بیهێنە، ئەوجا پێتی دەڵێم.

ئێوارە تازە گڵۆپەکانی سەر شەقامەکان دادەگیرسان، کەریم جارێکی تر گەڕایەوە، دەرگای خوارەوە واڵابوو، کەریم یەکسەر سەرکەوتە سەرەوە، لە دەرگای ماڵی ئازای دا، چووە ژوورەوە، دەمانچەکەی لە باخەڵی دەرهێنا و پێش ئەوەی بیداتە دەستی ئازا، یەدەگەکەی دەرهێنا، فەرموو تازەیە، هەشت گوللەشی لەسەرە، ئازا

هیچ ئاگای لە خۆی نەبوو، چاوەکانی سوور هەڵگەڕابوون، دەمانچەکەی لێ وەرگرت و یەک دوو جار سواری کرد و چرکاندی. بەپێکەنینەوە، دەستی بۆ یەدەگەکەی درێژکرد و گوتی: بێنە ئەمەم بدەرێ، بەیانیش دوای نیوەڕۆ پارەکە وەرگرە، باشە؟

کەریم: بەڵام بیرت نەچێت هی خۆم نییە.

تا درەنگی شەو ئازا هەر یاری بە دەمانچەکە دەکرد و بیری دەکردەوە چەند جار لوولەی دەمانچەکەی بەنێوچەوانییەوە دەناو پەنجەی دەخستە سەر پەلاپیتکە و پەشیمان دەبۆوە، دەیگوت: بۆ خۆم خۆم بکوژم، بۆ یەکێکی تر نەمکوژێت؟ من هەر دەمرم دەمرم، بۆ زاڵمێک، یان خائینێکی گەورە نەکوژم، ئەوکاتە کۆمەڵە کەسێکیش ڕزگار دەکەم!

بەیانی کاتژمێر هەشت ئازا وەک ئەوەی فەرمانبەرێکی بانک بێت، لەبەردەم ئەو بانکەی کە دەکەوێتە ناوماڵان وەستا بوو، چاوەڕێی دەکرد دەرگا بکرێتەوە و بچێتە

سەر کاری، لەگەڵ هاتنی یەکەم فەرمانبەر، ئازا گۆرییەیەکی تەنکی ئافرەتانی خستە سەر سەر و دەموچاوی و چووە ژوورەوە، دەمانچەکەی دەرهێنا و بەرانبەر فەرمانبەرەکەی ڕاگرت، بەخێرایی توورەگەیەکی لە گیرفانی دەرهێنا و هەڵیدایە لای فەرمانبەرەکە، بە دەنگێکی بەرز: بە زووترین کات پڕی دەکەیت لە پارە دەنا کوژراویت، فەرمانبەرەکە توورەگەکەی هەڵگرتەوەو بە ترسەوە بەرەو کاسەکە ڕۆیشت، ئازا بۆ ترساندنی فەرمانبەرەکە "من هیچم نییە بیدۆڕێنم، جا بۆیە باش نییە هیچ جووڵەیەکی هەڵە بکەیت".

پێش ئەوەی فەرمانبەرەکە توورەگەکە تەواو پڕکات، ئازا بە نەڕاندنەوە لە چەنگی دەرهێنا و ڕایکرد بۆ دەرەوە، لە دەرگا شانی لە شانی فەرمانبەرێکی تر دا و لە چەند چرکەیەک لە چاوان ون بوو.

بە دڵەڕاوکێ و هەناسە سواری، لە دەرگای دواوەی ماڵەوەیان چووە ژوورەوە، لەوێش بۆ ژووری خۆی بەبێ سەیرکردن توورەگەی پارەکەی خستە نێو سەتڵی زبڵدانەکەی و چووە ژێر دووشەکە کە لەشی یەک پارچە عارەقە بوو، پاشان جلێکی تازەی لەبەرکرد و جانتایەکی گەورەشی پڕکرد لە جل و کەرەسەی پێویست، پارەکەشی دەرهێنا و لەنێو کۆڵەپشتییەکی دانا.

هەر لەبەر خۆیەوە بیری کردەوە: "بڕۆمە یەک لەو شارانەی نزیکمان، ئینجا بۆ وێستگەی شەمەندەفەر، دەنا ڕەنگە ئاشکرابم، تەلەفۆنی بۆ تەکسی کرد و جانتاکەی بارکرد و گوتی: بڕۆ بۆ.....

بەر لەوەی بچێتە وێستگەکە لە دەرەوە دەمانچەکەی کە لە ڕۆژنامەیەک لوول دابوو، فڕێدایە نێو یەکێک لە زبڵدانەکان، ئینجا بلیتێکی بۆ پاریس بڕی، لە پاریسەوەش بێ وەستان بۆ لەندەن، لەوێش بۆ لای (سۆران)ی هاوڕێی.

دوای دوو ڕۆژ لەگەڵ زمانزانێک چووە لای دکتۆرێکی تایبەت و پسپۆڕ لە نەخۆشی ئایدز.

لە ڕێگەی وەرگێڕەکەیەوە:

- دکتۆر بە هەر جۆرێک بێت دەمەوێت چارەسەرم بکەیت؟

- باشترە بڕۆی بۆ نەخۆشخانەی گشتی، ئێرە بۆ کەسانێکی تایبەتە، کە بتوانن بەخۆیان پارە بدەن و پارەکەش زۆرە هەموو کەس ئەو توانایەی نییە.

- ئەوە کێشەیەک نییە دکتۆر، من ئەو توانایەم هەیە، ئەگەر چارەسەرم بۆ بکەیت.

- باشە کە وایە، ئێستا کۆنترۆڵێکی تەواوت بۆ دەکەین، بۆ ئەوەی بزانین ڕادەی نەخۆشییەکەت چۆنە و لە چ ئاستێکە، تۆش بەیانی بەشێک لە پارەکە ئامادە بکە، چونکە ئێمە خۆمان خوێن کۆنترۆڵ دەکەین، بۆیە کاتێکی زۆر ناخایەنێت.

ئازا گەڕایەوە ماڵەوە، هاوڕێکەی جاریّ لە کارکردن بوو، بۆ یەکەم جار بۆی هەڵکەوت بزانێت پارەکەی چەندە، هەروەها چەند هەزارێک بۆ دکتۆر ئامادە بکات، بە هەناسەسواری کەوتە ژماردنی پارەکە کە تەوابوو، خەریک بوو دڵی بوەستێت، کۆی پارەکە چەند سەد هەزار ئۆیرۆیەک بوو، ئازا لەبەر خۆی هەر ژمارەکەی دووبارە دەکردەوە، پاشان لەخۆی پرسی "باشە نەدەبوو ئێستا نەخۆش نەبام، تا بە دڵی خۆم ڕامبواردبا، یان ئەوە یاسایە ئەوەی پارەیەکی زۆری هەبێت نەخۆشە و نابێت سوودی لیّ وەرگرێت، قەیناکە خۆ ئێستا چارەسەرم هەیە، ئەو بەشەی کە دەمێنێتەوە ڕەوانەی دەکەمەوە بۆ دروستکردنی مزگەوتێک، خێرێکی گەورەم پێدەگا، کەچی هەر لەبەرخۆیەوە کوڕە چ زۆرە مزگەوت زۆرە، ئەویش ئەو خێرەی نەماوە، کوا جێگە؟ خۆ هەر چوار دەورەی ماڵمان مزگەوتە، باشترە بۆ ماڵەوەمان، نا نا زۆرە هەندێکی بۆ خزمە نزیکەکانم،

نا وەڵڵا بەکاری دەخەم، لەم بیرکردنەوەیە بوو، لە ناکاو سۆران گەڕایەوە، ئازا بە پەلە شتەکانی هەڵگرت.

سۆران بە زەردەخەنەوە: ئازا ئێستا لە نێو پاسەکە ئەو زمانزانەم بینی، ڕایدەبوارد، دەیگوت: ئازای برادەرت ئایدزی هەیە!

ئازا: بزانە ئەو خەڵکە چەند بێ قیمەتن، یەک ڕۆژ بڵێی مەرحەبا، ناو و ناتۆرەت بۆ دەدۆزنەوە، من بۆ سەرئێشان چوومەتە لای دکتۆر.

- زووير مەبە، خۆ بە قسەی ئەو باوەڕ ناکەم، هەرچەندە کوڕێکی چاکە، بەڵام بڵێم چی هەموو کەسێ هەڵە دەکات!

بەیانی لەگەڵ دەرکەوتنی خۆر، ئازا تەلەفۆنی بۆ زمانزانەکە کرد، پاشان لەبەردەم دەرگای عیادەکە لە کاتی دیاریکراو یەکتریان بینی، ئازا سڵاوێکی گەرمی لێ کرد و عەترێکیشی بە دیاری پێشکەش کرد، کە لە ڕێگە

بۆی کڕی بوو، چوونە ژوورەوە، یەکسەر دکتۆرەکە بەرەو ڕوویان هات و پرسی:

تۆ ئازایت؟

- ئازا بە ترس و دڵتەنگییەکی زۆرەوە، بەڵێ.

دکتۆر بەرەو دۆلابی ئەکتەکان ڕۆیشت، ئازا زۆر ترسا خەریک بوو دەبوورایەوە، زمانی گیرا، بە پچڕپچڕی لە زمانزانەکەی پرسی: چییە دەڵێی نەخۆشییەکەم کوشندەیە، چارەسەری نییە؟

- نا باوەڕ ناکەم، بەڵام دکتۆر ئاسایی نییە!

دکتۆر ئەکتەکەی ئازای بەدەستەوە بوو، گەڕایەوە لایان و پێکەنی و گوتی: ئازا بە گوێرەی ئەنجامی کۆنترۆڵەکە خوێنت نێگەتیڤە.

- یانی چی؟ چی بووە و مەبەستت چییە، بۆ نێگەتیڤە؟ من هەر پۆزەتیڤم لە ژیان!

- ماناى ئەوەیە تۆ.....

ئازا قسەکەى پێ بڕى، چارەسەرى هەیە؟

- ماناى ئەوەیە جارى پێشوو ئەوەى کۆنترۆڵى تۆى کردووە هەڵەى کردووە، تۆ ئایدزت نییە.

ئازا هاوارێکى لێ هەڵسا و کەوتە خوارەوە.. لەخۆشیان دڵى وەستا!.

**بیلیفێڵد – 2003/8**

# مەسج

زەنگی تەلەفۆن لێدرا، بە نهێنی و بەبێ ئاگاداری خوشکەکەی وەڵامی دایەوە، دەنگی کچێک بوو، چەند جارێکی تر بەم شێوەیە هەڵسوکەوتی کرد و دووبارەی کردەوە، هەر کچەکەی جاران بوو، لەلایەک دڵی بەمە خۆش بوو کە پیاو نەبوو، لەلایەکی دیکەش زۆر پەشیمان و پەست بوو، کە بۆچی و لە خۆڕا دڵی لە خوشکەکەی پیسە و ئاوها بیردەکاتەوە. لە ناکاو دەنگە ناسکەکەی نێو تەلەفۆنەکەی هاتەوە یاد، هەستی کرد دڵی بۆ کچە لێ دەدات، تامەزرۆی ئەوە بوو کە جارێکی تر گوێبیستی ئەم دەنگە هەست بزوێنە ببێتەوە و قسەی لەگەڵ بکات، هەمدیس بەبێ ئەوەی خوشکی پێ بزانێت، مەسجێکی بە تەلەفۆنەکەی ئەو نووسی.. گیانە ئێستا تەلەفۆن بکە ئەو ئاگای لێ نییە. خولەکێکی پێ نەچوو زەنگی تەلەفۆنەکە لێی دا، کوڕە لە خۆشیان خەریک بوو

جەڵتە لێی بدات، تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و پێش ئەوەی بڵێت ئەلو، دەنگێکی گڕی پیاوانە گوتی: بۆ قسە ناکەیت گیانە، دەڵێی دیسان برا ئیزعاجەکەت لەوێیە؟!

# X

هاوار به تەنیا لە ژوورێکی بچووک و سارد، بە دەنگێکی گەورە و زرٍ لەبەردەم خۆی: نەفرەت لەم وڵاتە مردووە، نەفرەت لەم خەڵکە کە توانایان نییە چرکەیەک لەگەڵت بدوێن، من چ لە یاسا و ڕێسا و دڵنیایی بکەم، جوانی باخەکانم بۆ چییە، کە ساتێک ئارامیی بە خۆمەوە نەبینم، کەسێک نەدۆزمەوە باسی ئەو شتانەی بۆ بکەم کە سەرنجم ڕادەکێشن و ئەوانەیش کە بێزارم دەکەن، من لێرە ونبوومە وەک پیتی X لە هیچ شوێنێک ناوم نایەت. هاوار دوای دە ساڵ پەیمانی بەخۆی دا بە زووترین کات بگەڕێتەوە زێدی خۆی، ناو مرۆڤە سادەکان، دەڕۆم ئێرە جێگای من نییە، ناتوانم وەک ئەسکەندەری مەکەدۆنی هەموو شوێنێکی دنیا بە ماڵ و

وڵاتی خۆم بزانم، یەک بست وڵاتی خۆم بە هیچ وڵاتێکی تر ناگۆڕمەوە.

بەیانی زوو هاوار بلیتێکی یەکسەری فڕۆکەی کڕی و ڕۆیشت، کەچی دوای دوو هەفتە بە شێتییەتی گەڕایەوە!

## زنجیرە خەون

دوێنێ شەو چوار جار لە ترسان لە خەو ڕاپەریم، هەر چوار جاریش هەمان خەون و هەمان شوێن بوو.

## دووڕوو

ماوەیەکی باشە کە بە شوێنێک تێدەپەڕم، یان کە دەچمە مەجلیس و یانەکان، هەست دەکەم خەڵک لە دواوە سەیرم دەکەن، لە ماڵەوە تەواو لە خۆم ڕووانی هیچ عەیبێکم نەبوو، بۆینباخەکەم خوار نییە، سمێڵ و ڕدێنم جوان تراشیە، هیچ موویەکم بە جێ نەهێشتووە، پێڵاو و قاتم بەردەوام تازە و پاک و مارکەیە، خۆشترین بۆنی (جۆرج ئەرمانی) لە جلەکانم دێت، بە ڕێزەوە قسە لەگەڵ خەڵک دەکەم، کەچی کە دەڕۆم و شوێنەکە جێدەهێڵم، بە سەرنجەوە سەیرم دەکەن و هەندێک جاریش پێدەکەنن! ناچار چوومە ماڵەوە بۆ ئەوەی زۆر بە وردی تەماشای خۆم بکەم، لەبەر ئاوێنەکە وەستام و لە بنی پێمڕا بە هێواشی نیگاکانم دەگواستەوە و پێدادەهاتم تا گەیشتمە سەر شانم، هیچ شتێکی سەرنجڕاکێشم نەبینی، ئاوڕم دایەوە پشتەوە، کەچی هەر پێشەخۆم دەبینی لە

لای ڕاست و لە لای چەپ هەوڵم دا نەمتوانی پشتەوەم ببینم، بە ڕاکردن ڕۆیشتم، ئاوێنەی هۆڵەکەشم هێنا و لە خۆم وردبوومەوە، دەبینم ئەوە دووڕوومە و هەستیشم پێنەکردووە!

# ستیانێکی سوور

چوار ساڵ بوو کچێکم خۆش دەویست، شەو و ڕۆژ بیرم لێ دەکردەوە، زۆر جار ناڕاستەوخۆ داوام لێ دەکرد شەوێک بێتە باوەشم، چونکە لە ڕۆحەوە پێویستیم پێی بوو، بەڵام ئەو خۆی لەم بابەتە دەدزییەوە و بە دوو قسەی خۆش ڕازی دەکردم، بۆیە خەریک بوو ڕەشبین دەبووم، پێم وابوو خۆشەویستی بێ ڕاموسانی شەوان شتێکی بێ مانایە و خۆ فریودانە، لەسەر ئەوە بووم بڕیاری کۆتایی خۆم لەم بارەیەوە بدەم، ئێوارەیەک لە ناکاو تەلەفۆنێکی بۆ کردم.

- لەماڵی؟

منیش دوای ئەم هەموو گلەییە، لە ناخەوە گوتم: بەڵێ.

- خۆ میوانت نایەت، ئەمشەو حەز دەکەم لەلای تۆ بمێنمەوە.

کەمێک تەنگەنەفەس بووم، نازانم لەخۆشیان بوو، یا لە ترسان؟

گوتم: ماڵی خۆتە، بەڵام حەزت لە چییە بۆتی ئامادە بکەم؟

گوتی: زۆر سوپاس، بەڵام ئەگەر شەرابی وشک هەبێت خراپ نییە.

بەخێرایی ڕۆیشتم بتڵێک شەرابی وشکم کڕی، لەگەڵ دوو پیتزای ئەمریکی تایبەت، دوو چین پەنیر و نیوەی (سەلامی)ی و نیوەکەی تری سپێناخ بوو، کەمێک ئۆریگانۆم زیاد پێداکرد، گەڕامەوە قەنەفە و تەلەفزیۆنەکەم پاک کردەوە، تۆزێکی زۆری لەسەر کەوتبوو، پێشتر وامدەزانی تەلەفزیۆنەکەم شاشەی زەعیف بووە، بەڵام دوای خاوێن کردنەوە دەرچوو شاشەکەی بێ عەیبە! تەختی نووستنەکەشم بە هەمان شێوە دوو مانگ بوو دەستی لێ نەدرابوو ڕێکخستەوە و هەندێک بۆنم بە خۆم و بە نێو ژوورەکە پرژاند،

زەنگی دەرگا لێدرا، پێش ئەوەی دەرگاکە بکەمەوە، بیرم لەوە دەکردەوە ئایا لەگەڵ دەرگاکردنەوە یەکسەر لە باوەشی بگرم و تێر تێر ماچی کەم، یان بە نەرمی دەستە سپی و خرپنەکانی بگرم و بەرەو ژووری نووستن ڕایکێشم. جارێکی تر زەنگی دەرگا لێدرایەوە، دەرگاکەم کردەوە چیم بینی ببوورن ناتوانم وەسفی بکەم، زۆر ترسام من مردبم ئەویش حۆری بەهەشت بێت، چونکە من بە ئومێدی ئەوەبووم لەسەر ئەم زەمینە بۆ من بێت، زانی من جورئەتی ئەوەم نییە لە باوەشی بگرم، ماچێکی لە ڕوومەتی کردم و بە لەنجە وەک ئەوەی نمایشی تەنوورە کورتەکەی بکات، ڕۆیشتە هۆڵەکە و لەسەر قەنەفە سێ کەسییەکە دانیشت و قاچی ڕاستەی بە هێواشی و کەمێک زیاد بەرزکردەوە و خستییە سەر قاچی چەپەی، منیش تا دڵم بەم گرتەیە نەوەستێ و بۆ نۆرماڵکردنەوەی خۆم و دانیشتنەکە دوو پێک شەرابم تێکرد و پیتزاکانم گۆشە گۆشە بڕی، تەلەفزیۆنەکەشم خستە سەر کەناڵی ڤیڤا، گۆرانییەکی

(جۆرج مایکڵ)ی لەسەربوو، بەدەم پیتزا خواردن و شەراب نۆشین، لە تەختیتی لێوە سوورەکانی و برژانگە مەسکارەکراوەکانیم دەڕوانی، ئەویش وەسفی دیسکۆی لیبەرتی بۆ دەکردم، دوازدەی شەو خەریک بوو بێزار دەبووم، ئاخر من چوار ساڵە چاوەڕوانی بووم، کەچی ئەوە نەبوو، نەمدەزانی چۆن سیناریۆیەک دروست بکەم بۆ ئەوەی بیخەمە باوەشمەوە.

گوتم: جلی خەو لەبەرناکەیت؟ یەکسەریش چوومە ژووری نووستنەکە، ئەویش وەک ئەوەی لە نیازم گەیشتبێت، بە بزەوە دوام کەوت، کەنتۆری جلەکانم بۆ کردەوە، لە نێو هەموو شتەکان کراسێکی سپی حەریری هەڵبژارد و جلەکانی خۆی داکەند. ئەم ڕووداوە لە خەون زیاتر لە هیچ شتێکی تر نەدەچوو، هەموو هێزم لەسەرم کۆکردەوە تا ئاوڕ نەدەمەوە، نەبادا بشڵەژێم، بەڵام بەبێ ئەوەی سەیری بکەم چێژم لەم خۆ ڕووتکردنەوەیەی بینی و هەستم بە گەرمیی جەستە

ڕووتەکەی دەکرد لە تەنیشتمەوە، دواییش لە کاتی چوونە سەر تەختی نووستنەکە کە دوو سێ هەنگاو دوور بوو، لە دواوە سەیری پاژنەی پێ و بەلەک و سمت و ستیانە سوورەکەی ژێر کراسە حەریرە سپییەکەیم کرد، لەسەر تەختەکە پاڵکەوت و سەری ئەو پلێنگەی گرت کە لەسەر پێخەفەکە نەخشێنرا بوو، ڕایکێشا و بە هێواشی جەستەی تا ژێر سینەی داپۆشی، بە بزەیەکی پڕ لە شەرانگێزییەوە، ستیانە سوورەکەی هەر لەژێر کراسەکە کردەوە و بە هەردوو دەستی لوولی داو تێی گرتم، ئینجا گوتی: ئاوها سەیرم مەکە، پاشان بابەتەکەی گۆڕی، دەزانی زۆر هیلاکم حەزدەکەم هەندێک شان و ملم بشێلی؟

منیش هێشتا هەر لە شوێنی خۆم نەجولابووم و سەیری ئەو تابلۆ جوانەم دەکرد، کە مەمکەکانی خەریک بوو قۆپچەی کراسەکەی دەپچڕاند، بە هیچ شێوەیەکیش نەمدەوێرا نیگاکانم بگوازمەوە سەر ئەو لا ڕانە سپیی و

نینۆکە سوورانەی پەنجەکانی پێی، کە لە ئاوێنەی لای چەپەوە دەمبینین، هەستم بە نەرمی مەمکەکانی کرد لە نێو ئەو ستیانە سوورەی تێی گرتم، پاشان توند بە لووتم نووساند و بۆنم کرد، وەک دوو گرام حەشیش و نیو بتڵ ڤۆدگا لە سەری دام، بە مەستبوونەوە گوتم: باشە با بڕۆمە توالێتەکە، ئینجا دێم شازی شێلانت بۆ دەکەم. دوای ئەوەی چوومە توالێت، نەمدەزانی بیر لە چی دەکەمەوە! مووچڕکەی ترس و حەزی سێکس تێکەڵاو ببوون، دوایی بیرم لەوە کردەوە لە کوێوە دەست پێ بکەم، بە ماچکردن یا شێلان، نەوەڵڵا خۆشترە گاز لە سەرتاپای لەشی بگرم.

بە هێزێکی زۆر و بە هێواشی بەبێ ئەوەی دەنگی پێکانیشم بێت گەڕامەوە، دەستم برد بۆ دەسکی دەرگای ژووری نووستنەکە، ئەو ژوورەی نێچیرەکەی تێدا ڕاکشاوە و چاوەڕوانە، دوای چوار ساڵ دەربازبوونی ئێستا ڕاوی بکەم، بەڵام هەر لە خۆمەوە ڕووم

وەرگێڕاو چوومە هۆڵەکە، لەسەر قەنەفەکە بە ترس و پەشۆکاوی و بێدەنگ دانیشتم، نەمزانی خەوتووم، یا بە ئاگام.

زیندۆرف – 10 / 2008

## کوڕ و کچێکی عاشق

کوڕ: دەزانی کاتی خۆی کە من بەدوات دەکەوتم، تۆ ڕاتدەکرد؟

کچ: ئەو کاتانەی منیش بەدوای تۆ دەکەوتم تۆ ڕاتدەکرد.

کوڕ: ئێستا کەسمان ڕاناکەین، بەڵام وەک پێشتر...

کچ: بێدەنگبە، با ئەو منداڵە خەبەری نەبێتەوە.

## ونبوون

سێ کاتژمێر بە خێراییەکی خۆکوژ لەگەڵ برادەرەکەم ئۆتۆمبێلم لێخوڕی، تا گەیشتینە بەردەم ماڵی ئەو کچەی خۆشم دەویست، زۆر بە بێ منەتی و بوێرانە دابەزیم، برادەرەکەم بە چاوە سوورهەڵگەڕاوەکانی لە نێو دووکەڵی جگەرە و تاریکی شەو سەیری دەکردم و لێم وردەبۆوە، حەزیشی نەدەکرد ڕێگەم پێ بگرێت، چونکە دەیزانی زۆر مەستم، ئەو شتەی حەزیشم لێیەتی هەر بە ئەنجامی دەگەیەنم، ڕووم لە ماڵی کچە کرد، لە نهۆمی سێیەم، چەند هەنگاوێک چوومە پێش، پاشان گەڕامەوە ویستم بڕۆم، برادەرەکەم گوتی: تۆ لە پێناوی چی هاتی؟ ئامانجەکەت ونە، هەر هیچ نەبێت، لەسەر جامی ئۆتۆمبێلەکەی ئەو بنووسە (خۆشم دەوێیت).

# فڕین

هەموو ڕۆژێ لە باڵکۆنەکە سەیری باڵندەکانم دەکرد، چەند بە خۆشی و ئازادانە بەسەر ئەم شارە دەسووڕانەوە، زۆر حەزم دەکرد، یەکجار وەک ئەوان بمتوانیبا بفڕم، بەیانییەک هاتمە باڵکۆنەکە، خۆشبەختانە توانیم بفڕم، بەڵام ئەوەندە بەرز فڕیم ئێستاشی لەگەڵدابێت نەمتوانی بگەڕێمەوە.

# نیشتمان

ژنێکی باڵابەرزی لەشولار شووشەیی، چاو ڕەنگاوڕەنگی قژ ڕەشی سێکسی بوو، بەهۆی خاکەڕایی و دڵپاکی خۆی، تووشی بەتووشی پیاوی گێل و گەمژە دەبوو، ئەوانیش بە هەوەسی خۆیان گازیان لە لێو و گەردەن و ملی دەگرت و دەستیان بۆ دامەنی دەبرد، دوای تێربوونیشیان بە ڕووتی جێیان دەهێشت، نیشتمان لە ڕقی ئەوان بڕیاری دا، هەر بێگانە سواری خۆی بکات.

## ئێرە کارەساتە

بەشی یەکەم: ئەرێ چ هەیە؟

بەشی دووەم: ئەرێ چی لێهات؟

بەشی سێیەم: ئەرێ نەبڕایەوە؟

بەشی چوارەم: ئەرێ تەواوبوو؟

بەشی پێنجەم: ئەرێ گەیشتە کوێ؟

بەشی شەشەم و کۆتایی: ئەرێ چ هەیە؟

# نوێژی ئایینەکان

هیوا لەگەڵ دەنگە دەنگی پیاو و ژن و منداڵانی کۆڵانەکەی لە خەو ڕاچڵەکی، زۆری لا سەیر بوو قەت شتی وا ڕووی نەدابوو، خۆ ئەگەر خوا نەخواستە کەسێکیش بمرێت هەر بەم شێوەیە نابێت، بەم بەیانییە کاتی دابەشکردنی هیچ شتێکیش نییە، خۆی پێ نەگیرا، هەر بە چاوی بە خەو و قژی تێکئاڵاو و شۆرتێک و فانیلەیەکی عەللاگە، بە شەرمەوە لە حەوشەکەوە سەری بەرزکردەوە، تووشی شۆک بوو! چی بینی؟ نەک هەر خەڵکی کۆڵانی خۆیان، بەڵکو کۆڵانەکانی پشتەوەش گەورە و بچووک، ژن و پیاو بە کۆمەڵ دەڕۆیشتن، هەر یەکەو شتێکی لەلایە، بەڵام هیوا نەیدەزانی ئەمە چییە، بەخێرایی گەڕایەوە ژووری، بە ژنەکەی گوت: ئەوە من دەڕۆم، بزانم ئەمە چی ڕووی داوە؟ لەماڵەوە دەرنەچن، ئەمڕۆ بێگومان کارەساتێک ڕوودەدات، ئەو

خەڵکەی ئێمە عاقڵ نابن هەر خەریکی خۆپیشاندان و ڕاپەڕینن! بڵێ چیتان پێدەکرێت، بۆ گوێڕایەڵی کارەکانی خودا نابن؟! چاک بوونی ئەم بارەی ئێمە پەیوەندی بە گۆڕانی کەونەوە هەیە، چونکە ژیان لای ئێمە کارەساتێکی درێژخایەنە، یەکسانی و دادپەروەری جارێ دواخراوە.

ژنی هیوا بە ترسێکی زۆرەوە، گوتی: هیوا گیان تو خودا ئەگەر بچیتە دەرەوە ئێمە شانسمان نییە، دوایی تووشی بەڵایەک دەبین، لە بیرت چوو ئەو ڕۆژەی لە کۆڵانەکانی پشتەوە بۆ هەتاوی کچمان بەدوای باخچەی منداڵان دەگەڕاین، لەم کاتەدا تانکەرێکی نەوت لەبەردەم ماڵێک وەستابوو، نەوتی بەتاڵ دەکرد، دڵنیابووم تۆش بێ هیچ مەبەستێک گوتت: ئەرێ ئەوە نەوت دابەش دەکرێت؟ ئیتر دیاربوو ماڵی لێپرسراوێک دەرچوو، پاسەوانەکان کەوتنە گیانت، نیوە مردوویان کردی،

ئێستاش شوێنەواری هەندێک برین بە دەموچاوتەوە دیارە.

هیوا: ئەم جارە حەقم بە هیچ شتێک و هیچ کەسێکەوە نییە، تەنیا بۆ ئەوە دەچم بزانم ئامانج لەم هەرایە چییە و بۆ کوێ دەچن، تکایە نەیەنە دەرەوە، ئێستا دەگەڕێمەوە لاتان.

کە هیوا چووە دەرەوە، کەس لە کۆڵانەکە نەمابوو، دواکەس کە بینی لە سەری کۆڵانەکە ون بوو، بە ڕاکردن ڕۆیشتە سەری کۆڵانەکە، لەوێش کەس نەمابوو، دوا کەس کە بینی بەرەو شەقامی سەرەکی ڕایدەکرد، هیوا بە هانکە هانک خۆی گەیاندە سەر شەقامی سەرەکی، زۆر سەرسام بوو تاکە کەسێکی لێ نەبوو، تەنانەت ئۆتۆمبێلێکیش لە شەقامەکان هاتوچۆی نەدەکرد، دووکانەکان هەموویان داخرابوون. هیوا پرسیاری لە خۆی کرد: ئەی کوا تەکسی و پاسی فەرمانبەرەکان؟ کوا ئەو کچانەی دوای دوو کاتژمێر

خۆڕازاندنەوە، بە گومانەوە بەرەو زانکۆ دەڕۆیشتن؟ کوا کوڕەکانی پێش قوتابخانەی کچان، کوا ئەو قوتابیانەی ڕۆژانە وەک سەربازێکی کورتەباڵا خۆیان و جانتای پشتیان دەڕۆیشتنە قوتابخانەکانیان؟

کوا ئەو پۆلیسەی بە بێزارییەوە لێرە دەوەستا و جنێوی بەو ئاژوێرانە دەدا کە بە ڕێنمایی ئەو نەدەجوڵانەوە؟ کوا ئەو ئۆتۆمبێلە بەرزە جام ڕەشانەی بە زنجیرە وەک نمایشێکی ترسناک بەپێش یەکتر دەکەوتن و کەس نەیدەزانی کێی تێدایە و بۆ کوێ دەچن؟ کوا ئەو بەنزین فرۆشانەی میزیان لە دەبەکان دەکرد و دواییش تەڵاقی پاکییان دەخوارد؟ کوا ئەو فیتەرانەی بەیانیان بە شەڕە جنێو لەگەڵ یەکتری دەچوونە سەر کار؟!

هیوا دوا کەس کە بینی لە کۆتایی شەقامە سەرەکییەکە، کە دوو کیلۆمەتر دوور بوو، بەرەو دەستە چەپ ڕایدەکرد. تەواو سەرسام ببوو، نەیدەزانی بگەڕێتەوە ماڵەوە، یان هەر بەدوای دۆزینەوەی خەڵکی کۆڵان و

گەڕەکەکەیدا بگەڕێت، دەستی بە ڕاکردن کردەوە تا کۆتایی شەقامە سەرەکییەکە، کەسی لێ دیار نەبوو، سەیری لای چەپی خۆی کرد چۆڵ و هۆڵ و خامۆش، سەیری لای ڕاستی کرد لە دوورەوە تۆز لە ناوەڕاستی شەقامەکە بەرز دەبۆوە، یەکسەر زانی ئەمە پیسایی سەر شەقامەکانە لە ئەنجامی بەیەکەوە ڕۆیشتنی خەڵکێکی زۆرەوە دروست بووە. هیوا کەوتەوە ڕاکردن بێ پشوودان تا خۆی گەیاندە نزیک حەشاماتی خەڵکەکە، بەڵام چ حەشاماتێک، بەهیچ جۆرێک باوەڕی بە چاوەکانی نەدەکرد، نەک هەر کۆڵانی خۆیان و دەوروبەر و گەڕەک، بەڵکو تەواوی خەڵکی شار و دەوروبەری، ڕێگایان گرتبووەبەر، دەڕۆیشتن بە دووری پێنج، شەش کیلۆمەتر هەر خەڵک بوو، بەبێ هیچ ئاڵاو وێنە و نووسراوێک، بەبێ هیچ ئامرازێکی توندوتیژی، بە پێچەوانەی سەنتەری شار و کۆشکی پەرلەمان و دامودەزگاکانی حکومەت، دوور لە بارەگای حزبەکان، چی پاسەوان هەیە چووبوونە سەربان و

دەوروبەری بارەگاکانیان، بەڵام کەس بەلایاندا نەدەڕۆیشت!

دواکەس کە هیوا توانی پرسیاری لێ بکات، مامۆستایەکی سەر ڕووتاوە بوو، هێواش هێواش بە گۆچان بە دوای حەشاماتەکە دەڕۆیشت.

هیوا: مامۆستا ئەو ڕاپەڕینە دژی کێیە؟

مامۆستا: کوڕم ئەوە ڕاپەڕین نییە و دژی کەسیش نییە، ڕاپەڕین جگە لە کاولکاری سوودی چی هەیە؟ دژایەتیش جگە لە دورست کردنی ڕق شتێکی تر نییە.

هیوا: ئەی مامۆستا بۆ پەیامنێری تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکان دیارنین؟

مامۆستا: ئەوە تۆ دەڵێی خەڵکی ئەم شارە نیت؟! ئەمڕۆ ڕۆژێکی تازەو دەستپێکی ژیانێکی ترە، ڕۆژنامە و تەلەفزیۆنەکان لێی نازانن، کاری ڕاگەیاندنی ئێمە نییە، ئەوان زوو خۆیان دۆڕاند، ئەوان بۆ خۆیان کاریان

دەکرد بۆ ئێمەیان نەدەکرد، بۆیە کەس نەیدەخوێندنەوەو کەس گوێی لێ نەدەگرتن.

هیوا: ئەی مامۆستا ئەوە بۆ کوێ دەڕۆن، بۆ شار چۆڵ دەکەن، ئەوە چ پلانێکە؟

مامۆستا: کوڕم پلانی چی بۆ ئێوە هەموو شتێک هەر بە پلان دەزانن؟! دەچین دوا ڕێگە بەکاردەهێنین بۆ چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشییەی کۆمەڵگەی ئێمە تووشی بووە.

نەخۆشی؟! ئەی بۆ ناچنە نەخۆشخانەکان لەوێ چارەسەری بکەن؟ کوڕم ئەم نەخۆشییە بە دکتۆری ئاسایی چارەسەر ناکرێت، ئەمە نەخۆشی عەقڵ و بیرکردنەوەیە، لە گەورەکانمانەوە بۆ مان هاتووە. قوربانت بم مامۆستا وازبێنە تووشی بەڵایەکمان مەکە، بەم خەڵکە بڵێ بگەڕێنەوە بەخوای دوایی نانبڕاو دەبین. بۆ دەترسی خۆ ئەوەی ئێمە داوای دەکەین کارێکی خراپ نییە. چۆن مامۆستا تۆ دژی من کار دەکەی؟ بۆ

تۆ چ کارەی؟ ئەوەی ڕاستی بێت من فەرمانبەرم لە زانکۆ، سەرپەرشتی لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەیەکیش دەکەم، ئێوارانیش دووکانێکی داوودەرمان فرۆشتنم هەیە، دەرزیش لێ دەدەم، بەینی خۆمان بێت مووچەیەکیشم لە وەزارەتی کشتوکاڵ هەیە و لە لیژنەی چاودێری هەڵبژاردنەکانیش ئەندامم.

مامۆستا: ئەی فەرمانبەر و دکتۆر و نووسەر و جووتیار و دیموکراسیخوازی بەڕێز، دەتەوێت لەبەر خاتری کەسێکی بێ پرەنسیپ و مشەخۆری وەک تۆ کە بە تیۆری و پراکتیک خەریکی فریودانیت، لە تەواوی شوێنەکان وەک بەکتریای چالاک کاردەکەی، زیاتر لە یەک ملیۆن کەس بگەڕێتەوە ماڵەوە و هەموو مافەکانی خۆیان پشتگوێ بخەن.

لەم قسانە بوون، حەشاماتی خەڵک گەیشتنە دەرەوەی شار، ناو گرد و زورگەکان، وردە وردە لە دەوری بەرزترین گرد کۆبوونەوە و خەڵکەکە وەک مێرووله بە

دەوری گردەکە بە ڕیز وەستان. هیوا بە ناچاری لەگەڵیان بەردەوام بوو و ویستی بزانێ ئەم حەشاماتە بەنیازی چین؟ زۆری لا سەیربوو، وەختێ بینی ئەو شتەی بن هەنگڵیان بەرماڵی نوێژە، بەڵام هەندێکی تر خاچیان لابوو، کۆمەڵێکی تر هێمای مەلەک تاووسیان پێیە، پیاوێکی ڕەشی بینی هیچ لە خەڵکی شارەکەی نەدەچوو، وێنەیەکی بچووکی گای لابوو، دوای بیرکردنەوە ئینجا زانی ئەوە کرێکارە هیندییەکانن هاتوون، ئەمە لە هەموویان زیاتر جێگەی سەرسوڕمانی هیوا بوو، چونکە ئەمانە بە ویستی خۆیان هاتوونەتە ئەم وڵاتە. تۆ بڵێی ئەمانیش فریودرابن، یان بەزەییان بەم واقیعەی ئێمە بێتەوە؟ گرووپێکیش بە تەنیا کۆببوونەوە و کڵاوی بچووکیان لەسەربوو و گۆچانی پێغەمبەر مووسایان بەرزکردبۆوە، ئەوانەش بن جوو بوون، هاتبوون بۆ دواجار دوعامان بۆ بکەن، ئینجا وڵات بۆ هەتایە جێبێڵن.

ژمارەیەکی زۆریش لە بێ باوەڕان ئامادەبوون بە گومانەوە تەماشای سەر گردەکانیان دەکرد، کە دوازدە مەلای دوازدە عیلم، هەر هەموویان خەڵکی دەرەوەی شاربوون، لەگەڵ شەش مەتران و سێ پیاوچاکی ئێزیدی بە ڕیز وەستابوون. سەرەتا یەکێک لە ئێزیدییەکان داوای لە خەڵکەکە کرد بۆ ماوەیەک بیر لە هیچ نەکەنەوە، تەنیا لەگەڵ خودای خۆیان بن و هەر کەسە و بەپێی باوەڕی خۆی نوێژ بکات، ئینجا یەکێک لە مەلاکان داوای لە مەترانێک کرد بە ناوی هەموویانەوە دوعا بکات، مەتران چەند هەنگاوێک هاتە پێش و بە لاتینی، بە دەنگێکی بەرز دەستی پێکرد، کە تەواوبوو هەموو بەیەکەوە گوتیان: ئامین. ئینجا مەلایەکی سوور و سپی، کەمێک دەشەلی هاتە پێش و کەوتە وتار خوێندنەوە: خودای گەورە بۆ خاتری ئیبراهیم پێغەمبەر کە خەڵکی ئەم وڵاتەیە، بۆ خاتری نووح پێغەمبەر کە لەم وڵاتە گیرساوەتەوە، بۆ خاتری پێغەمبەر عیسا کە لە سەر دادپەروەری لە خاچ درا، بۆ خاتری موحەمەد

پێغەمبەر کە ئاخیر پێغەمبەرە، بۆ خاتری هەموو پێغەمبەرەکانی تر، ئەم دوعایەمان قبووڵ بکەی، ئێمە داوای بەهەشت ناکەین، داوای سەروەت و سامان ناکەین، داوای هیچ ناکەین، تەنیا داوا دەکەین بەزەییت بە ئێمە و سەرکردە و پیاوە گەورەکان و لێپرسراوانی ئەم وڵاتە بێتەوە و لەم نەخۆشییە ڕزگارمان بکەیت، چونکە ئێمە ئەوانمان خۆشدەوێت، ئێمە دۆستی ئەوانین، ئێمە پشت و پەنای ئەوانین، با چیتر لەسەر پارە و ڤێللا و ئۆتۆمبێل و کارەبا و ئاو و باخ و نەوت و بەنزین و غاز و موڵک و ماڵی دنیایێ خۆیان لە ئێمە دوور نەخەنەوە. ڕاستە ئێمە هیچمان نییە، ئەوان هەموو شتێکیان هەیە، بەڵام ئەوەتا ئێمە ڕازین، چونکە ئەوان خەباتیان کردووە، ژیانی خۆیان خستۆتە مەترسی، کەسوکاری خۆیان لەدەست داوە، دوژمن دەستی بۆ شەرەفیان بردووە، ماڵ و حاڵیان تێکچووە و ئاوارە و دەربەدەر بوونە، چەندان ساڵ ژن و منداڵی خۆیان نەدیوە، چەرمەسەرییان زۆر دیوە، قەت پێتان وانەبێ

کەسێک ڕۆحی خۆی و ژن و منداڵی بکاتە قوربانی ئەم گەل و وڵاتە، کە گەیشتە ئامانجیش پەشیمان بێتەوە و هەموو ماندووبوونی خۆی و ئەو خۆشەویستییە گەورەیەی خەڵک، بە پارە و خۆشییەکی کاتی بگۆڕێتەوە، کە قاچاخچی و دز و پیاوی خراپیش دەتوانن بەم جۆرە خۆشییە کاتیانە بگەن.

مەلا هەناسەیەکی هەڵکێشا و بەردەوام بوو: خوشک و برایانی ئیماندار لە هەر ئایین و مەزهەبێک، من دڵنیام خوا هیدایەتیان دەدات و ڕابردوویان بیردێنێتەوە، ئێمە بڕوامان پتەوە بەوەی کە گەورەکانمان خراپە لەبیر و لەشی خۆیان فڕێ دەدەن، بیر لە شتی جوان و پاک و چاک دەکەنەوە، ئەوانەش کە بێ باوەڕن و لێرەن، بێگومان بڕوایان بە مێژوو هەیە، مێژووش پڕە لە گۆڕان، جا داواکارین لە خودای گەورە دوعای ئێمە بە ئایینی جیاوازەوە قبووڵ بکات، نامانەوێت چیتر تەواوی تەمەنمان بە ترس و نەزانیی و دڵەڕاوکێ بگوزەرێنین،

خوای گەورە، یان لە ناومان بەرە، یانیش وەک نەتەوەکانی تر فێری ژیانمان بکە.

هیوا هەرچەندە زۆر ڕەشبین بوو بەرانبەر چاکبوونی ئەم بارە و حەزیشی دەکرد ئاوها بەردەوام بێت، بەڵام بە کۆبوونەوەی ئەم هەموو خەڵکە لێک جیاوازە، خەریک بوو بڕوا بکات! شەو بێ ئەوەی وەڵامی هیچ پرسیارێکی ژنەکەی بداتەوە، زۆر زوو خەوت، بۆ ئەوەی بەیانی ئاگاداری کاردانەوەکان بێت.

بەیانی کاتژمێر نۆ لە خەو هەڵسا، کارەبا نەبڕابوو، واقی وڕما، بە دەرکەوتنی یەکەم نیشانەی گۆڕان یەکسەر تەلەفزیۆنەکەی داگیرساند، یەکەم هەواڵ کە بڵاوبۆوە ئەمەبوو: ئەمڕۆ ئاسایش و پۆلیس بە یارمەتی هێزی پێشمەرگە توانیان ملیۆنێک و دووسەد و پەنجا هەزار کەسی گێرەشێوێن و دژ بە گەل و نیشتیمانەکەمان دەستگیر بکەن، کە دوێنێ بە ناوی ئایین و چاکەخوازی

و پڕوپاگەندەی هیچ و پووچ ویستبوویان کودەتا بەسەر گەل و وڵات و شۆڕشگێڕانی نەتەوەکەمان بکەن.

ئەو سیخوڕانەی بەشداریان لەم پلانە بۆگەنە کردووە و تا ئێستا نەگیراون داوا دەکەین بە زووترین کات خۆیان تەسلیم بە نزیکترین بنکەی پۆلیس، یان ئاسایش بکەن، ئەگینا بە توندترین شێوە سزا دەدرێن.

هیوا ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا و لێوی تەتەڵەی دەکرد، کەوتە لەرزین و لەخۆدان و هاوارکردن، خوایە چیم کرد، بۆ تێکەڵی ئەم بێ قیمەت و ئاژاوەچیانە بووم؟!

وەختێک چاوی کردەوە، ژنەکەی بە پەڕۆکێکی تەڕ عارەقەی دەموچاوی دەسڕییەوە، ژنەکە زۆر لەسەرەخۆ: هیوا گیان دەزانی ئەمشەو زۆر نەخۆش بوویت. هیوا کە تەواو دڵنیابوو ئەمە خەونە، لە خۆشیان دەستی کردە ملی ژنەکەی و تێر تێر بۆخۆی گریا. هەڵسا دەموچاوی شووشت و ئاوێکی ساردی خواردەوە، سەیرێکی کاتژمێرەکەی کرد نۆیە، لای هیوا

ئەمە ڕێکەوتێکی ئاسایی نەبوو، ئینجا بە کەمێک ترسەوە نەبادا خەونەکەی ڕاست دەرچێت، تەلەفزیۆنەکەی پێکرد: چی لێپرسراو هەیە حزبی و بێلایەن لە ئاستی گەورە و بچووک لە بەردەم پەرلەمان لە بەرانبەر دنیایەک ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن وەستاون، یەکێک کە ڕوخساری لەبەر قەربالغی و زۆری مایکەکان تەواو دیار نەبوو، دەستی بە قسە کرد: بە ناوی ئێمە و هەموو ئەوانەی لێرە وەستاون و ئەرکێکیان لە ئەستۆدایە، بە ناوی هەموو ئەوانەش کە نەیانتوانیوە ئامادەبن و ئەمڕۆ لە ئاستێکی بەرز کاردەکەن، بە ناوی هەموو شۆڕشگێڕە بە شەرەفەکان، خوشک و برایانی بەڕێز، خەڵکی بە وەفا و خۆڕاگری ئەم شارە و هەموو شارەکانی تر و گوندە سەربەرزەکان، ئامادەبوونی ئێمە لێرە و بەم شێوەیەی کە دەیبینن، بۆ ئەوە نییە باسی باری سیاسی و نێوانی خۆمان وەک حزبەکان، یان باسی پلانی داگیرکەران بێت، بەڵکو ئەمڕۆ بۆ ئەوە هاتووین بە قەنەعاتەوە داوای لێبوردن لە ئێوەی خۆشەویست بکەین، کە ئەوە

چەند ساڵە ئێمە لەبەر ململانێی نێوان خۆمان و لەبەر پارە پەیداکردن و زەوی داگیرکردن و ئەم جۆرە شتانە ئێوەمان پشت گوێ خستبوو و هیچ گرینگییەکمان بۆ تاکەکانی گەلەکەمان دانەنابوو، ئێوەش بە پێچەوانەوە ڕۆژێک دژایەتی ئێمەتان نەکرد، بەڵکو هەر بە خۆشەویستی کارتان لەگەڵ کردین، بە ڕاستی دەتوانم بڵێم سەبری ئەیووبتان هەبوو، بۆیە بڕیارمان دا ئەمڕۆ لەبەر چاوی ئێوە هەر یەک لە لێپرسراوەکان بۆ گەڕاندنەوەی متمانە و نەهێشتنی ئەم وێنە ناشیرینەی لای خەڵک بەرانبەر هەریەک لە ئێمە دروست بووە، قسەی خۆی بکات و چاکسازی ناخی خۆی ڕابگەیەنێت.

یەکێک لە ناوەڕاستی ئامادەبووان مایکەکەی وەرگرت: خەڵکی خۆشەویست لەبەر کەمیی کات و زۆری ژمارەی ئێمە نامەوێت زۆر شتەکان دووبارە بکەمەوە تەنیا دەڵێم، زۆر داوای لێبوردن دەکەم بۆ هەموو ئەو کارانەی خزمەتی ئێوەی نەکردووە و کردوومە، لێرەوە

بۆ گەڕاندنەوەی شەرەفی پێشمەرگایەتیم و لە پێناو ئەو شەهیدانەی کە لە خێزانەکەی خۆم داومن و بۆ خاتری ئەو مەبدەئەی منی گەیاندە ئەمڕۆ، بڕیارم دا، سێ لەو خانووانەی کە هەمە و کارم پێیان نییە، لەگەڵ حەوت ئۆتۆمبێلی تازە، کە بێ ئیش لەبەر دەرگای ماڵەکەم وەستاون و چوار پارچە زەوی کە نازانم لە کوێن، بەڵام سەنەدەکە بەناوی منە، لەگەڵ موەلیدەیەکی گەورە، کە لەوانەیە بەشی زیاتر لە گەڕەکێک بکات، پێشکەشی ئەو منداڵانە بکەم کە لەبەر هەژاری قوتابخانەیان جێ هێشتووە و لەسەر شەقامەکان خەریکی سواڵکردنن.

کەمێک بێدەنگی دروست بوو، دیار بوو مایکەکە بەر نەدەکەوت، هەر یەکە لە لێپرسراوەکان حەزی دەکرد زووتر قسە بکات، لێپرسراوێک بە دەنگێکی ناسراو و کاریگەرەوە هاتە قسە: خۆشەویستان هەست بە شەرمەزاری دەکەم، دوای ئەم هەموو خەباتە جوانە، دوای ئەو هەموو چەرمەسەرییەی لە بەندیخانە و شاخ

ڕووبەڕووم بووەتەوە، دوای لەدەست دانی ئەم هەموو هاوڕێ ئازیز و ئازایانە، دوای ئەم هەموو سەروەرییە، ئێستا بەبێ ئاگایی بوومەتە مافیا و تەنیا جیاوازیم ئەوەیە مافیا لە ژێر یاسایە هەر کاتێک ئاشکرا بێت دەستگیر دەکرێت، بەڵام من لە سەرووی یاسام و ناتوانن بمگرن، مافیا بە نهێنی خەڵک دەڕووتێنێتەوە، من بە ئاشکرا، بۆیە خۆشحاڵم، کە خەبەرم بۆتەوە، منیش یەکێک بووم لە ئێوە و هەرواش دەمێنمەوە، تکا دەکەم ئەم ماوە ناشیرینە نەخەنە ڕیز لاپەڕە زێڕینەکانی مێژووی من، ئێستاش بڕیار دەدەم تەنیا بە پارەی تایبەتی من سیستەمی سۆسیال دابمەزرێت بۆ هەموو ئەو هەژارانەی ڕۆژێک خەونیان بە سەرکەوتنی نەتەوەکەیان دیوە، باخەکانیشم بکرێتە سەیرانگا بۆ خەڵکی شارەکەم.

لێپرسراوێکی تر لەبەر گریان قسەی پێ نەدەکرا، بەڕێزان کێ دەزانێت بیست ساڵ بەر لە ئێستا لە شاخ

من سێ ڕۆژ جارێک نانێکی ڕەق لەگەڵ خواردنێکی ساردم دەخوارد و بە مانگ سەری خۆم نەدەشووشت، هەندێک جار لە ترسی دوژمن بە جلی ئافرەتان دەچوومە ناو گوندەکان، ئێستاش هەموو خەڵک دەزانێت من خاوەنی چەندان ملیۆن دۆلارم و کۆڵانێکی تەواوم کڕیوە و کارەبای بەردەوامم هەیە، دە ساڵە وەک کەسێکی ئاسایی نەچوومەتە نێو هیچ شوێنێکی کراوەی ئەم شارە، بۆیە بڕیار دەدەم لەسەر ئەرکی تایبەتی خۆم پەیمانگەیەک دورست بکرێت، دەوڵەمەندبێ بە پسپۆڕو مامۆستای لێهاتوو بۆ پێگەیاندنی قوتابیان لە بەشە گرینگەکانی وەک سیاسەتی دەولی و زانستی ئابووری، زانستی ئارکیۆلۆژی و ئاسایشی نەتەوایەتی و بەرهەمهێنانی نەوت بە شێوازی تازەو مۆدێرن.

دوای ئەوەی هەموو لێپرسراوەکان یەکە یەکە بڕیاریان دا لە سەر ئەرک و پارەی خۆیان زۆربەی پڕۆژەکان جێ بە جێ بکەن وەک قیرتاوکردنی شەقامەکان و

دورست كردنی یاریگا و ڕێگای گوندەكان و پڕۆژەی ئاوی سازگار و دابین كردنی موەلیدە بۆ گەڕەكەكان و .. هتد، یەكێک بە چاكەتوپانتۆڵێكی سەرنجڕاكێش مایكەكەی وەرگرت، بە زمانێكی باش و پڕ لە زاراوەی عەرەبی و ئینگلیزی كەوتە قسەكردن: خۆشەویستان من دەمێكە چاوەڕێی ئەم ساتەوەختەم دەكرد، چونكە خۆتان دەزانن لە وڵاتی ئێمە ئەوەی یەكەم كەس كارێكی باش بكات دەبێتە قوربانی، لەبەر ئەوەی هیچ یاسایەک نییە لەسەرووی ئێمەوە بێت، مەبەستم ئەوانەی لێرە وەستاون بگرێتەوە! ئێمە خۆمان یاسابووین، تا ئێستا چیمان بویستایە دەمانكرد، ببوورن ئەگەر بڵێم تاوانی خۆتانە، چونكە ئێوە بە هەموو شتێكی ئێمە ڕازی بوون، زۆر جار ئێمە لە كۆبوونەوەكان ئەگەری تووڕەبوونی ئێوەمان باس دەكرد، بەڵام زۆر لە برادەران دەیانگوت: خەمتان نەبێت میللەتی ئێمە نان و ئاوی هەبێت كێشەی نابێ، چونكە ئەوەندە ڕۆشنبیر نین لە هەڵسوكەوتی ئێمە تێبگەن، ئەوەی خۆشی بە

ڕۆشنبیر دەزانێت بە دوو قسەی خۆش هیچی لە بیر نامێنێت، هەروەها میللەتی ئێمە ئەوەندەی ناخۆشی بینیوە زەحمەتە جورئەتی ئەوەی هەبێت، جارێکی تر دژایەتی ئێمەش بکات، بۆیە داواتان لێ دەکەم لەمەو دوا پێ لەسەر مافی خۆتان دابگرن و ڕێگە بە هیچ کەس و لێپرسراوێک نەدەن یاری بە چارەنووستان بکات و بە ترسنۆک و گێلتان بزانێت، بەردەوام ئاگاداری ڕووداوەکان بن و هەڵوێستتان هەبێت، ماستاوچییەتی بۆ ئێمە مەکەن، چونکە زیاتر سووک و ڕیسوا دەبن، بە قسەی خۆش و باق و بریقی ئێمە هەڵ مەخەڵەتێن، ئێوە زۆرترن لە ئێمە، تکا دەکەم وشیاربن و دوای کەسی درۆزن و دووڕوو مەکەون، نەفسیەتتان بەرزبێت و بۆ هەموو شتێک تەنازول مەکەن، ژیان کورتە، وەک میللەتان خۆڕاگر و سەربەرزبن، چیتان پێ خراپە دژی بن تا دەیگۆڕن، بەم بۆنەیە من بڕیار دەدەم، یەکەم: هەموو کەسە ساختەچییەکانی دەوروبەری خۆم بگۆڕم، چونکە دژی هەر کارێکی جوانن کە من دەمەوێت بۆ

ئێوەی بکەم، دووەم: لەمەودوا کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو، نەخوێندەوار یان بێ بڕوانامە ناتوانێت شوێنی خاوەن بڕوانامە بگرێتەوە، هەر کەس لە کاتی کارکردندا دەبێت ئەرکی سەرشانی بە تەواوەتی جێبەجێ بکات، سێیەم: بۆ هەر خێزانێکی هەژاری بێ ماڵ و حاڵ خانوویەکیان بۆ دروست بکەم، لەگەڵ خەڵاتێکی گرانبەها بۆ هەموو ئەو کەسانەی لە هەموو بەشە جیاجیاکان داهێنان دەکەن.

لەگەڵ بیستنی ئەم هەواڵە خۆشە، هیوا شاگەشکە بوو، خۆی پێنەگیرا هاواری کرد و پڕی دا قۆڵی ژنەکەی و گازێکی بەهێزی لێ گرت، ژنەکەی وەک شێت لە خەو ڕاپەری، هیوا خەبەری بۆوە سەرتاپای لەشی عارەقەیە و کارەبا کوژاوەتەوە .

**2007 / 5**

## ئازاد گوێ دەگرێت!

ڕۆژێک تەواوی نووسەران خۆیان بۆ فیستیڤاڵی ئەدەبی بۆ تەواوی ژانرەکان ئامادە کرد، هەموو کار و بەرهەمەکانی خۆیان هێنا، شیعر، چیرۆک، ڕۆمان، یاداشت و تەواوی بوارەکان، هەرکەسە و کتێبێک، یاخود چەند کتێبێکی لە ژێر هەنگڵی هەڵگرتبوو، هەبوو هێشتان چاپی نەکردبوو دەستنووسەکەی هێنابوو، هەندێکیش چەند پەڕێکیان ئامادە کردبوو، چەند نووسەرێک بەبێ کتێب و دەستنووس بەشداربوون، گوایە بەرهەمەکانی خۆیان لەبەرە و توانای ئەوەیان هەیە بەبێ هەڵە بیخوێننەوە. دوای هاتنی نووسەرەکان و یەکتر بینین و یەکتر ناسین، نووسەرەکان ئەوەندە زۆربوون کەسێک نەمایەوە وەک گوێگر، هەر کەسە خەریکی بەرهەم و دەرخستنی توانایی خۆی بوو، لەم کاتەدا ئازاد دەرکەوت کە تاکە کەس بوو توانایەکی زۆر

نائاسایی هەبوو لە گوێگرتن، ستایلێکی تایبەت بەخۆی هەبوو، دەیتوانی زۆر هێمنانە دابنیشێت و بێ ئەوەی خۆی تێک بدات، گوێ لەوانە بگرێت کە لە بەرانبەری دانیشتوون و قاچەکانیان لێککردۆتەوە و بە دەستێک پەڕەکانیان هەڵدەداوە و بە دەستێک ناوگەڵیان دەخوراند، پاشان عارەقەی دەموچاوە گوناهـ و گرژەکەیان دەسڕییەوە، تەواوی هێزی خۆیان کۆدەکردەوە بۆ نیشاندانی بەهرەیان لەبەردەم ئازاد، بەهرەی ئازاد سەرەتا لە چوارچێوەیەکی تەسک و ڕووبەرێکی کەم بوو، بەڵام دوایی وای لێهات نووسەران سەرە بگرن، بۆ خۆ ناونووسکردن تا ئازاد گوێیان لێ بگرێت، کار گەیشتە ئەوەی جگە لەوانەی دەهاتنەماڵەوە، ناوە ناوە بچێت لە یانەکانیش گوێ بگرێت، ناوبانگی ئازاد بڵاوبۆوە لە میدیاکان بە ناونیشانی ( ئازاد گوێ دەگرێت!).

له هەموو شار و شەقامەکان وێنەی ئازاد هەڵواسرابوو، وای لێهات هۆڵە فراوانەکان پڕدەبوون له نووسەر، بەتایبەتیش ئەوانەی فریای تیکیت کڕین کەوتبوون، ئازاد لەسەر سەکۆکە بە ئارامی دادەنیشت و گوێی له یەکە یەکەی نووسەران دەگرت، زور له سەرەخۆ هەناسەی دەدا و بە دەگمەنیش بە یەکێکی دەگوت: ئەوە جوان بوو، یان چەپڵەیەکی بۆ لێدابا، ئەمە بۆ ئەو نووسەرە سەرکەوتنێکی گەلێک گەورە بوو. بۆ بڵاوکردنەوەو ڕێکلامکردن، نووسەرەکان وێنەی ئازادیان لەسەر کتێبەکانیان دەدا، ئازاد زۆر کەم دەدوا، هەمیشە له چاوپێکەوتنەکانی دەیگوت: نووسین کارێکی جوانە، زۆر کەس ئەو توانایەی هەیە، بەڵام هەموو کەس ناتوانێت، گوێ بگرێت.

کۆلن – 9 /2008

## مۆزەمبیق

ئەم ڕەنگەی جارانم نەمابوو، سەرتا وام دەزانی هی پیسبوونی ئاوێنەکانە، بەردەوام پاکم دەکرنەوە و گڵۆپی زیاترم لە پشتیانەوە دادەگیرسان، هەر تاریک بوو! ئەوە بوو دوای دوودڵی و بیرکردنەوەیەکی زۆر بڕیام دا بچمە لای دکتۆری پێست. دکتۆرێکی ناسراو بوو، لای خەڵک زۆر ناوی دەهات، گوایە چەند کەسی سووتاوی چاک کردووەتەوە بەبێ ئەوەی پاشماوەی برینەکانیان دیاربێت. دوای بینەوبەردەیەکی زۆر بە تەلەفۆن مەوعیدێکم وەرگرت، ڕۆیشتمە عیادەکەی، دەرەوە و ژوورەوە پڕبوون لە خەڵک، هەمووشیان ڕەش پێست بوون، زۆرم پێ سەیربوو ئەم هەموو بیانیانە لە بەنگلادیش و فلیپین و سریلانکا هاتوون، بە خۆمم گوت: بێگومان نابێت ئەو دکتۆرە لە خۆمان بێت؟ چوومە لای سکرتێرەکە ئەویش ڕەش پێست بوو، نەمزانی بە چ

زمانێک قسەی لەگەڵ بکەم، بیرم لە ڕستەیەکی ئینگلیزی دەکردەوە، لەناکاو سکرتێرەکە گوتی: فەرموو کاکە! زۆر کەیف خۆش بووم بەوەی بێگانەیەک ئاوها بە جوانی و ڕەوانی بە زمانی ئێمە قسە دەکات، منیش بۆ ئاسانکردنی زمانەکەم و تێگەیاندنی ئەو، بە هێواشی و پچڕ پچڕی گوتم: دەمەوێت، بچمە لای دکتۆر، چونکە ئەوە.. ما..وە..یەکە، وردە.. وردە ڕەنگی.. پێ.. ستم ڕەش.. هەڵ..دەگەڕێت، ئەوەتا.. ئێستا.. بە تەواوەتی.. ڕەش.. داگەڕاوە، بەڵام هەست ناکەم... سکرتێرەکە بە پێکەنینەوە قسەی پێ بڕیم و گوتی: وەڵڵا ئەوها قسە بکەیت تا....، یەکسەر قسەم پێ بڕی و گوتم: بۆ جەنابت خەڵکی ئێرەیت؟

سکرتێر: ئەی خۆ خەڵکی مۆزەمبیق نیم، گوتم: ببوورە ئەی ئەو برادەرە ڕەشپێستانە لێرە چی دەکەن؟ هەموویان دەڵێی برانە، سکرتێر بە بێزارییەوە گوتی: ئەوانەش لە خۆمانن و دکتۆریش هەر خۆییە و هەمان

ڕەنگی هەیە، دیارە جەنابت غەریبی و بەو ڕەنگە ئاشنا نیت؟

**کۆلن – 2008/2**

# شەست و سێ ساڵ

شەوی ڕابردوو لە خەونم شەست و سێ ساڵ گەڕابوومەوە دواوە، سەربازێکی نازی ئەڵمانیا بووم لە شەڕی دووەمی جیهانی، زۆر دەترسام بکەومە دەست سەربازە ئەمریکی و ئینگلیزەکان، کە لە خەو هەڵسام دووسەد ساڵ لە دواوە بووم.

## هۆمۆ

بە کەیف و ئارەزوویەکی بێ سنوور، کوڕەکەی بردە سەرەوە، لەسەر کورسییە دوو کەسییەکە داینیشاند و کۆکا کۆلایەکی بۆ هێنا، ڤیدیۆکەی بۆ پێکرد، لە تەنیشتییەوە دانیشت و بە هێواشی دەستی بردە سەر کۆشی، ماوەیەک بێ دەنگ بوو، بەڵام هەستی بە هیچ نەکرد، لە هیکڕا قۆڵی کوڕەی گرت و فڕێی دا دەرەوە.

# قومارباز

بەدەم قاوە خواردنەوە و جگەرەکێشان بە هێمنی خەریکی یاریکردن بوو، لە ناکاو زەنگی مۆبایلەکەی لێی دا، سەیری ناو و کاتژمێری سەر مۆبایلەکەی کرد، کاتژمێر دوازدەی نیوەڕۆ بوو، هەڵینەگرت، ماوەیەکی پێچوو، دیسان زەنگەکە لێی دایەوە، ئەو جارە کاتژمێر چواری ئێوارە بوو، دیسان دایخستەوە، جاری سێیەم کاتژمێر دوازدەی شەو بوو زەنگەکە لێی دایەوە، هەڵیگرت و بە دەنگێکی بەرز: سەیرکە هەموو منداڵەکان بمرن نایەمەوە، ئەوجا وازبێنە و چی تر ئیزعاجم مەکە!

# مێگەل

یەک مێگەل بە دوای چارەنووسێک کەوتبوون، لەبەری دەپاڕانەوە، ئەویش هاواری دەکرد، وازم لێ بێنن دەبەنگینە، بێزاربووم لێتان، بڕۆن چ زۆرە چارەنووس زۆرە، بۆ خۆتان شتێک هەڵبژێرن، بۆ بەس منی بێ قیمەت.

# وێستگەی میترۆ

تا درەنگانی شەو لەگەڵ برادەرەکەم دانیشتبووین، بەدەم گفتوگۆوە عەرەقمان دەخواردەوە، ناوە ناوەش بێدەنگ دەبووین و گوێمان لە گۆرانییەک دەگرت، خەریک بوو بێزار دەبووین، بیرۆکەی ئەوەمان لا گەڵاڵە بوو، کە بچین بۆ دیسکۆی (بۆکە چیکە) لە شەقامی ئەرتورلادەبێک، سەرەتا ترسی ئەوەمان هەبوو کە بۆدی گاردەکان ڕێگەی چوونە ژوورەوەمان پێ نەدەن، بەڵام کە چووینە ژوورەوە، کەس هیچی پێ نەگوتین، لە نزیک شوێنی سەماکردن وەستاین، بە ئیشارەت بانگی کچە بۆیەکەمان کرد کە تەنوورەیەکی کورت تا سەر ڕان و تیشێرتێکی سپی تەسکی بەبێ ستیانی لەبەر کردبوو، سینییەک پڕ لە خواردنەوەی داواکراو، وێسکی، ڤۆدگا، بیرە بە بتڵ و بە گڵاس، کۆلا، فانتا، کۆکتێلی.... لەسەر لەپی دەستی هەڵگرتبوو، بە خەندەیەکی ژنانەوە گوتی:

چ دەخوازن بخۆنەوە؟ ئێمە بە چوار چاوی زەق و گەورە، کە نەماندەزانی سەیری کوێی بکەین، زۆر بە خێرایی نیگاکانمان دەگواستەوە، لەسنگی بۆ سەر ڕانی، لەوێ بۆ گەردەنی، ئینجا سەر مل و بن هەنگڵ و باسکە باریک و پەنجە وردەکانی، جارێکی تر سەر سینگ و مەمکەکانی، ئینجا لێوە سوورەکانی، بەیەکەوەش گوتمان: دوو بیرەی (بێکس) لە گڵاس، شاتس. لە ماوەیەکی زۆر کەم هێشتان فڕی یەکەممان لە بیرەکان نەدابوو، لە نێو ئەم حەشاماتە دوو کچی ئەسمەری باڵا بەرز بەچاوە پڕ لە کل و دەمە سوورەکانیان بە خەندەیەکەوە ئێمەیان ڕاچڵەکاند، هاوڕێکەم گوتی: خوا دای، لە نێوانی کچ و کوڕەکانی بەردەممان جێگەی کردەوەو تێپەڕی، چووە بەرانبەر کچە ئەسمەرە قژ لوولەکە، ئەوی تریش کە هەر لەو دەچوو تەنیا قژی لووس بوو، سەیرێکی منی کرد و جارێکی تریش خەندەیەکی کرد، منیش چوومە لای، شانسی من موزیکەکە گۆڕدرا بۆ سلۆ دانس، یەکترمان گرتە باوەش

بەبێ قسەکردن چەند خولەکێک سەمامان کرد، بەڵام لەم بێ دەنگییە زۆر شتمان لە ناخەوە بەیەکتر گوت، ئینجا کەمێک سینگمان لەیەکتر دوور خستەوە و کەوتینە قسەکردن و یەکتر ناسین، نزیکترین مەوعیدمان دانا کە بەیانی کاتژمێر دە، لە پێش مەکدۆناڵدسی (یان پلاتس). دوایی کە ئەمەم بە هاوڕێکەم گوت، خەریک بوو شێت بێت، دەیگوت: منیش دێم، لە دوورەوە سەیرتان دەکەم، کێ دەڵێت لەگەڵ هەردووکمان ناکات!

ئەمشەوە لە خۆشیان چاوم نەچووە خەو، هەرگیز ڕوخساری لەبەر چاوم ون نەدەبوو، تا ئەو کاتەش هەستم بە گەرمایی لەشی دەکرد، بەردەوام بیرۆکەی جیاجیام بۆ دەهات، تا وای لێ هات بەخۆم بڵێم، کێ دەڵێت: زووتر نایەت؟ بەم خەیاڵە یەکسەر ئەو باوەڕەم بۆ دروست بوو، هەڵسام بەم بەیانییە چی جلی جوان و بۆنم هەیە تاقیم کردەوە و ڕۆیشتمە دەرەوە، بە ڕاکردن تا وێستگەی میترۆ لە فینکن شتڕاسە، باش بوو

فریاکەوتم، دەنا دە خولەکی تر دوا دەکەوتم، بەمەش لە دیداری ئەم کچە شیرین و جوانە بێبەش دەبووم، کە دوێنێ زۆرترین چێژی پێ بەخشیم، کاتژمێر هەشتی ڕێک لە وێستگەی یان پلاتس واتە سەنتەری شار دابەزیم، سەیرێکی ئەم لاو ئەو لام کرد، تا بزانم لە پەنای کامە دینگە، یان دیوار خۆی حەشارداوە و چاودێریم دەکات، دەیەوێت بیکاتە موفاجەئە، بەڵام تا لە تەواوی پەیژەکان سەرکەوتم و گەیشتمە بەردەم مەکدۆناڵدسەکە، هیچ موفاجەئە دورست نەبوو، دوای تێپەڕبوونی سی خولەک هەر نەمبینی لەو پاسانە دابەزێت کە هەر دە خولەک جارێک دەگەیشتن، هەروەها لە تونێلی میترۆکانیش دەرنەکەوت، هەستم کرد ئیتر لە کاتی خۆی نەبێت نایەت، چونکە زووتر لە کاتی خۆی، ڕەنگە ئەو بە خۆ سووککردن تێبگات، هەرچەندە من وام بیر نەدەکردەوە، بەڵکو خۆشەویستتر دەبوو لام، چوومە مەکدۆناڵدسەکە بۆ خواردنی نانی بەیانی، دوو لەفەی هامبۆرگەر و قاوەیەکم هێنا، لە

بەردەم جامەکە، کە دەمتوانی تەواوی وێستگەی پاس و میترۆکان و زۆر لە دووکانەکانی ئەو ناوە ببینم دانیشتم، ئەوەندە سەیری دەرەوەم کرد وای لێهاتبوو شتەکان بچووک دەبوونەوە لەبەر چاوم، بیرم کردەوە ئەوە بەم بەیانییە من چی دەکەم لێرە، کچێک دەتوانێت ئاوها لە پیاو بکات! یا پیاو خۆی، خۆی بێ قیمەت دەکات، کێ دەڵێت: بە گاڵتەی نەبووە و ئەمە کاری ڕۆژانەی نییە؟ ئەوەیە کەسیەتی من، کارێک بکەم چاکتر نییە، لەم بیرکردنەوەیە بووم نیگام کەوتە سەر دووکانی پینەدۆزەکەی ئەوبەر، پیاوێکی کامڵ بە بەدلەیەکی شین لەبەردەم کچێک خۆی نوشتاندۆتەوە و پێڵاوەکەی بە خەندە و پێکەنین دادەکەنێت، کچەش دەستێکی خستۆتە سەرشانی کابرای پینەدۆز و دەستەکەی تریشی بە مێزەکەوە گرتووە و قاچی بۆ بەرزکردۆتەوە، دەمزانی پینەدۆزەکە بە ئەنقەست زوو پێڵاوەکانی داناکەنێت، چونکە لەلایەک گۆزینگە خڕ و سپییەکەی کچەی گرتبوو، لەلایەکی تریش دەستی کچەی لەسەر شان

بوو، دوو سەرە چێژی وەردەگرت، ئیرەییم پێی دەبرد. سەیرێکی کاتژمێرە گەورەکەی سەنتەرم کرد، دە بوو کە کاتی ژووانمان بوو، جارێکی تر چوومە بەر ئاوێنەی مەکدۆناڵدسەکە لە توالێت، بە خێرایی سەیرێکی خۆم کرد، زۆر ڕێک بووم، زوو گەڕامەوە وێستگەکە، نەبادا بڵێ نەهات و پێی ڕابواردم، وێنەیەکی خراپی لا دورست بێت، زۆر بە وردی سەیری ناو ئەو پاسانەم دەکرد کە دەهاتن، دواییش یەکە یەکەی سەرنشینەکان، بەڵام لە ناو هیچ یەکێکیاندا نەبوو، کەڕەتی دووەمی پاسەکانیش هات ئەو هەر نەهات، بیرم کردەوە کە ماڵیان لە دەرەوەی شارە و لە پاسی کاتژمێر دە دواکەوتووە و تا کاتژمێرێکی تر ناتوانێت بێت، چونکە پاسەکانی ناوشار دە خولەک جارێک دێن و هی دەرەوەی شاریش کاتژمێرێک جارێک، بۆیە بە بێ گومان چاوەڕێم کرد، گوتم تا ئەو دێت بۆ گوڵێکی بۆ نەکڕم؟ پەنجا مەترێک دوور لە وێستگەکە گوڵ فرۆشێکی لێ بوو، بەپەلە چووم چەند کەسێک لەوێ وەستابوون، ویستم

بگەڕێمەوە نەبادا لەم کاتەدا دەرکەوێت، بەڵام نەگەڕامەوە، تا سەرەم گەیشت، کەچی نەمزانی کامە ڕەنگ هەڵبژێرم، سوور کە ڕەنگی خۆشەویستییە، یان شین کە هی هاوڕێیەتی پاکە، بەڵام سوورم هەڵبژارد، چونکە زانیم وەک خۆم بیردەکاتەوە، بە خێرایی گەڕامەوە، بینیم پاسەکان وەستاون و سەرنشینەکان دابەزیون، زۆرم پێ ناخۆش بوو، کە لەوێ نەبووم تا هەنگاوەکانی ببینم لە کاتی دابەزین و یەکسەر لە باوەشی بگرم، لەوسەر کچێک بەهەمان چاکەت و پانتۆڵی دوێنێ شەو وەستا بوو، سەیری پلانی پاسەکانی دەکرد، مووچڕکەیەک بە سەرتاپای لەشمدا هات و لەو بازاڕە پڕ لە دەنگە دەنگە بە هێواشی چوومە پێش، نەمهێشت دەنگی پێیەکانیشم ببیستێت، تا ئاوڕ نەداتەوە، بۆ ئەوەی لە پشتەوە چاوی بگرم، دەستم بەرزکردەوە، کچە هەستی کرد و بە خێرایی ئاوڕی دایەوە، بە خەندە و دەنگێکی گەورەو گڕ، بە ئەڵمانییەکی تێکشکاو: ئەوە چ دەکەی لە پشتە من؟ کچێکی سپی

وەک بەفر، چاو سەوز لێو سوور بەبێ سوورا، تا ئەو کاتە شتی وا جوانم نەدی بوو، بە حەپەساوی و واقورماوی گوتم: ببوورە پاسی ڕەقەم 25 کەی دێت؟ پێش ئەوەی وەڵامم بداتەوە دیسان پرسیارم کردەوە: خەڵکی چ وڵاتێکی؟

کچە: سڕبیا. بەبێ بیرکردنەوە گوتم: کاتت هەیە داوەتی قاوەیەکت بکەم؟ نەخێر، ئەوە برادەرەکەم هات دەبێ بڕۆم. کوڕێکی باڵا بەرزی قۆڵ ئەستووری قۆز لەوسەر هات و ناوقەدی کچەی گرت و ماچێکی لە دەمی کرد، بە توورەیی سەیرێکی منی کرد و ڕۆیشت. تێگەیشتم مەبەستی توورەییەکەی چی بوو، واتە هەی بێ عەقڵ، ئەو کچە تەنیا موڵکی خۆمە لەم جیهانە کەسی تر مافی نزیک کەوتنەوەی نییە، بڕۆ بەدوای یەکێکی دیکە بگەڕێ، بۆیە یەکسەر گەڕامەوە وێستگەکە و دووبارە چاوەڕێ بووم، لە کەرەتی پاسی کاتژمێر سێی عەسر، لە کۆتایی دا کچە ئەسمەرەکەی منیش بەدەرکەوت،

شاگەشکە بووم و چۆکیشم دەلەرزی، بەڵام کە چوومە بەردەمی، کچە قژ لوولەکە بوو، ویستم پرسیاری لێ بکەم، کەچی یەکسەر ڕۆیشت، هەستم کرد ئەم خۆ دواخستنە سیناریۆیە، بۆیە لەگەڵ ئەمە نەهاتووە تا من تاقی بکاتەوە.

کاتژمێر چوار پاسەکان جارێکی تر هاتنەوە، هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا و خۆم ئامادەکرد بۆ گلەیی و خۆ گرانکردن، کە چ پێویست بەم تاقیکردنەوە قۆڕە دەکات؟! بەتایبەتیش لەم کاتە هەستیارە، دوایی کە بەیەکەوە بووین لە پیاسەی پارکەکان، یان سینەما، مەلەوانگە بۆی دەردەکەوێت ئایا ئەو کەسەم بۆ ئەم یان نا، بەڵام لە پاسەکەدا نەبوو، بڕیارم دا ئەگەر ئەم جارە لە نێو پاسی کاتژمێر پێنج و شەش نەبێت، جێی بێڵم، بەم ناوە هەندێک پیاسەم کرد، دەمزانی هەموو شتێک تا کەمێک بێزارت نەکات بۆت نابێت، یان وەک دەڵێن: لەدوای هەموو ناخۆشییەک، خۆشییەک دێت. کاتژمێر

شەش پاسەکە لە دوورەوە دەهات، هەندێک بە دەنگی گەورە پێکەنیم، تا توورەیی دەموچاوم برەوێتەوە، پێم خۆش نەبوو لە یەکەم یەکتربینین ناخم بخوێنێتەوە، لە سووچێکەوە چاودێری پاسەکەم دەکرد وەک جاران زۆر نەچوومە پێشەوە، چونکە ئەو خەڵکەی بەیانی زوو چووبوون بۆ کارکردن منیان دیبوو، هەروەها کە گەڕابوونەوەش، کەچی ئێستا وا جارێکی تر دێنەوە بازاڕ، ئەم جارەش لەگەڵ پاسەکان نەبوو، ویستم گوڵەکە فڕێ بدەم، بەڵام فڕێم نەدا، گوتم: قەیناکە شانسێکی دیکەی دەدەمێ، کاتژمێر نۆی شەو پاسەکە هات و کەسی تێدا نەبوو، کاتژمێر دە دوا پاس هات و بەدەم ڕۆیشتنەوە چەند جارێکی تر ئاوڕم دایەوە و ئاوڕم دایەوە.

2005/ 5

## دەفتەر ؟

لەزگەکەی سەردەمی ئارامیان هەڵپچڕی، هێشتان خوێنی لێ دەتکا، بە شێواوی گوتی: من بۆ لێرەم و ئێرە کوێیە؟ قسەکەی تەواو نەکرد شەقازللەیەکیان سرەواندە بنا گوێی، وەڵامی پرسیارەکەم بدەرەوە. بەخودای نازانم ئێوە کێن و چیتان لە من دەوێت، بەڵام لە نێو چاکەتەکەم دوو دەفتەر و پارچە کاغەزێکی دەقکراو هەیە.

گەورەکەیان بانگی چەکدارەکەی کرد، سەری بردە بنا گوێی: برۆ چاکەتەکە بێنە، کاغەزەکە بۆ خۆت و دەفتەرەکانیش بەبێ دەستکاری دەبەیتە ژوورەکەم، لە نێو دۆلابە تایبەتییەکەم دایدەنێیت بە بێ ئەوەی کەس پێی بزانێت.

جارێکی تر ڕووی کردەوە ئارام و گوتی: بۆ ئەوەی ئازاری یەکتر نەدەین، وەڵامی پرسیارەکانم بە ڕاست و دروستی بدەرەوە، پێش ئەوەی ئارام وەڵام بداتەوە، پاسەوانەکە هاتەوە لای بەرپرسەکەی و دوو دفتەری تێبینی بچووک و پارچە کاغەزێکی بەدەستەوە بوو! دوای دوو ڕۆژ ئارامیان بە کوژراوی دۆزییەوە.

# گولله

پەنجەم لەسەر پەلاپیتکەی دەمانچەکە دانا، تەواو ئامادەبووم بۆ مردن، بەبێ دڵەڕاوکێ لوولەکەم بە سەرمەوە نووساند و ڕامکێشا، کەچی نەتەقی. لەو کاتەوە گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە گوللەش هەندێک جار هەقیقەت دەڵێت.

## سفر

له سفره‌وه ده‌ستم پێ کرد و له کۆتاییدا هاتمه‌وه سه‌ر سفر.

# کچە سێ ساڵییەکە و مەزنترین گوناھ

شایان نیوەی لەناو جۆگە و نیوەکەی تری لەسەر سەکۆی بەردەمی ماڵەکەیان بوو، کراسەکەی یەکپارچە خوێن و پانتۆڵەکەی لە ئاو و قوڕاوی جۆگەکە وەرهاتبوو، بە هەموو هێزی ویستی دەستی چەپەی لە ژێر سنگی دەربێنێ، نەیتوانی، لە ژێرەوە سەیری کرد خوێنی لێ دەچۆڕێتەوە و ئێسکەکانی هاتوونەتە دەرەوە، دەستی ڕاستی بەرەو دەموچاوی بەرزکردەوە، پەنجەی بەر وردە ئێسک و چەند کونێک کەوت لە سەر و نێوچەوانی، بەردەوامیش خوێنی لێ دەهات.

هەندێک وردە گۆشت تێکەڵ بە موو و ئێسکی سەری هەڵوەرینە خوارێ، لەو ساتەدا هاوسەرەکەی ڕایکردە دەرەوە بۆ سەر لاشەی خوێناوی مێردەکەی، دایکی کە زووتر لە هاوسەرەکەی گەیشتبووە سەر لاشەی

کوڕەکەی، وەک ئەوەی تازە چەند بتڵێک خوێنی بەخشی بێت سپی هەڵگەڕاو و پەشۆکاو بوو، بەڵام نەدەگریا، چونکە زووتر پەی بە ڕوودانی کارەساتێک بردبوو، ئەزموونێکی بیست ساڵ لەمەوبەری هەبوو، ئێوارەیەکی ئاوا دڵی تەنگ ببوو، خەمۆکی باڵی بەسەردا کێشا بوو، هەرچەند تەسبێحەکەی دەرهێنا بوو و دەستی کردبوو بە سەڵاوات لێدان و خوێندنی چەند ئایەتێکی قورئان و نزا و پاڕانەوە، بۆ دوورخستنەوەی ئەو بەڵایەی بەڕێوەیە، بەڵام دوای چەند خولەکێک هەواڵی بریندابوونی مێردەکەی بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل پێگەیشت، دواتر کاتێ گەیشتبووە لای لە نەخۆشخانە بە چەند چرکەیەک گیانی سپاردبوو.

ئەمەش بە هەمان شێوە، بەڵام جیاوازی ئەوەیە ئەمەیان مردنێکی بە زۆری بوو، ئەوەی پێشوو بەڕێکەوت، بۆیە خەمەکەشی گەورەترە. هاوسەرە جوان و جاحێڵەکەی، خەڵکی کۆڵانی هاوار و بە قیژەلێدان هەرانسان کرد، پڕ

بە دڵ حەزی بە مردنی خۆی دەکرد نەوەک ئەم کارەساتە بینینی، هەرچەند ئەو خوێنەی دەبینی بە جۆگەکەدا دەچێتە خوارەوە ترسی زیاتر دەبوو، بڵندتر دەیقیژاند، چونکە مردنی مێردەکەی واتە مردنی خۆیی و هەردوو منداڵەکەی، واتە ڕیسوابوون، دەیزانی ژیانی لەمەودوای یانی چی. کچە سێ ساڵی و کوڕە بچووکەکەی، وەک بینەرێکی نائاسایی لەو دراما تراژیدیایەیان دەڕوانی کە بۆ تەمەنی ئەوان نەگونجاو بوو، شایان لەوکاتەی سەری لەسەر ڕانی خێزانەکەی بوو نیوەی لەم دنیایە و نیوەکەی تری بەعەدەم سپێردرا بوو، بەبێ ئومێدانە لە منداڵەکانی ڕووانی و ویستی بەخێزانەکەی بڵێت: برۆ لە ناو ئۆتۆمبێلەکە بنێشت و شوکولاتەی میترۆیان بۆ بێنە، کە ڕۆژانە منداڵەکان هەشت کاتژمێر چاوەڕێ بوون باوکیان بێتەوە و لە باوەشیان بکات و لە گیرفانی پانتۆڵەکەی شتیان بۆ دەربێنێت، هەندێک جاریش بەخۆیان دەریان دەهێنا، بەڵام کە ڕووی وەرگێڕا بینی وا ئۆتۆمبێلەکەی

لەسەری کۆڵان بە جامی شکاو و تەنیا گڵۆپی دواوەی وەک ئەسپێکی بەوەفا سەیری دەکات و نەشی دەتوانی بگەڕێتەوە، بەبێ ئارەزووی خاوەنی پەلکێشی دەکەن، ڕووی کردەوە هاوسەرەکەی، ئەم جارە دەیویست بڵێت: ئەو منداڵانە لابە، با بەم شێوەیە باوکیان نەبینن، لەلایەکی تریش حەزی دەکرد وەک هەموو ئێوارەیەک لەباوەشیان بگرێت و ماچیان بکات، بەڵام ئەو کەسەی بەسۆزەوە داوای لێ کرد لەگەڵ خۆی بیگەیەنێتەوە، کەچی بە گوللە سوپاسی کرد و نەیهێشت جارێکی تر منداڵەکانی لە باوەش بگرێ.

کچە سێ ساڵانەکەی، کە هەموو ڕۆژێک لەم کاتەدا چاوەڕێی دەکرد باوکی بێتەوە بۆ ئەوەی پرسیاری تەواوی ئەو ڕۆژەی لێ بکات کە چۆن گوزەراندوویەتی و شتەکانی خۆیشی پێ بڵێت و سکاڵاکانی بەرانبەر برا بچووکی و دایکی پێ بڵێت، ئینجا کەوشی بۆ بێنێ تا دەستنوێژی بشوات و پاشان بەیەکەوە وەک دوو

برادەری تەمەن جیاواز نانی ئێوارە بخۆن، هەندێک جاریش دوای نان خواردن بەیەکەوە پیاسەی نێو دووکانەکانی گەڕەکیان دەکرد، کەچی ئێستا لەو شوێنە ڕاکشاوە، کە پێشتر نەیدەهێشت یاری لێ بکەن، دەیگوت کچم پیسە.

ئەو باوکەی شەوانە کاتی کارەبا دەکوژایەوە پێی دەگوت: کچم مەترسە، بەنێو تاریکی ون دەبوو، لەو سەر بەخۆی و مۆمێک وەک ئەوەی تازە ڕووناکی دۆزیبێتەوە بە زەردەخەنە دەگەڕایەوە، لەبەر چاوی کچەکەی وەک فریشتە دیاربوو، سێبەرەکەی زۆر لەخۆی گەورەتر بوو، پێخەفەکەی دەهێنا سەر سنگی تا کچەکەی بیبینێت چۆن باوکی وەک پاسەوانێک لەوێ ئامادەیە، بەبێ ترس و بە ئاسوودەیی بتوانێت بخەوێ، زۆر جاریش کچە دەیدی چۆن دایکی لە باوەش دەگرت و هەر لەژێر پێخەفەکە پارچە پارچە جلەکانی دادەکەند و فڕێی دەدا دەرەوە، ئینجا ماوەیەک وەک کرم

دەجووڵایەوە، پاشان بە هەناسەبڕکێ سەری دەردەهێنا و خۆی دەهاوێشتە سەر پشت و بیری لە داهاتوو دەکردەوە، تا خەو دەیبردەوە. کەچی ئێستا ئەم پاسەوانە لەم شوێنە ڕاکشاوە و لە خوێن گەوزاوە، کچە سێ ساڵییەکە زۆری لا سەیر بوو، پرسیاری ئەوە بوو دەبێ کێ بێت، ئاوای لە باوکی کردبێت، دیارە خۆشی نەویستووە وەک ئێمە، بێگومان نەیزانیوە باوکی ئێمەیە، دەنا چۆن وا لە باوکی دەکات، چونکە کەسی تر شوکولاتەمان بۆ ناهێنێ.

هیچ منداڵێک نەیدەوێرا لە بەردەم ئەو کچە سێ ساڵییە جنێو بە باوکی بدات، خۆ ئەگەر کەسێ پێی گوتبا سەگباب، ئەو ڕۆژە تا ئێوارە مانی لە هەموو شتێ دەگرت، تاکو باوکی دەگەڕایەوە و سکاڵای لەلا دەکرد و چاوەڕێی وەڵامیشی دەکرد، ئەو کاتەی باوکی دەیگوت: ئەوەی لەگەڵ ئێمەیەتی هەر بە خۆی.

کچە سێ ساڵییەکە بە چاوە ڕەشە گەورەکانی سەیرێکی مۆبایلی باوکی کرد لەبن دیوارەکە کەوتووە و کەس نییە هەڵیگرێتەوە، پێشتریش هەر لە شوێنی بەرزی دادەنا، لە ترسی ئەوەی نەوەک منداڵەکان دەستکاری بکەن، یان تێکی بدەن، کچە نیگای کەوتە سەر پێڵاوەکانی باوکی، کە ئەمڕۆ بەیانی بەدەستی خۆی جوان جوان پاکی کردبوونەوە، کەچی ئێستا تاکێکی لە نێو جۆگەکە کەوتووە و تاکەکەی تری کەوتۆتە ژێر چۆکی و لێوان لێوبووە لە خوێن، کچە سێ ساڵییەکە واقی وڕمابوو کە بۆچی وایان لە باوکی کردووە، خۆ باوکی هیچی نەکردبوو ئەو لە کارکردن دەگەڕایەوە. سەیرێکی باوکی کرد بینی زەردەخەنەی بۆ دەکات، هەستی کرد باوکی درۆ دەکات، چۆن دەبێ خوێنت لێ بچۆڕێ و پێبکەنی؟! پاشان سەیری دایکی کرد، وا هاوار دەکات و دەگرییێت، ئەوە زۆر سەرنجی ڕاکێشا کە لە باوکیان داوە و دایکی دەگرییێت. شایانیان بەپەلە بە ئۆتۆمبێلی یەکێک لە دراوسێکان برد بۆ نەخۆشخانەی

فریاگوزاری، بەهۆی سەختی برینەکانی، وەک باوکی لەبەردەمی نەخۆشخانە گیانی سپارد.

مولازم زیاد ڕاستەوخۆ دەستی بە لێکۆڵینەوەی چۆنیەتی کوشتنی شایان کرد..

سەرەتا لەگەڵ ئەو کەسانەی هێنایانە نەخۆشخانە، شاگردەکانی شایان، یەکێکیان ترسێکی زۆری پێوە دیار بوو، هەروەها سوورهەڵگەڕا بوو و قسەکانی تێکەڵ دەکرد. مولازم زیاد بڕیاری دا زۆر بە وردی پرسیاری لێ بکات، بۆیە بۆ ماوەیەکی کاتیی خستییە زیندان، لەو کاتە مولازم سەرقاڵی لێکۆڵینەوە بوو، برای شایان تەلەفۆنی بۆ مولازم زیاد کرد، کە گومانی لە برای خێزانی شایانە، مولازم زیاد بە پەلە کوڕەی دۆزییەوە و پەلکێشی بەڕێوەبەرایەتییەکەی کرد، بەپێی ئەزموونی تایبەتی خۆی هەستی کرد هەڵسوکەتی کوڕە زۆر نائاساییە و شێواوە، بۆیە یەکسەر لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەست پێ کرد.

مولازم: دوێنێ کاتی ڕووداوەکە تۆ لە کوێ بووی؟

کوڕە پەنجەکانی دەستی دەگوشی و ئاوڕی ئەملاو ئەولای دەدایەوە، پاشان گوتی: لە ماڵێ بووم.

مولازم: ئەی ئەمڕۆ تا پێش لێکۆڵینەوە لە کوێ بوویت؟

کوڕە بە لەرزینەوە گوتی: لە شارێکی تربووم گەورەم، چووبووم دزەکان بگرم، ببوورە گەورەم چووبووم ئۆتۆمبێل بفرۆشم.

مولازم لێی بە پێشکەوت و گوتی: باشە بۆ ئەوەی تۆ تووشی کێشە نەبی، ناوی دزەکانمان بدەرێ، ئێمە خۆمان پۆلیس دەنێرین دەستگیریان بکەن.

کوڕە هەموو لەشی دەلەرزی و نێوچەوانی عارەقەی پێدا دەهاتە خوارەوە، دەستی لە گیرفانەکانی دەگێڕا، مولازم پاکەتەکەی دەرهێنا و جگەرەیەکی پێشکەش کرد، کوڕە جگەرەکەی وەرگرت و بە بێ سەیرکردن لەسەر لێوی دانا، مولازم پێش ئەوەی جگەرەکەی بۆ

داگیرسێنێ گوتی: جگەرەکەت پێچەوانە لە دەمە. کوڕە بە زۆر لەخۆکردنەوە زەردەخەنەیەکی بۆ کرد و جگەرەکەی ڕاست کردەوە و گوتی: گەورەم بەخوای چووبووم ئۆتۆمبێل بفرۆشم، بەڵام لەوێش پرسیام لە خەڵکەکە کرد، بزانم کەس ناناسن ئۆتۆمبێل و پارەیەکی زۆری دزیبێ. هێشتان تەواو کۆتایی بە قسەکانی نەهێنا بوو، مولازم بە هەموو هێزی زللەیەکی سرەواندە بناگوێی، جگەرەکەی دەمی زیاتر لە دوو مەتر پەڕیی، ئینجا کەوتەوە سەر زەوی، هەی بێ ئەخلاق دەڵێی قسە لەگەڵ منداڵ دەکەی، بۆ دز کە دزی دەکات بە خەڵک دەڵێت من دزیم کردووە، بزانە زۆرباش دەزانم تۆ بە دەستی خۆت کارەکەت ئەنجام نەداوە، بەڵام هاوکاریت کردوون، ئەمەش حوکمەکەت سووکتر دەکات لەوەی کە بکوژ بیت، هەروا ئەگەر ئێستا دان بە تاوانەکەت بنێیت و ناوی بکوژەکانم بدەیتێ، ئەوە بێگومان لای دادوەر باشترە بۆ تۆ، بە خۆشم هەوڵ دەدەم تاوانەکەت کەم بکەمەوە.

لەو لاوە برای شایان تەلەفۆنێکی بۆ هات پێی گوترا: ئەگەر دەتەوێت بکوژەکان بدۆزیتەوە بڕۆ ئومێد و هێور بە گرتن بدە لە ئاسایش نەک پۆلیس، چونکە پۆلیس بێ دەسەڵاتە. برای شایان بەبێ سڵەمینەوە ناوی ئومێد و هێوری دایە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش، دوای کەمتر لە دوو کاتژمێر ئومێد دەستگیرکرا و هێور خۆی حەشاردا. مولازم زیاد کە بەمەی زانی بە پەلە خۆی گەیاندە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش، بەبێ ئەوەی سڵاو بکات و دابنیشێت، بە بەڕێوەبەرەکەی گوت: ئێوە بۆ دەست دەخەنە کاروباری پۆلیس، بۆ کێشەکە ئاڵۆز دەکەن؟ ئێمە بەرپرسین لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان، پاشان ئەم دۆسییەیە بە من سپێردراوە و لەلای منە، ئەوەتە سەرەداوێکمان دۆزیوەتەوە، ئێستا من دەمەوێت بزانم ئەو ئومێدە چ پەیوەندییەکی بەم ڕووداوە هەیە و کێ بە گرتنی داوە، ڕەنگە ئەمە بە تاکتیک بە گرتن درابێت و بە کێشەی تر تێکەڵاو بکرێت. بەڕێوەبەر پێکەنی و دەستێکی بە لۆچی چاکەتەکەی داهێناو کەمێک ورگە

خرپنەکەی شێلاو گوتی: جەنابی مولازمە فەندی مادام ئێوە بەرپرسن لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان، ئەی کاتی ڕووداوەکە لە کوێ خەوتبوون، ئەو هەموو پۆلیسەتان بەو شەقام و کۆڵان و گەڕەکانە بڵاوکردۆتەوە، بۆچی ڕێگەتان دا ئەم بکوژ و دزانە وا بە ئاسانی و بە بەرچاوی خەڵک پیاو بکوژن و ئۆتۆمبێل برفێنن و بۆی دەرچن، ئەم شارە هەمووی چوار شەقامی سەرەکی هەیە، ئەوانەتان کۆنترۆڵ کردبا دەرچوونیان زۆر زحمەت دەبوو. ڕووداوەکە لە باکووری شارە، کەچی ئێوە دەچن خەڵک لە باشووری شار دەگرن، ئەوە چ لۆژیکێکە ئێوە لەسەری دەڕۆن، هەر ڕووداوێک لە سەدا نەوەد پەیوەندی بە دەوروبەری خۆی هەیە، با پێت بڵێم، دەبێت ئەو کەسە، یان ناسیاوی بێت، یا شارەزای باشی ئەو کۆڵان و گەڕەکە بێت، هەروەها دەبێت زانیاری ئەوەیان هەبووبێت کەی پۆلیسی ئەو گەڕەکە پرسگە دادەنێن و کەی هەڵی دەگرن، کەواتە ئەگەر هەموویان هی ئەو گەڕەک و ناوچەیە نەبن، بێگومان یەکێکیان هی

ئەوێیە، ئەگەر نا لەسەر یەکێک لە شەقامەکان دەیانکوشت، ئەوەش کارێکی ئاسان نییە، لەبەر ئەوەیە جەنابی مولازم ئێمە دەستمان تێکەڵی ئەم دۆسیەیە کرد، چونکە زۆر بە ڕێکوپێکی ئەنجام دراوە، ئەمەش ترسێکی زۆری دروست کردووە، جا لەسەرت پێویستە زۆر بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەیت و لە هەموو وردەکارییەک ئاگادارمان بکەیتەوە، ئێستاش دەتوانی بچیت ئومێد ببینیت.

مولازم زیاد پێش بیست و شەش ساڵ ئەم شتانەی خوێندبوو، کە ئێستا گوێی لێ بوو، بەڵام بەسەر خۆی نەهێنا، بەدەم خوێندنەوەی مەلەفی ئومێد، بە پێپلیکانەکە ڕۆیشتە خوارەوە، جگە لە ڕۆژی لە دایکبوون و شوێنی دانیشتن و لایەنی سیاسی هیچی تری تێدا نە نووسرابوو، دەرگای زیندانەکەی بۆ کرایەوە و چووە ژووری، ئومێد بە فانیلەیەکی عەلاگە و پانتۆڵێکی قوماشی ڕەساسی، بە پێخواسی لە ژێر پەنجەرە

بچووکەکەی بان سەری وەستابوو، شان و ملی شین هەڵگەڕابوو.

مولازم هەرچەندە خۆی کەسێکی زۆر توند و لێهاتووبوو لەم حاڵەتانە، بەڵام ئەم جارە دڵی بە ئومێد سووتا، هەر لە خۆیەوە هەستی بەبێ تاوانی ئەم کوڕە دەکرد، مولازم گوتی: کاک ئومێد چۆنی؟ ئومێد هەردوو دەستی لە گیرفانی پانتۆڵەکەی بوو، بەبێ ئەوەی ئاوڕ لە مولازم بداتەوە گوتی: ئەوە دەمبینی، دوای کەمێک بێدەنگ بوون، پاشان ڕووی لە مولازم کرد و دەستی لە گیرفانی دەرهێنا، دەزانی ئەگەر من ئەو کارانەم کردبا و پارە بەم شێوەیە پەیدا بکردایە، ئەوە پێش دە ساڵ دەمکرد، چونکە ئەو کات شەو و ڕۆژ کرێکاریم دەکرد، ئیجا دەمتوانی بایی ژمێک خواردنی خێزانەکەم پارە بە دەست بێنم، نەک ئێستا کە وەک کوڕە پاشایەک دەژیم. مولازم زۆر بە هێمنی دانیشتبوو بەبێ ئەوەی هیچ جوولەیەک بکات، یان لە قسەکردن بیپچڕێنێت، وەک

ئەوەی ئەو زیندانی کراوبێت و ئومێد لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکات، چونکە پێی وابوو مرۆڤ لەم حاڵەتەدا لە نێوان شانازی بەخۆکردن و سووکایەتی پێکردن، ئامادەیە تەواوی وردەکارییەکانی ژیانی بدرکێنێت. ئومێد هەردوو دەستی خستەوە گیرفانی و لەبەردەم مولازم بە ڕێکی وەستا، گەورەم پێش ئەوەی جەنابت بپرسی چۆن لە کرێکارێکی ڕیسوا بووم بە کوڕە پاشا، ئەوە حەزدەکەم بەخۆم پێت بڵێم، لە ڕێگای ژنێکی عەرەبی خەڵکی بەغدا، دوای یەکتر ناسین و هاموشۆیەکی زۆر داوای لێ کردم، کە کاری لەگەڵ بکەم، کارەکەش ئەوەبوو، ئەو چوار پێنج ژنی جوان لە بەغدا بهێنێت و منیش بەڕێوەبەری کارەکانی بم، هەر لە دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوونەوە تا دروست کردنی پەیوەندی لە نێوان ژنەکان و ئەو پیاوانەی بەدوای ئەو ژنانەدا دەگەڕێن، دوای یەک ساڵ توانیم جوانترین ئۆتۆمبێل بکڕم، سەرەڕای ئەوەی هەر شەوێ لە باوەشی ژنێک بووم، کە پێشتر تەمەننای ئەوەم دەکرد یەکێک لەم

ژنانە بەس سەیرم بکات، جگە لەمەش ئەو ژنانەی خەڵک پێیان دەڵێن قەحپە، ئێستا دەزانم چەند لەو کەسانە دڵسۆزتر و بەشەرەفترن، کە من تەواوی ڕۆژ لە بەرەبەیانەوە تا خۆرئاوابوون کرێکاریم بۆ دەکردن، گەورەم لەگەڵ ڕێزم بۆ جەنابت، بەڵام زۆر کەس حەزی لێیە ئەم کارە بکات، بەس بۆی ڕێک ناکەوێت، لەبەر ئەوەش ئەو قسەیە دەکەم، چونکە ئەوەی من دەیناسم دێتە لای ئەو ژنانە، یان ئەو ژنانە دەباتە لای خۆی، با ناوەکانیش نەڵێم.

مولازم سەیری ڕوخساری ئومێدی کرد و خەیاڵیشی ڕۆیشتبوو، ئەو سەرە گەورەی ئومێدی لەبەر چاو ببوو بە خاڵێکی بچووک، پاشان هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی: تۆ دەزانی بۆ گیراوی؟ بەڵێ، چونکە گومانیان لەمن هەیە شایانم کوشتبێ، کەچی پیاوکوژەکان بە ئۆتۆمبێلی جام شکاو و گوللە بارانکراو کۆڵان بە کۆڵان دەسووڕانەوە، کەس نەبوو بڵێ ئەرێ برادەرینە خێرە

ئەو ئۆتۆمبێلە بۆ وایە؟ مولازم هەستی کرد ئەم قسەیە لەگەڵ قسەی بەڕێوەبەر وەک یەکن، بەڵام خۆی تێک نەدا، بە قەڵەمە سۆفتەکەی، بە خەتێکی خۆش لەسەر بەرگی مەلەفەکەی نووسی: لێکۆڵینەوە داخرا، بەڵام پێویستی بەچاودێرییەکی وردە.

مولازم گەڕایەوە بەڕێوەبەرایەتییەکەی لە ڕێگەی بڕواپێکراوانی هەواڵی تازەی بۆ هاتبوو، لەو کاتەش برای شایان هاتە لای مولازم، پرسیاری ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی کرد، مولازم پێی ڕاگەیاند ئەوانەی تا ئێستا دەسگیرکراون هەر لەژێر لێکۆڵینەوەدان، بەڵام سەرەداوی ترمان دۆزیوەتەوە، برای شایان ئەو هەواڵە خۆشەی گواستەوە بۆ ناسیاوەکانی، کە بەم زووانە بکوژەکان دەستگیر دەکرێن. بەیانی کاتژمێر هەشت هەواڵی کوژرانی مولازم زیاد لەبەردەمی ماڵەکەی خۆیان بڵاوبۆوە.

## نووسەری گەورە

سی ساڵ بوو خەریکی نووسین و بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی بوو، ناوە ناوە ژنەکەی لێی دەپرسی ئەرێ پیاوەکە ئەوە خەریکی چی بۆ ئیشەک بۆ خۆت نادۆزییەوە!

## پێنج چیرۆک لە ناو یەک چیرۆک

بە گاڵتە جگەرەیەکم کێشا، بوومە جگەرەکێشێکی بێ هاوتا. قومێکم لە حەشیشەدا، بوومە حەشیشەکێش. بە هەوەس درۆیەکم کرد، بوومە درۆزنێکی ناوازە. لەبەر خاتری برادەران دزییەکم کرد، بوومە گەورەترین دز. زۆر هەوڵم دا یەک جار بە بەرانبەرەکەم بڵێم تۆ ڕاست دەکەیت، نەمتوانی!

# دکتۆر بەلەگیانی

فەرەیدوون کاتژمێر هەشت لە عیادەی دکتۆر (بەلەگیانی)، کە تاکە دکتۆری نەخۆشی گشتی بوو، لە نزیک کەمپی پەنابەرەکان بێ دەنگ و پەشۆکاو دانیشتبوو، لەگەڵ هاتنی دکتۆر چووە ژوورەوە، بەبێ ئەوەی دکتۆر پرسیاری لێ بکات گوتی: دکتۆر لەگەڵ میزکردن زەکەرم ئازارێکی زۆری هەیە و دواتریش ئاوێکی زەردی پەیتی لێدێت و دەزووریێتەوە، دکتۆر بەلەگیانی سەیری مۆنیتۆرەکەی بەردەمی کرد، کەمێک بە بێ دەنگی دەستی بە سەری خۆی داهێنا و دەموچاوی بە هێواشی شێلا و پرسی: ئەمیر ئیسماعیلۆڤیچ و قەدری ئیسماعیلۆڤیچ و ئەسما ئیسماعیلۆڤیچ دەناسیت؟

فەرەیدوون بە سەرسوڕمانەوە گوتی: بەڵێ، قەدری ژنی ئەمیرە و ئەسماش خوشکیەتی خەڵکی بۆسنەن، بەڵام جەنابی دکتۆر ئەوانە چ پەیوەندی... پاشان قسەکەی گۆڕی و گوتی: بۆ ئەو پرسیارە دەکەیت؟ دکتۆر سەری بادا و نەیزانی چۆن بێتە ناو ناوەرۆکی بابەتەکەی و پێی بڵێت ئەوانیش هەمان نەخۆشیان هەبووە، لەلایەک ئەوە نهێنی خەڵکە، تەنیا ئەو وەک دکتۆرێک دەیزانێت و نابێت بڵاوبێتەوە، لەلایەکی تر ئەگەر قسە نەکات ناتوانێت هۆی بڵاوبوونەوەی ئەم ڤایرۆسە لە نێوان ئەم چوار کەسە بزانێت، ویستی لە فەرەیدوون بپرسێت، ئایا هۆمۆیە، دوایی هەر بەخۆی بیری کردەوە ئەگەر هۆمۆش بێت تەنیا ئەگەری ئەوە هەیە ئەمیر تووش بێت و ئەمیریش ژنەکەی تووش بکات، ئەی خوشکەکەی، ئەی ئەگەر برادەری خوشکی ئەمیر بێت و لەگەڵی خەوتبێ، ئەی ئەمیر و ژنەکەی چۆن تووشبوون؟! پاشان بیری کەوتەوە، کە ئەمیر پێش ئەو تووشی ئەم نەخۆشییە بووە و هاتۆتە لای بۆ چارەسەر، کەواتە

فەرەیدوون لە ئەمیری گرتۆتەوە، بەڵام چۆن؟! باوەڕیش ناکەم ئەمیر لەگەڵ خوشکەکەی چووبێتە جێگەوە! تا ئەو کوڕەی تووش کردبێت.

دکتۆر لە مێشکی خۆیدا نەگەیشتە هیچ ئەنجامێک، ناچار ڕووی لە فەرەیدوون کرد و گوتی: تۆ و ئەمیر و قەدری و ئەسما یەک جۆر نەخۆشیتان هەیە، ئەوجا نازانم ئێوە پەیوندی سێکسیتان لەگەڵ یەکدا هەیە؟

فەریدوون: دکتۆر بۆت باس دەکەم بەس تکایە ئەمیر نەزانێ، دوایی دەمکوژێ. من لەگەڵ خوشکی ئەمیر پەیوەندیم هەیە، بەڵام ڕۆژێک چوومە ژووان تەنیا قەدری لەوێ بوو، ئەسما سەفەری کردبوو، منیش بەنیازی ئەو ئیشە چووبووم، بە قەدریم گوت: ناتوانی ئەوشۆ تەرتیبی بکەیت، قەدری توڕەبوو ڕۆیشت، زۆر ترسام، بەڵام دوای کەمێک هاتەوە و گوتی: زوو وەرە کەس لە ماڵ نییە، ئیتر چووم ئیشی خۆم لەگەڵ کرد، بۆ بەیانی ئەسما هاتەوە، دیسان دەستمان پێکرد، بەڵام

وەک پێشتر خۆش نەبوو، ئیتر لەو ڕۆژەوە هەردووکمان ئازارمان هەیە لەو حاڵەتە! دکتۆر: سەیرکە شەیتانی بەراز، جەنابت وەک بەراز سواری ئەوانە بووی، بۆیە ئێوە سووزەنەکتان گرتووە، سپڵەی پیسینە.

## ئۆتکا پارک

لەبەر سێبەری دارگوێزێکی پارکی ئۆتکا لەسەر خۆ ڕووتکردنەوە یاری کۆنکانمان دەکرد، کە تەماشای بەرانبەرەکانم کرد، ئەوان خۆیان ڕووت بوون.

# چیرۆک

دەمویست لە سەر کەسە درۆزنەکان، ئەوانەی بەبێ ئەوەی گوێ بە هیچ بدەن و دەست دەکەن بە درۆکردن، تۆش و ئەویش باش دەزانن کە ئەوە درۆیە، گرینگ نییە بۆ درۆ دەکەن و لە چ بارەیەکەوە درۆ دەکەن، چیرۆکێک بنووسم، بەڵام یەکسەر خەیاڵێکی ترم بە مێشکدا هات، ئەو پیاوەی لە ناکاو دەگەڕایەوە ماڵەوە، لە کارکردن یاخود لە یانە و پیاسەکردن بووا، لە هیکڕا بیری بۆ ئەوە دەچوو پیاوێک لەلای ژنەکەی بێت، بە پەلە خۆی دەگەیاندەوە ماڵەوە. خەریکی چڕکردنەوەی ئەم چیرۆکە بووم، بیریشم لە ژنەکەی دراوسێمان دەکردەوە، لەو بەیانییانەی بە پرچی تەڕ بە دوای هەر هۆڕنێک دەهاتە دەرەوە، ناوە ناوەش بیرۆکەی ئەوەم بۆ دەهات کە لە سەر ئەو پەیوەندییە نامۆیەی نێوان مرۆڤە نزیک و جیاوازەکان بنووسم، بە تایبەتی ئەوانەی

نازانن بۆ هاوڕێن، دەمویست پەی بە هەقیقەتی ئەو ڕاستییە ببەم کە تەنیا من بە درۆی دەزانم، هەندێک جاریش هەستم دەکرد درۆ ڕاستییە و ڕاستیش درۆیە.

پاشان ئەمانەم ڕەشکردەوە و ویستم شتێک بنووسم نە گوترابێت و کەس هەستی پێ نەکردبێت، بۆ ئەوەی بیرکردنەوەکەم لە بیر نەچێتەوە تەسجیلە بچووکەکەم هێنا و پەنجەم بە دوگمە سوورەکەوە نا و گوتم:............

# کتێبخانە

دەمێک بوو دەمویست کتێبخانەکەم ڕێک بخەم و کتێبەکان بەپێی بەش و بوار و زمانەکان لێک جیا بکەمەوە، بەڵام نەدەوێرام خۆم بخەمە ژێر ئەم ئەرکە قورسەوە، چونکە ژمارەی کتێبەکان لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە هەر کتێبەی دەستت لێ دابا ئەوەندە سەرنجڕاکێش بوو، وەک موگناتیس بەدەستتەوە دەنووسا و نەتدەتوانی بە ئاسانی داینێیتەوە شوێنی خۆی. ئێ خۆ ناشکرێت واز لە کاری ڕێکخستنی کتێبەکان بێنیت، ئەوە زیاتر لە دە پازدە ساڵە چاوەڕێی ڕۆژێکی ئاوا دەکەم، بە هەرحاڵ پشووی ئەم هەفتەیەم بۆ ئەم کارە تەرخان کرد.

بەیانی زوو دوای کەمێک وەرزش، نانێکم بە خێرایی خوارد و چوومە ژووری کتێبخانە، بەڵام چ کتێبخانەیەک لەوانەیە لۆرییەک کتێب دەبوو، هەر کتێبێک لەلایەک کەوتبوو، پێش هەموو شتێک پیاڵەیەک چایەم هێنا و

جگەرەیەکم داگیرساند، بیرم لە نەخشەی دانانی کتێبەکان کردەوە، چونکە دەمزانی ئەگەر بە نەخشەیەکی ڕێکوپێک و کاتێکی زۆری بۆ تەرخان نەکەم، ئەوە دەرەقەتی ئەو هەموو کتێبە نایەم، چونکە تەنها من دەمزانی چ سیحر و هێزێک لە نێو ئەم کتێبانەدا هەیە و قورسایی ناوەرۆکەکانیان چ کاریگەرییەکی نادیار بەسەر مێشک و ڕۆح و بگرە جەستەش جێدەهێڵن.

نەخشەکەم بەم شێوەیە دانا:

سەرەتا لە فۆلکلۆر و داستان و ڕۆمان و چیرۆک و مێژوو و بابەتە هونەرییەکان و بیرەوەری و ئەو کتێبانەی دەربارەی پۆلەتیک و شەڕی کولتووری و زانستە تازەکان دەستم پێ کرد، چونکە ئەمانە وەک کتێبەکانی فەلسەفی و ڕەخنەیی و شیعر نین، هەر کە دەستت لێ دا ئیدی دەبێ بیخوێنیتەوە، هەر چەندە دیوانە شیعرییەکان باشتر بوون، بەتایبەتی ئەو دیوانانەی تایتڵەکانیان، یان چەند شیعرێکیان لێک دەچوو، بەیەکەوە وەک یەک دیوان دامدەنان، ئەوانەش کە چەند دیوانێک بوون بە چەند شیعرێکی نوێ دووبارە

چاپکرابوونەوە، شیعرە تازەکانم لێ دەکردەوە و لە دیوانە کۆنەکەم قایم دەکردەوە و ئەوەی تریشم فڕێ دەدا، لە هەمووی سەیرتر ئەوە بوو لە ناوەڕۆکی دیوانە شیعرییەکان جیاوازییەکی ئەو تۆ نەبوو لە نێوان ئەوانەی یەکەم دیوانیان چاپ کردووە، لەگەڵ ئەوانەی دە پازدە دیوانە شیعریان چاپ کردووە! بۆیە هەڵگرتنیان ئاسان بوو، هەندێکیانم سی سی و هەندێکیانم پەنجا دیوان پەنجا دیوان بەیەکەوە دادەنا.

باقی کتێبەکانی تر وەک فەرهەنگ و زمانەوانی و کۆمەڵناسی و ئینسایکلۆپیدیاکان و بابەتی تر وەک یۆگا و مەساج و خەوننامە و مەولوودنامەکان و هۆزەکان و حەیران و ئاژەڵداری و جوگرافیا و چەندان کتێبی تر بە پێی بەشەکان، ئەوە ئەوانەم لە ڕەفەی تایبەت دانا.

هەروەها بەر لەوەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان لێک جیاکەمەوە، بە تایبەتی ئەوانەی چەند تێمەیەکی قورس و جددیان تێدا بوو، جگەرەیەکم داگیرساند، هێشتا ئاگری چەرخەکەم نەکوژابۆوە، لە دەرگا درا، یەکەم جار زۆر نارەحەت بووم، چونکە کاتی میوان و ئەو شتانە

نەبوو، بەڵام کە بینیم دکتۆری هاوڕێمە، یەکسەر پەشیمان بوومەوە، چونکە هەم دنیاکەمان لێک نزیک بوو، هەم کاتی ئەوەش هاتبوو، کەمێک گفتوگۆ دەربارەی ئەدەب و ڕۆشنبیری ئەو وڵاتە و جیهان بە گشتی لەگەڵ کەسێک بکەم، هەم کاتی ئیسراحەتێکیش هاتبوو.

هەر کە دکتۆر گەیشتە ژووری کتێبخانەکەم، بە سەرسامییەوە پرسی: کوڕە کائینات، ئەوە چییە ئەو هەموو کتێبە؟ بە شەرەفم باپیری مارکسیش ئەوەندە کتێبەی نەبووە!

کەمێک کەیفم بەخۆم هات و جگەرەیەکەم دەرهێناو پێشکەشی دکتۆرم کرد؟ دکتۆر گوتی: وەڵا تەرکم کردووە، بەس قەیناکە دەی پێی دەکەم.

دکتۆر: بەڕاستی موجامەلەت ناکەم، بەڵام تۆ کەسێکی جیاوازی و ژیانی خۆت داوەتە کتێب، ئەوە عالەمی خۆتە، بەوە مرۆڤ دەتوانێ بژیێ.

سوپاس دکتۆر ئەوە تەنیا ڕۆشنبیرێکی وەک جەنابت هەست بە گرینگی کتێب و کەسانی ڕۆشنبیر دەکات، کەسانی وەک من وەک تۆن لایەنی جوانی ئەم کۆمەڵگایە دەردەخەن. باشە دەی، ئاو، قاوە، چایە، چ دەفەرمووی دکتۆر؟

دکتۆر: کوڕە ئەگەر پێکێک عارەق، یان بیرەیەکی سارد هەبێ باشە، ئەگەر نا چاو مای ناخۆم، بەو چایە حیزە، بە ژیانت ناتوانی تێکستێکی جوان بنووسی، دە دوو بیرەی سارد بخۆرەوە، بزانە دیدگات چۆن دەگۆڕێ؟

بە زۆر هەوڵم دا پێکەنین نەمگرێ: ببوورە دکتۆر، ئەگەر کاتی خۆی لە ئوستورالیا مەیت خورادبێتەوە، ئەگەر نا نەمدیوە زۆر بخۆیتەوە، مەگەر مانگێ بیرەیەک! بۆچی ئێستا وا شەیدای خواردنەوەی؟ دواتر بەم نیوەڕۆیە؟

دکتۆر: هههەه، وەکی ئەمن دەمخواردەوە، تۆ منداڵبووی، ببوورە کە وا دەڵێم، بەڵام ئێوە، مەبەستم ئەوانەی دەرەوەی ئەکادیمیایە، بە فشە سەیری بابەتەکان دەکەن، قەناعەت بکە جارێک لەگەڵ برادەرێک دانیشتبووم دەیگوت من لە مانگی ڕەمەزان مەی ناخۆمەوە و لە

کاتی بانگیش پێک لێ نادەم! دەزانی خەریک بوو مێشکم بتەقێ، تۆ سەیرکە ئەو جۆرە کەسانە چۆن دەتوانن دروست بیربکەنەوە، جیاوازییان لەگەڵ کۆلکە مەلایەک چییە؟

دکتۆر وابزانم مرۆڤەکان ئازادن لەوەی چۆن بیردەکەنەوە و چۆن هەڵسوکەوت دەکەن، باشتر نییە باسی خۆمان بکەین؟

دکتۆر: هەههه، ئەوە بە ڕاستیتە؟ کامە نووسەر ئازادە، کامە دەزانێ ئازادی چییە، بۆ ئەوان دەزانن بیرکردنەوەی ئازاد چییە؟ سەیری نووسینەکانیان بکە، بە شەرەفم شەرم دەکەم بیانخوێنمەوە، کوڕە خۆ ئەوانە بە ساڵ شتێک ناخوێننەوە، سوێندی ئەوە ناخۆم بابەتێکی ڕۆژنامە، یان گۆڤار، یان چەند لاپەڕەی کتێبێک، ڕەنگە کاتی خۆی لەبەر بێ ئیشی و نەبوونی هیچ کەناڵێکی تر و بەدیلێکی تر، یان لە سەردەمی هەڵاتن لە سەربازی، بە ناچاری چەند کتێبێکیان خوێندبێتەوە، بەڵام هەندێک هەن دەخوێننەوە، قومێکی لە جگەرەکەی دا و هەههه پێکەنی، بەس هیچی لێ

فێرنابن، بە بڕوای من ئەوانە غەدر لە خۆیان و منداڵەکانیشیان دەکەن، خۆیان تووشی ئەو وەزعە کردووە.

زۆر توڕەبووم: باشە دکتۆر کەوایە، با منیش لە جەنابتان بپرسم و بزانم ئێوە لەو پازدە بیست ساڵەی لە ئوسترالیا بە قسەی خۆتان خەریکی خوێندن بوونە، چی فێربوونە و بەرهەمتان چییە؟ یان بڵێین ئێوەی ئەکادیمی پەیامتان چی بووەو بۆ چی بووە؟ بۆ مووچە، خۆ دەرخستن، پلە، یان بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگا؟ لە کامە بوار پسپۆڕن و دەتوانن دوو کاتژمێر بە جددی قسە بکەن، دواتر ئێوە بە هەمان شێوە ناخوێننەوە، بە بەڵگەی ئەوەی ئێوە دوو دەوامتان هەیە و شەوانیش لە دەرەوەن؟

دکتۆر سوور هەڵگەڕا و جگەرەکەی دەستی کەوتە خوارەوە و قەنەفەکەی کونکرد، بە پەلە هەڵیگرتەوە و ڕۆیشتە لای کتێبەکان و گوتی: دەزانی ئاستی ڕۆشنبیری ئەو کەسانەی گفتوگۆیان لەگەڵ دەکەی

مەرجێکی گرینگە. بۆ نموونە، ئێوە لەو کتێبخانە گەورەیە چەند کتێبتان خوێندۆتەوە؟

پرسیارێکی زۆر ئیزعاج بوو، زۆر لە وەڵامەکە دوودڵ بووم، بەڵام دڵنیابووم پرسیاری هەموو کتێبەکانم لێ ناکات، بۆیە گوتم: بەڵێ دکتۆر هەموویم خوێندۆتەوە، دکتۆر: هههههه، ئێ باشە خۆ جەنابتان ئینگلیزی نازانن چۆنت خوێندوونەتەوە؟

باشە دکتۆر خۆ ئێوەش، ڕووسی و فەڕەنسی و ئیسپانی و فارسی نازانن، چۆن وەک سەرچاوە بەکارتان هێناوە؟ پاشان بۆ کتێب لە زمانی عەرەبی وەردەگێڕن و دەنووسن لە ئینگلیزییەوە؟!

دکتۆر تەواو دەماری گیرا، بەڵام ویستی خۆی هێمن بکاتەوە، ئینجا بە هێواشی گوتی: تو خودا گوناح نییە، ئێوە ئەو هەموو کتێبەتان بەلاش لەو ژوورە زیندانی کردووە، هەر نا لە دەرەوە کەسێک دەیخوێندنەوە و دوو وشەی لێ فێر دەبوون؟

باشە دکتۆر ڕایەکی زۆر جوانە، ڕەنگە من کۆمەڵێک کتێبم زیندانی کردبێ و زیانم لە خۆم دابێ بە کڕینی ئەم کتێبانە و سوودیشم بۆ کۆمەڵگاکەم نەبووبێ، بەڵام ئێوە جگە لەوەی بڕوانامەکەتان بە یارمەتی ئەملاو ئەولا و بەخشینی پاداشت وەرگرتووە، زیانیش لە کۆمەڵگا دەدەن بە:

یەکەم: مووچەی زۆر و بەرهەمێکی کەم.

دوو: فێرکردنی قوتابیان بە زانست و زنیاری هەڵە.

سێ: شێواندنی کتێبخانەی کوردی بە وەرگێڕانی هەڵە و گواستنەوەی زانیاری لە دەستی دوو، یان سێ.

سەرەڕای هەموو ئەمانە مرۆڤی ڕەزیل و وشک و دڵڕەق ناتوانێ ببێتە ڕۆشنبیرێکی پێگەیشتوو. دکتۆر چاوی سور هەڵگەڕا و شەقێکی لە ڕەفەی سەرەوەدا، کە ڕەفەی دیوانە شیعرییە کلاسیکییەکان بوو، هەمووی فڕێدا خوارەو گوتی: ئاخر بۆیە مرۆڤی لای ئێمە فێری هیچ نابێت، ئەو کتێبە سەقەت و قۆڕانە دەخوێنێتەوە، ڕەفەی دووەم کە هی ڕۆمانە وەرگێڕدراوەکان بوو،

ئەوانیشی خستە خوارێ و گوتی: ئەدی ئەو وەرگێڕە سەخیفانەت بە دڵە؟ غارم دا دەستی بگرم، وایزانی لێی دەدەم، یەک بۆکسی کێشا بە دەموچاومدا، چارەم نەما، مەرکانێک لەوێ بوو هەڵمگرت و لە تەپڵی سەری دکتۆرم دا و کەوتمە سەری و بووە شەڕێکی سەخت، کتێبخانەکە بە هەموو کتێبەوە کەوتە خوارەوە و مێزەکەی ناوەڕاست شکا. لەگەڵ وەشاندنی کتێب بۆ یەکتری، دوو سێ جامی پەنجەرەی ژوورەکە شکا، لەم ناوە منداڵەکان قیژەیان لێ دا و هاواریان بۆ هاوسێکان برد. مام سمایل پێش هەموو کەس گەیشتە سەرمان، چونکە بەردەوام لە پێش دەرگادا خەریکی باخچە بچکۆلەکەی بەردەرگایان بوو، هەروەها ئاگای لە هەموو شتێکی گەڕەکەکەش بوو.

مام سمایل: کوڕە هەی خودا بتانگرێ ئەوە ئەو شەڕەتان لەسەر چییە؟ شانی دکتۆری گرت و ڕایکێشایە دەرەوە، کەچی دکتۆر کە خوێنی دیت غاری دا ژوورێ و پەلاماری دامەوە، یەک دوو بۆکسی ترمان لە یەکتری دا، مام سمایل گەیشتەوە لامان و گۆپاڵەکەی سەراوبن کرد، گوتی: زینام لەگەڵ دایکێ خۆ کردبی

ڕانەوەستن هەموو سەر و گێلاکتان بەو گۆپاڵە دەشکێنم، هەی بێ مێشکینە ئەوە لەسەر چییە ئەوها وەک سەگ تێک بەربووینە، میراتە یا لەسەر ژنانە؟ ڕووی لە من کرد و گوتی: ئەوە چییە مامۆستا وامزانی جەنابت پیاوێکی زیرەک و تێگەیشتووی و برادەرایەتی پیاوی چاک دەکەی، نەمزانی برادەری پیاوی نەزان و شەڕاوی!

دکتۆر بەسەری بە خوێنەوە ڕووی لە مام سمایل کرد: مامە بەو شێوازە قسە لەگەڵ مندا مەکە ناتناسم، مام سمایل ڕووی لەمن کرد و پرسی ئەوە چی گوت ئەو فیتە زەلامە؟ مامە ئەو دەڵێ با قسەی ناشیرین بە من نەڵێ خۆ نایناسم.

مام سمایل: وەڵا ئەوە خۆشە، کوڕم ئەگەر ئەوەندە پیاوی بۆ ئەو سەر و کەللە ناشیرینەت ئەوهای لێ هاتییە، کەس لە میوانداری بەشەڕ هاتییە هەی کەرە پیاو، خۆ ئێستا لە خوای نەترسێم بەو گۆپاڵەی دەتکەمە پیاوێک فێربی بە حەیاتت شەڕی لەگەڵ کەس نەکەی، بڕۆ جارێکی دی لەو گەڕەکەی نەتبینمەوە. پاشان

ڕووی وەرسوڕاندە لای من و گوتی: تۆش مامۆستای پۆز لێدەر وەکی بە کۆلانێ تێدەپەڕی وادەزانی کەس لە دنیایێ نییە جەنابت نەبێت، سەلام لە کەس ناکەی، لەمێژە دەمویست دوو قسەت لەگەڵ بکەم بەس پێم عەیب بوو، چونکە دەمدیت ئێواران لە ناو باخچەی ماڵەکەت بە کراس و بێجامە حیزەکەت دادەنیشتی هەتا پەڕێکت لەو کتێب و متێبۆکانە دەخوێندەوە سێ چار پەرداخت لەو شتە پیسە دەخواردەوە، دەمزانی دەگەینە ئەو ڕۆژە، بۆ خۆت کارێک بکە واز لەو شتە قوۆڕانە بێنە، پیاوبە و پیاوانیش بناسە.

**2014 / 5 / 15**